عەلی عەبدوڕازق

# ئیسلام و
# بنەماکانی فەرمانڕەوایی

## توێژینەوەیەکە دەربارەی جێنشینی
## و فەرمانڕەوایەتی لە ئیسلامدا

وەرطێڕانی
باوکی ذیار

ناونیشانی ئەسڵی کتێبەکە:
الأسلام و أصول الحكم
علي عبدالرازق
بحث في الخلافة و الحكومة في الأسلام
يليه
مذكرة الشيخ علي عبدالرازق
ردا على الملاحظات السبع التي وجهتها اليه
هيئة "كبار العلماء" بالأزهر ، و حكمها في كتاب
"الأسلام و أصول الحكم"

دار المعارف للطباعة و النشر . سوسة – تونس


- ناوی کتێب: ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی .
- ناوی نوسەر: عەلی عەبدورازق .
- ضاثخانەی: دار المعارف للطباعة و النشر . سوسة – تونس
- وەرطێڕ: باوکی ذیار


(( بسم الله الرحمان الرحيم ))

عەلی عەبدورازق

# ﴿ ئیسلام و بنه‌ماكانی فه‌رمانڕه‌وایی ﴾

لێكۆڵینه‌وه‌یه‌ك ده‌رباره‌ی جێنشینی و فه‌رمانڕه‌وایی له‌ ئیسلامدا

ئاشكۆ
ڕوونكردنه‌وه‌ی عه‌لی عه‌بدوڕازق
وه‌ڵام دانه‌وه‌یه‌ك بۆ ئه‌و حه‌وت تێبینیه‌ی
كه‌ (ده‌سته‌ی گه‌وره‌ زانایانی ئه‌زهه‌ر) ڕووبه‌ڕووی ئه‌رتوكی
(ئیسلام و بنه‌ماكانی فه‌رمانڕه‌وایی)یان كردبۆوه‌ و بڕیاریان له‌سه‌ر دابوو

پێشه‌كی ئه‌رتوكی
(ئیسلام و بنه‌ماكانی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی)

**دانی پێدا ده‌نێم كه‌ هیچ خوایه‌ك جگه‌ له‌ (الله) نیه‌، به‌نده‌یی جگه‌ له‌و بۆ هیچ كه‌س ناكه‌م، له‌ كه‌سیتر ناترسم جگه‌ له‌و، هێز و سه‌ربه‌رزی هه‌ر هی ئه‌وه‌، جگه‌له‌ ئه‌و بێده‌سه‌ڵات و داماوه‌، بۆ ئه‌وه‌ سوپاسگوزاری له‌ سه‌ره‌تاوه‌ تا كۆتایی، ئه‌و به‌رپرسه‌ و چاكترین له‌ئه‌ستۆگر.**

**دانی پێدا ده‌نێم كه‌ محه‌مه‌د نێردراوی خوایه‌، ناردویه‌تی وه‌كو دانپیانه‌رێك و مژده‌به‌خشێك و ئاگاداركه‌ره‌وه‌یه‌ك، بانگه‌وازكارێك بۆ خواوه‌ند (الله) به‌ ڕه‌زامه‌ندی خۆی و چرایه‌كی ڕووناكه‌. درودی خوا و فریشته‌كانی له‌سه‌ربێ له‌گه‌ڵ سڵاوی خوا و سڵاوی بێشومار.**

**خۆزگه‌ دادوه‌ری له‌ دادگاكانی میسردا به‌پێی په‌یڕه‌وپڕۆگرامی ئیسلام (الشرع) بوایه‌، له‌ ساڵی (1333ك) به‌رامبه‌ر (1915ز) ئه‌مه‌ش هانیدام كه‌ لێكۆڵینه‌وه‌ بكه‌م ده‌رباره‌ی مێژووی دادوه‌ری له‌ په‌یڕه‌وپڕۆگرامی ئیسلامدا (الشرع). كه‌ دادوه‌ری به‌هه‌موو شێوه‌كانیه‌وه‌ به‌ لقێك له‌ لقه‌كانی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی داده‌نرێت، مێژووه‌كه‌شی به‌سراوه‌ته‌وه‌ به‌یه‌كه‌وه‌ به‌شێوه‌یه‌كی گه‌وره‌ وبه‌رچاو، هه‌روه‌ها دادوه‌ری له‌ په‌یڕه‌وپڕۆگرامی ئیسلامدا پایه‌یه‌كه‌ له‌ پایه‌كانی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی ئیسلامی، هۆبه‌یه‌كه‌ له‌ هۆبه‌كانی، له‌به‌ر ئه‌وه‌ هه‌ركاتێك و هه‌ركه‌سێك بیه‌وێت ده‌رباره‌ی مێژووی ئه‌و دادوه‌ریه‌ بكۆڵێته‌وه‌ ده‌بێ له‌ پایه‌ی یه‌كه‌مه‌وه‌ ده‌ستپێبكات، مه‌به‌ستم فه‌رمانڕه‌وایه‌تییه‌ له‌ ئیسلامدا.**

**بنه‌ڕه‌تی هه‌موو فه‌رمانڕه‌وێك له‌ ئیسلامدا جێنشینه‌ (خلیفه‌)یه‌ و پێشه‌وای گه‌وره‌ (الامام) -وه‌كو ده‌ڵێن- له‌به‌رئه‌وه‌ ده‌بێت لێیبكۆڵرێته‌وه‌ و توێژینه‌وه‌ی له‌باره‌وه‌ بكرێت.**

**ماوه‌ی چه‌ند ساڵێكه‌ ده‌ستم كردووه‌ به‌ لێكۆڵینه‌وه‌ له‌وانه‌ هه‌مووی، ئێستاش پاش ئه‌وه‌ی له‌ پله‌كانی یه‌كه‌می لێكۆڵینه‌وه‌كه‌دام، په‌یم به‌دووری ئه‌م كۆششه‌ نه‌بردووه‌ ته‌نها به‌م په‌ڕاوانه‌ نه‌بێت، كه‌ به‌شه‌رمه‌وه‌ پێشكه‌شتانی ده‌كه‌م، بۆ ئه‌وانه‌ی ئه‌م باسه‌یان مه‌به‌سته‌.**

**مێژووی دادوه‌ریم كردوه‌ به‌ ده‌سپێكی لێكۆڵینه‌وه‌كه‌م، تیایدا كۆمه‌ڵێك له‌وه‌ی بۆی چووم ده‌رباره‌ی جێنشینی و بیرۆكه‌ی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی له‌ ئیسلامدا. واشی ده‌رناخه‌م كه‌ من توانیومه‌ هه‌موو لایه‌نه‌كانی لێكۆڵینه‌وه‌كه‌م**

**کۆکردبێتەوە لێرەدا، نەشمتوانیوە پارێزگاری کەمێك لە گشتگیری بکەم لە زۆربەی بابەتەکاندا بەڵکو لەوانەیە لەلام بەس بووبێت هەندێکجار بە ئاماژەپێکردنێك لەوانەشە لایەنەکەشیم لە هەندێك خوێنەر شاردبێتەوە، بەدەرخستنیشی لەوانەیە بەڵگەکانیان لەدەست بچێت، بە خستەنەپاڵیش لەوە دەچێت کە لەلایان ببێتە مەتەڵ، بەگریمانیش لەوانەیە وای دابنێن ڕاستییە ، بەڕاستیش لەوانەیە بەگریمانی دابنێن.**

**منیش هیوادارم -کە خواوەند ویستی لەسەربێ بە بەردەوام بوونی لێکۆڵینەوەکە- کە خۆم هەست بەو کەموکوڕییە بکەم کە دەیزانم لەم پەڕاوانەدا. وەگەرنا ئەوا لەبەردەستی لێکۆڵەرەوەکاندا جێ پێیەك بەجێ دێڵم کە بەڵکو شتێك لە بیروڕای ڕاستەقینەی تێدا بەدی بکەن، بەڕاستیش وێکنەچوونێك لە ڕێچکەکاندا هەیە. بەڵکو بناغەیەکی چاکی تێدا بەدی بکرێت بۆ ئەوانەی دەیانەوێ دەست پێ بکەن، دەربڕینێکی ڕوون و ئاشکرا بێت کە لەوانەیە ڕێ بەدیکەرێك بێ بۆ ڕێبوار و بەرەو شوێنە ڕاستەقینەکان.**

**پاش ئەوەش ئەم پەڕاوانە بەرهەمی ئەم کارەن کە تا ئەوپەڕی توانای خۆم کۆششم بۆ کردووە، لە پێناویدا چەند ساڵێکم بەسەربردووە. ئەو ساڵانەش بەدوای یەکدا زۆر سەخت بوون، بەدوایدا سەرقاڵیەك، کە تێکەڵاوی هەموو جۆرە خەموپەژارەك بوو، پیاڵەکانی لێوانلێو بوون لە ئازار. بمتوانیایە ڕۆژێك کاری تێدابکەم بەدوایدا چەندڕۆژێك ڕووداوەکان لێی دووردەخستمەوە، دەگەڕامەوە سەری بۆ ماوەی مانگێك بەڵام لێی دادەبڕام چەند ساڵێك، زیادەڕۆیی نیە گەر بڵێم هیچ کارێك نەهاتووەتە بەردەستم ویستی تەواوکردنیم لێ نەکردبێت، دەبوایە ووردەکاریم تێدا بکردایە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەمووی ئەمە لوتکەیەکە ئەم لێکۆڵینەوەی پێگەیشتووە، هەموو توانای خۆمم بۆ خستۆتەکار (خوای گەورە ئەرك نادات بەسەر هیچ کەسێکدا لەوە زیاتر کە لە توانایدایە، ئەوەی دەستی دەکەوێت لەپاداشت هی خۆیەتی و ئەوەی لەسەری دەکەوێت هەرخۆی بەرپرسیارە. خوایەگیان لێمان مەگرە لەوەی لەبیرمان چووە و بەهەڵەداچووین. خوای گەورە ئەو بارەگرانەش مەدە بەسەر ئێمەدا کە داوتە بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا، خوای گەورە لەوەش زیاتر مەدە بەسەرماندا کە لە تواناماندا نییە، لێمان ببوورە، لێمان خۆش ببە، بەزەییت پێماندا بێتەوە، تۆ سەروەرمانیت و سەرمانخە بەسەر کۆمەڵی بێباوەڕاندا).**

عةلی عةبدورِازق

لة شاری (منصورة) رؤذی ضوارشةممة بةرامبةر (7) ی رةمةزانی سالَی (1343ك) يةكی نيسانی سالَی (1925 ز)

# پەڕتوکی یەکەم
# جیێنشینی و ئیسلام

## بەندی یەکەم
## سروشتی جیێنشینی

1-جيَنشينی لـة زمانةوانيدا. 2-لةشيَوةی دارِشتندا. 3-بـةواتای جيَنشينی لـةبری ثيَغةمبـةر (د.خ). 4-هؤی ناونانی جيَنشيـــن. 5-مـــافی جيَنشيـــن لـــة بيرورِايانـــدا.
6-جيَنشينی لةلايان بةسراوةتةوة بة دةستووری ئيسلامـةوة. 7-جيَنشينی و ثاشايةتی. 8-جيَنشين لـةكويَوة دةسةلآتی

دةستكةوتووة؟ 9-دةستكةوتني دةسةلآت لةخواوة.10-دةسكةوتني دةسةلآت لةطةلةوة. 11-دةركةوتني ئةم جياوازية لةنيَوان زاناياني رؤذئاوادا.

**1-جێنشینی له زمانه‌وانیدا (چاوگه=مصدر) له جێنشینیی که‌سێکه‌وه بۆ که‌سێکیتر که به‌دوایدا بێت، ئه‌گه‌ر که‌سێك له‌دوای که‌سێکه‌وه بێت، یان ئه‌گه‌ر له جێگه‌یدا دانیشت. ده‌وترێت که‌سێك له‌جێگه‌ی که‌سێك له دوای ئه‌و هه‌ڵده‌ستێت به فه‌رمانێك له‌جیاتی ئه‌و، یان له‌گه‌ڵیدا یان له دوای ئه‌و. خوا فه‌رموویه‌تی (ئه‌گه‌ر بمانویستایه فریشته‌مان داده‌نا له‌بری ئێوه له‌سه‌ر زه‌وی تا جێنشینتان بن - زخرف). جێنشین له‌جێگه‌ی که‌سێکیتر، یان له‌کاتی ئاماده نه‌بوونی ئه‌وکه‌سه‌ی که له جێگه‌ی دانیشتووه یان مردنی یان له‌به‌ر پیری و په‌ککه‌وته‌یی تاد. جێنشینه‌کان کۆی جێنشینیێکه، جێنشینییه‌کان کۆی جێنشینییه، جێنشین ده‌سه‌ڵاتداری گه‌وره‌یه (المفردات في غريب القران للاصفهاني).**

**2-جێنشین له زمانی موسوڵمانانه‌وه، پێشه‌وا هاوتایه‌تی، ئه‌وه‌ش (سه‌رکردایه‌تیکردنی گشتی له فه‌رمانڕه‌وایی ئایین و ژیان له جێگای پێغه‌مبه‌ر (د.خ) - الجوهره ل242 عبدالسلام).**

**ئه‌م وته‌یه‌ی** بةيزاوى **له‌مه نزیك ده‌بێته‌وه که ده‌ڵێ: پێشه‌واییکردن بریتیه له جێنشینی که‌سێك له‌بری پێغه‌مبه‌ر (د.خ) له ڕاگرتنی یاسا ئیسلامیه‌کان و پاراستنی ڕێباز و نه‌ریتی ئیسلامی، به‌شێوه‌یه‌ك که پێویسته له‌سه‌ر هه‌موو گه‌ل شوێنی بکه‌ون** (البيضاوي ناصر الدين أبو سعيد عبدالله أبن عمر بن محمد الشيرازي).

**ڕوونکردنه‌وه‌ی ئه‌مه‌ش ئه‌م وته‌یه‌ی** ئيبن خةلدونة **که ده‌ڵێ: جێنشین بریتیه له شاندانه به‌ر هه‌موو شتێك له دادگا یه‌کلاکه‌ره‌وه‌که‌ی په‌یڕه‌وپڕۆگرامی ئیسلامی (الشرع)، به‌رژه‌وه‌ندیه‌کانی ژیانی دوای زیندوبوونه‌وه، ژیانی ئه‌م دنیایه‌ش که ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ژیانی دواڕۆژ، که هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی له ژیانی ئه‌م دنیایه‌دا له‌لای په‌یڕه‌وپڕۆگرامی ئیسلام هه‌مووی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ دانانی به‌رژه‌وه‌ندی ژیانی دوای زیندوبوونه‌وه، ئه‌مه‌ش له ڕاستیدا جێنشین له‌جێگای خاوه‌نی په‌یڕه‌وپڕۆگرامی ئیسلام له پاراستنی ئایین و ڕامیاری جیهان پێی هه‌ڵده‌ستێ** (مطالع الأنصار على طوالع الأنوار).

**3-له‌لایان ڕوون و ئاشکرایه که جێنشین له پله‌وپایه‌دا له جێگای پێغه‌مبه‌ردا (د.خ) داده‌نیشێت، پێغه‌مبه‌ریش (د.خ) له ژیانی خۆیدا هه‌ڵده‌ستا به ئه‌نجامدانی کاروباره‌کانی ئه‌م ئایینه، که له‌لایه‌ن خواوه‌ندی مه‌زنه‌وه پێیده‌گه‌شت، ئه‌میش جێبه‌جێکردنی له‌سه‌ر بوو له‌گه‌ڵ پاراستنی، هه‌روه‌ها ڕاگه‌یاندنیشی له‌سه‌ر بوو له‌لایه‌نی خواوه‌ندی گه‌وره‌وه، هه‌روه‌ها بانگهێشتی خه‌ڵك بۆ ڕێبازه‌که‌ی خوا.**

**له‌لایان وابوو که خوای گه‌وره و میهره‌بان هه‌روه‌کو چۆن موحه‌ممه‌د (د.خ) هه‌ڵبژاردووه بۆ بانگه‌وازی هه‌ق و ڕاستی، گه‌یاندنی به‌رنامه‌ی پیرۆزی ئیسلام به‌هه‌موو خه‌ڵك به‌گشتی، هه‌روه‌هاش ده‌ستنیشانی کردووه بۆ پاراستنی ئه‌م ئایینه و ڕامیاریکردنی ئه‌م جیهانه به‌و.**

**4-ئه‌وه‌ی هه‌ستا به‌م کاره ناویان لێناوه (جێنشین و پێشه‌وا، ناو لێنانی به پێشه‌وا شوبهاندنی به پێش نوێژ له نوێژدا، له شوێن که‌وتن و چاولێکردنی، ناو لێنانی به جێنشین له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌پاش پێغه‌مبه‌ر (د.خ) هاتووه، جیاوازی هه‌یه له‌وه‌ی که جێنشینی خوا بێت، هه‌ندێك ڕێگه‌یان داوه وه هه‌ندێکیش ڕێگه‌یان نه‌داوه به‌وه** ئةبوبةكر **نکۆڵی له‌وه کردووه که پێی بڵێن جێنشین، ووتویه‌تی من جێنشینی خوا نیم به‌ڵام جێنشینی پێغه‌مبه‌ری خوام (د.خ) - مقدمه ابن خلدون ص181).**

5–جێنشین لەلایان دادەنرێت لەناو كۆمەڵدا لەجێگای پێغەمبەر (د.خ) لەناو موسوڵماناندا، فەرمانڕەوایی گشتی هەیە بەسەریانەوە، گوێڕایەڵی تەواوی هەیە، دەسەڵاتی گشتگیری هەیە، هەروەها مافی هەیە هەستێت بە جێبەجێكردنی ئایینەكەیان و هەستێت بە سنووردانان بۆی، پەیڕەوپڕۆگرامی ئایینی ئیسلام جێبەجێ بكات، هەروەها بۆی هەیە وەكو تاكە كەس هەستێت بە كاروباری ژیانی ئەم جیهانەیان. لەسەریانە بەڕێزەوە خۆشیان بوێت بەگشتی لەبەر ئەوەی جێنشین جێگرەوەی پێغەمبەری خوایە (د.خ)، وە هەركەسێك بەرز بووەوە بۆ ئەو جێگایە، ئیتر گەیشتووەتە جێگایەك كە ئیتر هیچ شتێك لە دروستكراوەكانی خوا نایگاتێ و لەسەرویەوە نیە. لەسەریانە ڕێزی لێبگرن لەبەر ئەوەی درێژەدەرە بەڕێبازی پێغەمبەری خوا (د.خ)، لەبەر ئەوەی هەستاوە بە جێبەجێكردنی ئایینی خوا، دەستی بەسەردا گرتووە، دڵسۆزە لە پاراستنی. ئایین لەلای موسوڵمانان بەنرخترین شتە لەم بوونەوەرەدا، هەركەسێ كاروباری ئایین بگرێتە دەست ئەوە گرنگترین و بەنرخترین شتی لەم ژیانەدا گرتووەتە دەست.

لەسەر موسوڵمانە گوێڕایەڵی بن و جێ فەرمانی بن (بە ئاشكرا و بە نهێنی –حاشیه الباجوری علی الجوهره) لەبەر ئەوەی گوێڕایەڵی پێشەوایان لە گوێڕایەڵیەكانی خوایە، سەرپێچی كردنیان لە سەرپێچی كردنەكانی خوا یە – العقد الفرید لابن عبد ربه ج1 ص5.

بەم شێوەیە ئامۆژگاریەكانی پێشەوا و گوێڕایەڵی پێویستە و ئەركێكی پێویستە، فەرمانێكی ڕەوایە، باوەڕی باوەڕدار تەواو نابێ تاوەكو باوەڕی بەو نەبێ، ئایینی ئیسلام جێگیر نابێ بەئەو نەبێ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بە كۆی ئەم ووتانە دەسەڵاتدار جێنشینی پێغەمبەری خوایە (د.خ)، هەروەها پارێزەری خوایە لە وولاتیدا، سێبەری خوایە لەسەر بەندەكانی، وە هەركەسێك سێبەری خوا بێت لەسەر زەوی و جێنشینی پێغەمبەری خوا بێت (د.خ) ئەوا لێپرسراوێتیەكەی گشتی و سەرتاپا گیرە، وەكو لێپرسراوێتی خوا و لێپرسراوێتی پێغەمبەری مەزن (د.خ) – بەشێك لە ووتاری جێنشینی عەبباسی مەنسور لە شاری مەككەدا : ئەی خەڵكینە من دەسەڵاتداری خواوەندم لەسەر زەوی، فەرمانڕەواییتان دەكەم بە یارمەتی ئەو بەپشتگیری ئەو، پاسەوانم بەسەر داراییەوە، كار دەكەم بە ویست و خواستی ئەو، بە فەرمانی ئەو دەبەخشم، خوا بەسەر ئێوەوە كردومی بە قفڵێك گەر بیەوێ بمكاتەوە دەكرێمەوە بۆ بەخشش و دابەشكردنی ڕۆزی، وە ئەگەر ویستی دامبخات لەسەری دادەخرێم  تاد – العقد الفرید ج 2 ص179.

لەمەوە زیادەڕۆیی نییە بڵێین بۆی هەیە مافی فەرمانڕەوایی لە (گەردنی خەڵك و ماڵ و دارایی و سامانیان – طوالع الأنوار و شرحه مطالع الأنصار ص470)، بە تەنها بۆ ئەوە فەرمان كردن و قەدەغەكردن، تەنها بەدەستی ئەوە جڵەوی كۆمەڵگا، تاوتوێكردنی هەموو كاروبارە گەورە و بچوكەكانیان. هەموو لێپرسراوێتییەك جگە لەو لەوەوە وەردەگیرێ، هەموو فەرمانبەرییەك لە خوارەوەیە بەشێوەی هەرەمی و لەژێر دەسەڵاتی ئەودا یە، هەموو هەنگاوێكی ئایینی و ژیانی ڕۆژانە لە پلەوپایەی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ (لەبەر ئەوەی پلەوپایەی جێنشین گشتگیرە لەسەر ئایین و ژیانی ئەم جیهانە – أبن خلدون ص223) هەر وەكو ئەوەی پێشەوا و گەورە و، بناغەی گشتییە، ئەمانە هەموو لەوەوە سەرچاوە دەگرن، لە ئەودا هەن، لەبەر گشتگیری لەبەرچاوگرتنی جێنشین، لە جێبەجێكردنی هەموو كاروبارەكانی گەل لە ئایین و ژیانیاندا، پیادەكردنی پەیڕەوپڕۆگرامی ئایینی ئیسلام لەناویاندا و بەسەر هەمووواندا – أبن خلدون ص 207.

جێنشین هیچ هاوەڵێكی نییە لە فەرمانڕەوایەتیدا، بۆ كەسی تر نییە لێپرسراوێتی بەسەر موسوڵمانانەوە، جگە لە

**لێپرسراوتیەك كە لەلایەن دەسەڵاتی جێنشینەوە درابێت، یان لەڕێگەی بریكاری جێنشینەوە، كارمەندانی وڵاتی ئیسلامی هەریەكەیان ئەركێكی بەسەردا دراوە لە فەرمانی موسوڵمانان لە ئایین و ژیانیاندا لە وەزیر و داوەر و دادپرس و فەرماندار و بەرپرس و كەسانی تر، هەموو ئەم بریكارانە هی دەسەڵاتدارن و لەجێگەی ئەون. ئەو خۆی بەتەنها خاوەن دەنگە بۆ هەڵبژاردنیان و لادانیان، لە بەخشینی لێپرسراوێتی بەسەریاندا، پێدانی دەسەڵات بەوبڕەی كە دەیەوێت، بەو سنوورەی كە خۆی دەستنیشانی دەكات.**

**6–لەوانەیە لە پێناسەكردنی جێنشیندا و لێكۆڵینەوەكانیاندا دەركەوێت كە ئەوان جێنشین دادەنێن لە دەسەڵاتدا بەسراوەتەوە بە سنوورەكانی پەیڕەو پرۆگرامی ئیسلامەوە و لێی دەرناچێت، ئەویش بەبێ گومان داوالێكراوە كە موسوڵمانان بە یەك ڕێگای دیاریكراودا بیات لەنێوان ڕێگاكانی تردا، وە ئەوەش ئەو ڕێگا ڕوون و ئاشكرایەیە بەبێ ناواخن و پەردەپۆشی، ڕاستە و هیچ لاریەكی تیا نییە. هەروەها پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلامی پیرۆزیش مەبەست و ئامانجەكانی ڕوون و ئاشكرا كردووە، شارستانی خۆی تێدا بنیات ناوە، لەسەرەتاوە و پلەبەپلەی ڕاخستووە، پێچ و پەنا و قوشبنەكانی ڕووناك كردۆتەوە، هەروەها جێگا و ڕێگەی دیاریكردووە بۆ شوێنكەوتووانی، بۆ ئەوانەی بەم ڕێگایەدا دەڕۆن هەنگاوەكانی یەكخستووە، بۆ هیچ كەسێك نییە كە تێیدا گومڕا ببێت و سەرپێچی بكات، بۆ جێنشین نییە كە زیادەڕۆیی تێدا بكات و ستەم بكات. ئەمەش ڕێگای ئیسلامی پیرۆزە كە موحەممەد (د.خ) هەستاوە بە بنیاتنانی و ڕوونی كردووەتەوە بۆ خەڵك بە چەندین ساڵی دوور و درێژ. ئەم ڕێگەیەش ئەوەیە كە قورئانی پیرۆز پەرتوكی خوایە و ئامۆژگاری و فەرموودەكانی موحەممەد (د.خ) و (كۆدەنگی موسوڵمانان = الاجماع) سنووری بۆ داناوە.**

**بەڵێ ئەوان جێنشین دادەنێن كە بەسراوەتەوە بە كۆت و پێوەندی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلامەوە، ئەمەش وا دەبینین كە پڕاوپڕی ئەوەیە كە جێنشین بهێنرێتەوە سەر ڕێگا هەركاتێك ویستی سەركێشی بكات، لە ڕیزبەندكردنی ئارەزووەكانیدا ئەگەر ترسی ئەوەی هەبێت بكەوێتە ناو هەڵەوە.**

**هەندێك كۆمەڵ تیایاندا هەیە بۆچوونیان وایە ئەگەر جێنشین ستەمیكرد یان تاوانیكرد ئەوا لە جێنشینییەكەی لادەچێت و لێی دەسەنرێتەوە.**

**7–هەروەها لەنێوان جێنشن و پاشادا جیاوازییان كردووە لەبەر ئەم شتە، بەوەی كە (پاشا سروشتی شان دەداتە بەر هەموو شتێك بە مەبەست و ویست و خواست و ئارەزووی خۆی، رامیار ئەو كەسەیە كە شان دەداتە بەر هەموو شتێك لە ڕووانگە و دیدگای ژیریەوە بۆ دەسكەوتی بەرژەوەندییەكانی ژیانی ئەم جیهانە و خۆلادان لە هەموو زەرەر و زیانێك، جێنشین شان دەداتە بەر هەموو شتێك لە دیدگای پەیڕەوپرۆگرامی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە  تاد - مقدمە أبن خلدون ص180). لەبەر ئەمەیە ئیبن خەلدون دانی بەوەدا ناوە كە جێنشینیی پاك و بێخەوش لە سەرەتای سەردەمی جێنشینیەوە تاوەكو سەردەمی عەلی (خ.ل) بووە.**

**(پاشان فەرمانڕەوایی بوو بە پاشایەتی، واتای جێنشینی بەتەنها لەبەر خاتری چاوبەستەكێ بەئایین و ڕێبازەكەی مایەوە، ڕۆشتن بە ڕێبازی ڕاستیدا، ئەم گۆڕانكارییە دەرنەكەوت هەتاوەكو ئەو سەردەمەی كە پێشتر ئایین بوو پاشان هەڵیان گێڕایەوە بە دەمارگیری و شمشێر و ئەمەش بەم شێوەیە لەسەردەمی مەعاویە و مەروان و عەبولمەلیكی**

**کوڕیدا بوو ، هەروەها لە سەرەتاکانی سەردەمی جێنشینیی عەبباسیەکان، هەتاوەکو** رةشيد **و هەندێك لە کوڕەکانی، پاشان واتای جێنشینی نەما و بەسەرچوو تەنها وەکو ناو مایەوە، کاروبار بوو بە پاشایەتی ڕوون و ئاشکرا و سروشتی سەرکەوتن بۆ خواستەکان بەڕێوە دەچوو، بەکار دەهێنرا لەپێناوی مەبەستە تایبەتەکاندا، لە گومڕایی و وەرچەرخان بەرەو ئارەزووەکان و چێژ وەرگرتنەکانی ژیانی ئەم جیهانە، ئەمەش لە سەردەمی کوڕەکەی** عةبدولمةليك **وابوو، ئەوانەی پاش** رةشيد **هاتن لە کوڕەکانی** عةبباس، **ناوی جێنشینی مایەوە لەناویاندا تەنها لەبەر دەمارگیری عەرەبەکان، جێنشینی و پاشایەتی لە دوو جەستەی جیاوازدا چوونە ڕووپۆشی یەکتریەوە، ئیتر جێنشینی بوو بە دابونەریت و رووە ڕاستەقینەکەی نەما و وەکو پاشماوەیەك مایەوە بۆ دەمارگیری عەرەبەکان و نەوەکانی جێنشین، واتای جێنشینی پوکا یەوە و بەسەر چوو، پارچەپارچە و پەرش و بڵاو بووەوە، فەرمانڕەوایی بووبە پاشایەتیەکی روون و ئاشکرا هەر وەکو پاشاکانی فارس لە ڕۆژهەڵاتەوە، خۆیان بە قەرزاری ملکەچی جێنشینی دەزانن لەبەر پیرۆزی، پاشایەتیش بە هەموو نازناوەکانیەوە و دەسکەوتەکانیەوە بۆ ئەوان بوو و هیچی بۆ جێنشینی نەبوو تاد - مقدمە أبن خلدون ص**180).

8- **ئەمەش لەسەریان پێویست بوو، کە ئەو هەموو هێزە ببەخشن بە جێنشین، بەرزی بکەنەوە تاوەکو ئەو جێگایە، تایبەتمەندی بکەن بەو هەموو دەسەڵاتە، بۆمانی ڕوون بکەنەوە سەرچاوەی ئەو هەموو هێزەی کە دەیدەنە پاڵ جێنشین، لەکوێوە هێناویەتی؟ وە کێ پێی ڕابینیوە، داویەتە پاڵی؟**

**بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیەیان پشتگوێ خستووە، هەروەکو چۆن لە نمونەی لێکۆڵینەوەی ڕامیاریتر، کە لەوانەیە تاڕادەیەك گومانی ئەوەی لێبکرێت کە زیانی بۆ جێنشین و جێگاکەی هەبێت لە هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوە و بە دوادا چوون تێیدا.**

**سەرەڕای ئەمە هەر کەسێك دەستەواژەکانی ئەو گەلە بخوێنێتەوە کە تایبەتن بەم بابەتەوە، دەتوانێت ڕێچکەیەکی لێ هەڵێنجێنێت کە موسوڵمانان دەکرێن بە چەند بەشەوە لەم بابەتەدا.**

9- **بۆچوونی یەکەم دەڵێت کە جێنشین دەسەڵاتی لەلایەن دەسەڵاتی خواوە دراوەتێ و هێزیشی لە هێزی خواوەیە.**

**ئەم بیروڕایە وەکو گیانێك لەناو هەموو زانایانی سەرانسەری موسوڵماناندا دەبینیت و هەموو وشەکانیان دەربارەی جێنشین و لێکۆڵینەوەکانیان لەسەری بەم ئاراستەیە دەڕوات، ئاماژە بەم بیروبۆچوونە دەکات. هەرچۆن بینیت کە پێشتر بۆمان دەرخستیت کە جێنشین سێبەری خوایە،** ئةبو جةعفةري مةنسور **دەریخست ئەو دەسەڵاتداری خوایە لە سەرزەوی خوادا - مقدمە أبن خلدون ص**12).

**هەروەها ئەم بیروبۆچوونە بەناو خەڵکدا بڵاو بۆتەوە و زاناکان و شاعیرەکان دەربارەیان ووتووە لە سەدەکانی سەرەتای جێنشینیەوە. هەمیشە دەبینیت بۆ ئەوە دەچن کە خواوەندی گەورە خۆی جێنشینیی دەستنیشان کردووە و جێنشینیی بۆ دەنێرێت، بەجۆرێك کە لەم هۆنراوەیەدا دەبینین دەڵێ:**

جاء الخلافة أو كانت له قدرا     كما أتى ربه موسى على قدر

**بەواتای: جێنشینیی بۆ هاتووە یان بۆی دەست نیشان کراوە هەروەکو چۆن موسا گەیشت بەخوای خۆی بەو شێوەیەی نەخشەی بۆ کێشرابوو. هەروەها لە جێگایەکی تردا وتراوە:**

و لقد أراد الله أذ ولاكها     من أمة أصلاحا و رشادها

**بە واتای: ویستی خواوەند بوو کە دایبنایت وەکو بەرپرس بەسەریانەوە لەو نەتەوەیەدا بۆ چاکەخوازی و ڕێ نشاندەریان.**

هەروەها فەرزدەق دەڵێ:

هشام خيار الله للناس و الذي          به ينجلي عن كل أرض ظلالها
و أنت لهذا الناس بعد نبيهم          سماء يرجى للمحول غمامها

بەواتای: هیشام (مەبەستی هیشام کوری عەبدولمەلیك، دەیەم جێنشینی ئەمەویەکان) خواستی خوایە بۆ خەڵك و وە ئەوە لەلایەن خواوە کە سێبەری بەسەر سەرانسەری خەڵکەوە بۆ دابینکراوە. وە تۆ (واتە هیشام) بۆ ئەم خەڵکە پاش پێغەمبەری خوا ئاسمانێکی بۆ هەر کەسێك بتەوێ هەوری بۆ دەنێری (مەبەست لە بارینی باران و سێبەر کردنە).

بڵاوبوونەوەی ئەم بیروڕایە و هاتنی بەسەر زماندا بەشێوەیەکی هەمیشەیی بووە بەهۆی ئەوەی لەلای شاعیرەکان ئاسان بێت کە لە زیادەڕۆییاندا بگەنە ئەو ئاستەی کە جێنشینەکان لە جێگای بەرز و پیرۆزدا دابنێن یان نزیك بێت لێیەوە.

هەتاوەکو وتویانە:

ما شئت الا ما شاء الأقدار          فأحكم فأنت الواحد القهار

بەواتای: ئەوەی تۆ دەتەوێت قەدەریش وای ویستووە فەرمان بکە چونکە خۆت تەنها و تێکشکێنەری. (الواحد القهار) یەکێکە لەناوەکانی خوای گەورە کە شاعیر بۆ جێنشینی بەکار هێناوە.

هەروەها ئەریحی شاعیر لە بەشان و باڵ هەڵدانی وەلیدی کوری یەزیددا کە یانزەیەمین جێنشینی ئەمەوی بووە دەڵێ:

أنت أبن مسلنطح البطاح و لم          تطرق عليك المنى و الولج
طوبى لفرعيك مـــن هنـــا وهنا          طوبى لأعــــراقك التي نتج
ولــــــو قلت للسيل دع طريقك          و الموج عليه كالهظب يعتلج
لســــــاخ وأرتـــد أو لكــــان لـــه          في ســـائر الأرض عنـــك منعرج

بە واتای: تۆ کوڕی کەسێکی ساغ و بەهێزی وەك قەڵغان کە هەرگیز لاری و لوێری و کونی تێنابێ بە رم وشمشێر، سەربەرزی بۆ لقەکانت لێرە و لەوێ هەروەها خۆشبەختی بۆ نەوەکانت کە نەهاتونەتە جیهان، ئەگەر بە لافاو بڵێیت لە ڕێگە لابدە کە شەپۆلەکانی وەك گرد و تەپۆڵکە بەسەریەوەبێت، دەوەستێت و دەگەڕێتەوە ئەگەر لە هەموو سەرزەویدا ڕێگای هەڵگەڕانەوەی نەبێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ زۆربەی ئەوانەی کە زاناکان دایان ناوە، بەتایبەتی پاش سەدەی پێنجەمی کۆچی. دەبینی ئەگەر لە سەرەتای پەرتوکەکاندا ئەگەر ناوی یەکێك لە پاشاکان یان دەسەڵاتدارەکانیان بهێنایە بە جۆرێك بەرزیان دەکردەوە بۆ سەرو ڕیزبەندی ئادەمیزاد، خستویاننەتە زۆر دوورنا نزیك پلە و پایەی پیرۆزی خواوەندەوە.

جگە لەمە نمونەیەکی تر بۆ ئەو مەبەستە ئەوەی لە وتاری نەجمەدینی قەزوینیدا هاتووە لە پەرتوکی (الرسالة الشمسية في القواعد المنطقية) کە دەڵێ: ئاماژەی بۆ کردم لە خۆشیەکدا بە میهرەبانی و ڕاستیەوە، کە تایبەتمەندیەتم هەیە لە پشتگیریکردنیدا لە نێوان هەموو دروستکراوەکانیدا، چیم هەیە بەرامبەر بەو کە نزمکەرەوە و لابەرە، سەرکەوتوو دەبم لە بەدواداچوون و گوێڕایەڵی و لەڕێگا لانەدان، □ تاد.

لە شیکردنەوەی ئەم نامەیەدا قوتبەدینی رازی دەڵێ: لە وتارەکەدا ڕوون کراوەتەوە و لە خزمەتیدام کە پلەوپا یەی بەرز بێت کە خوای مەزن تایبەتمەندی کردووە بە گیانی پیرۆز، و سەرکردایەتیکردنی مرۆڤەکان □ کە دەرکەوتووە لە

ڕیـزی بەڕێزییەکەیـدا دەرکەوتـەیی و خۆشـبەختی هەتاهـەتایی، هـەڵقوڵاوە لـە توانـای بـەرزەوە بۆنخۆشـکراوە بـە گرنگیدانی سەروەریەوە □ بەرزی و ڕاستی و فەرمانڕەوایەتی و ئایین. سالاری ئیسلام و ڕێنوێنیکەری موسوڵمانان □ تاد.

عەبدولحەکیم سیاکوتی لـە پـەراوێزی پـەرتوکی (أكتفاء القنـوع بمـاهو مطبـوع) لەسـەر ڕوونکردنـەوەی ئـەم وتـارە دەڵـێ: خستومەتـە بەردەسـتی بـەڕێزی کـە خواوەنـدی گەورەیـە، تایبەتمەنـدی کـردووە بـە دەسـەڵاتی هەتاهـەتایی، پشتگیری کـردووە بـە فەرمانڕەوایـەتی و سـەروەری، □ شـۆڵەی گـەلی پـاك و سـپی، دانـەری پایـەی پەیڕەوپڕۆگرامـی ئیسلامـی ڕێـزدار، سـێبەری خواوەنـد لەسـەر زەویـەکان، بـارانی ڕەحمـەتی ئیسـلام و موسـوڵمانان، ئاوەدانکـەرەوەی وولاتی خواوەند، جێنشینی پێغەمبەری خوا (د.خ)، پشتگیریکراو لەلایەن سەرکەوتنی خواییەوە،□ تاد.

کۆی وتەکان ئەوەیە کە جێنشین دەسەڵاتی لەلایەن خواوە پێ دەبەخشرێت ئەمە ڕێبازێکی بەردەوامە لەسەر زمان، بلاوە لەناو موسوڵماناندا.

10-ڕێبازێکی تریش هەیە کە هەندێك لە زاناکان پێوەی پابەندن و لەبارەیـەوە باسیان کردووە، ئەوەیـە کە جێنشین دەسەڵاتی لەلایەن گەلەوە دەدرێتێ. گەل سەرچاوەی هێزیەتی، گەلە ئەو دیاری دەکات بۆ ئەو پلە و پایەیە.

لەوانەیە حوتەیئە لە (فوات الوفيات ج1) شـوێن ئـەم ڕێچکەیـە کـەوتووە کاتێك دەربـارەی عومـەری کـوڕی خەتابدا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| أنت الأمام الذي من بعد صاحبه | القى اليك مقاليد النهى البشر |
| لم نؤشروك بها أذ قدموك لها | لكن لأنفسهم كانت بك الأثر |

بەواتای: تۆ ئەو پێشەوایەیت کە لـە دوای هاوەڵەکەتـەوە پێت درا پلـە و پایـەی لێپرسراوێتی خـەڵك بەمـە کاریـان تـێ نەکردوویت کە بۆ ئەم جێگەیە پێشکەشیان کردیت بەڵکو بۆ خۆیان کاریگەر بوویت.

ئەم ڕێبازە بەبێ پەردە دەبینین لەم ووتەیەی ئەبوبەکری کوڕی مەسعودی کوڕی ئەحمەدی عەلائـەدین عەللامـە ئەلکاسـانی لـە پـەرتوکی (الفوائـد البهيـە فـی تـراجم المنفيـە)دا دەڵـێ: هـەر شـتێك کـە (بریکـار=وەکیـل) لـە (بریکاریەکەی=وەکالەتەکەی) لابدات بەو شێوەیەش دادوەر لە دادوەریەکی لادەدات واتە لە داگا □ هیچ جیاوازیەکیان نییـە تـەنها لـە شـتێکدا نـەبێت، ئـەویش ئەوەیـە ئەگـەر ئـەو کەسـەی کـە بریکـاری گرتـووە مـرد یـان لاچـوو ئـەوا بریکارەکەشی لادەچێ، بەلام جێنشین ئەگەر مرد یان لاچوو ئەوا دادوەران و لێپرسراوەکانی لاناچن.

رووی جیاوازی لێرەدا ئەوەیە کە بریکار کار دەکات لەژێر لێپرسراوێتی خاوەنەکەیدا و هـەروەها بە ناوەرۆکی مافی ڕاستەقینەی خاوەنەکەی، وە لەوانەیە کەسەکە بریکارییەکە هەڵوەشێنێتەوە لـەم کاتـەدا بریکارییەکە لادەچێت. بـەڵام دادوەر کارناکـات بـە لێپرسـراوێتی جێنشـین و بـەمافی جێنشـین، بـەڵکو بـە لێپرسـراوێتی موسـوڵمانان و مافەکانیان، وە جێنشین لـەبری پێغەمبـەرە (د.خ) لـەلایان، لەبەر ئەوەیە کە لـەدوای ئـەو، ئـەو پلـە و پایەیـە بـەردەوام نابێت وەکو پێغەمبەرایەتی لە هەموو سەردەمێکدا، هەروەهاش بریکار لەکاتی مارە بڕیندا. ئەگـەر پێغەمبـەر بـوو ئـەوا کردەوەی هەروەکو کردەوەی گشتی موسوڵمانانە، لێپرسراوێتیان پاش مردنـی جێنشین دەمێنێتـەوە، واتـە دادوەر لـە لێپرسراوێتیەکەیدا دەمێنێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی لابردنە، ئەگـەر جێنشین دادوەری لابرد یان لێپرسراوێکی لابرد ئەوا لادەچن بە لادانیان بەڵام لاناچن بە مردنی جێنشین. وەهـەروەهاش لاناچن بەلاچوونی بەڕاستی جێنشین، بەڵکو بە لابردنی گشتی گەل هـەروەکو لەپێشدا باسمانکرد چونکە دانانی وەکو لێپرسراو بە تێکڕای دەنگی گشـتی گـەل بووە. بەرای گشتی خەڵکەکە دیانناوە بە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا، لەبەر پەیوەنـدی بەرژەوەندیـەکانیان بـەو بەخشینی

**متمانەیە، لەبەر ئەوە لێپرسراوێتیەکەی لە گەلەوەیە و بەهەمان شێوەش لابردنی بەدەست گەلە. ئەمەیە جیاوازیەکە لەنێوان لاچوون و مردندا - البدائع ج7 ص16.**

**لەو ڕاستیانەی دەستمان کەوتووە لە ڕوونکردنەوەی ئەم ڕێبازە و سەرکەوتن لە بابەتی جێنشینی و دەسەڵاتی گەل کە فەرمانڕەوایەتی (المجلس الکبیر** الوطني) **لەئەنقەرە بڵاویکردەوەتەوە و** عەبدولغەنی سی بەط **لە تورکیەوە وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبی و لە چاپخانەی (الهلال) لە میسر لە ساڵی (1342ک - 1924ز) بەچاپی گەیاندووە.**

**11-هەروەکو ئەم جیاوازیە کە لەنێوان موسوڵماناندا هەیە لەسەر سەرچاوەی دەسەڵاتی جێنشین بە هەمان شێوە لە نێوان ئەوروپاییەکانیشدا سەری هەڵداوە ئەمەش کاریگەریەکی گەورەی هەبوو بەکردەوە لە پێشکەوتنی مێژووی ئەوروپاییەکاندا. لەوە دەچێت ڕێبازی یەکەم هاوجووت بێت لەگەڵ ئەوەی** (هوبز)**ی فەیلەسوف دەریبڕیوە لەوەدا دەسەڵاتێکی پیرۆزە و مافێکی ئاسمانیە. بەڵام ڕێبازی دووەم لەوەدەچێت هەمان ڕێباز بێت** (لوك)**ی فەیلەسوف ناوبانگی پێدەرکردووە.**

**دەخوازین ئەوەی کە لەپێشدا بۆمان باس کردیت بەس بێت بۆت لە ڕوونکردنەوەی جێنشین لای زانایانی موسوڵمانان و سەرجەمی واتای قسەکانیان: جێنشین لەبری پێغەمبەر (د.خ)، ئەوە سەرۆکاتیەکی گشتیە لە ئایین و ژیاندا.**

## بەندی دووەم
## فەرمانڕەوایی جێنشینی

1-ثێویستکردنی ثلة و ثايةى جيَنشين. 2-ئةوانةى ثێضةوانةى ئةو رايةن. 3-بةلَطةكانى ئةوانةى دةلَيَن ثێويستة.4-قورئان و جيَنشينى. 5-دةرخستنى طومان لة هةنديَك (ئايةت)دا. 6-فةرموودةكانى ثێغةمبةر (د.خ) و جيَنشينى.
7-دةرخستنى طومان لةوة كة دةلَيَن لة فةرموودةدا بةلَطة هةية.

**1-دانانی جێنشین لەلایان پێویستە و ئەگەر موسوڵمانان وازی لێبهێنن هەموویان بەگشتی تاوانیان کردووە. لەنێوان خۆیاندا لەسەر ئەوە کۆك نین ئایا ئەو پێویستییە لەبەر ژیرییە یان لەبەر پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام، وە ئەم کۆك نەبوونە کارمان پێی نییە ئێستا لێرەدا، بەڵام لەسەر ئەوە کۆکن کە پێویستیەکە لەهەموو کات و ساتێکدا،** ئبین خەلدون **دەڵێ: ئەمە لەبەر ئەوەیە کە بەکۆی دەنگ قایلن لەسەری - مقدمە أبن خلدون ص181.**

**2-هەندێك لە خەڵك لەمانە خۆیان جیا کردۆتەوە و دەڵێن بە هیچ شێوەیەك ئەم دانانە بەشێوەیەکی سەرەکی پێویست نییە نە بەژیری و نە بەپەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام، لەوانە** حاتەمی ئەسەم **- أبو الفداء ج2 ص38. کە لە (المعتزلە) کانە و هەندێك لە (الخوارج) وە چەندانێکی تر - أ.هـ حاشیە الکسلانی علی العقائد النفیسە. پێویست لەلای ئەوان ئەوەیە کە فەرمانەکانی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام بڕوات بەڕێوە و ئەگەر گەل ڕاهاتبوو لەسەر دادپەروەری و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خواوەندی مەزن ئەوا پێویستیان بە پێشەوا نییە و دانانی پێویست نییە، و ئەمانە بەکۆی دەنگ قەڵسن. (الاجماع = کۆی دەنگی زانایانی ئیسلام. المعتزلە = کۆمەڵێك بوون لە سەردەمی مەعاویەدا لە موسوڵمانەکان دابڕان و خۆیان جیاکردەوە. الخوارج = ئەمانەش کۆمەڵێکن لە هەمان سەردەمدا لەگەڵ شیعەکان**

جیابوونەوە).

3–بەڵگەیان لەسەر پێویست بوون:

یەکەم: کۆی دەنگی هاوڕێیانی پێغەمبەر و شوێن کەوتووان، لەبەر ئەوەی هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) پاش لەدنیا دەرچوونی یەکسەر دەستیانکرد بە متمانە بەخشین بە ئەبوبەکر (خ.ل)، و چاودێری کاروبارەکانیان دایەدەستی، بەهەمان شێوە لەهەموو سەردەمەکاندا لەپاش ئەو ئەمە دووبارە و چەندبارە بۆتەوە، لە هیچ سەردەمێکدا گەل بواری پشێوی و دووبەرەکی نەداوە تا سەیان لێبشێوێنێت، ئەمەش دامەزرا بەکۆی دەنگ وەکو بەڵگەیەك لەسەر پێویستبوون و دانانی پێشەوا – مقدمه أبن خلدون ص181.

دووەم: دانانی پێشەوا، لەسەر دەرخستنی داب‌ونەریتی ئایینی وەستاوە، چاکبوونی گەل، ئەمەش وەکو فەرمان بە چاکە و بەرگری لە خراپە، کە ئەم دوو شتە دوو ئەرکی پێویستن بەبێ گەومان  بەبێ دانانی پێشەوا هەستان بەم دوو کارە جێبەجێ نابێت. ئەگەر کەسێك بەم دوو کارە هەڵنەستێ ئەوا کاروباری گەل بە ڕێکوپێکی بەڕێوە ناچێت، بەڵکو تالان و بڕۆ جێگای بەخشش و هاوکاری دەگرێتەوە، ستەم زۆر دەبێ، ئاژاوە و پشێوی سەرانسەری وڵات دەگرێتەوە، ململانێکان یەکلایی ناکرێنەوە کە یەکێکن لە گرنگییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بێگومان ئەوەی پێویستیی لەسەر دەوەستێت پێویستە، لەبەر ئەوە دانانی پێشەوا بەهەمان شێوە پێویستە و ئەرکی سەرشانە  وەکو فەرمانکردن و بەرگریکردن وەستاوە لەسەر دانانی پێشەوا، ئەوا هەموو ئەو شەش شتەی کە پێویستە پارێزگاری لێبکرێت بەزۆر و بە سنوورێك کە پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام دایناوە نەك بە شتێکی تر. ئەو شەش شتە گشتیەش ئەمانەن: پارێزگاری ئایین  خۆپاراستن  پاراستی ژیری  پاراستنی ڕەچەڵەك  پاراستنی دارایی  پاراستنی ئابڕوو – أ.ه القول المفید علی رساله المسماه وسیله العبید فی علم التوحید للشیخ محمد بخیت ص100.

4–لەوەی کە بەسەرمانا ڕابوورد هیچمان دەست نەکەوت لە لێکۆڵینەوەی زانایان وایان نیشان داوە کە دانانی پێشەوا ئەرك و پێویستە، کێ هەوڵی ئەوەی داوە کە بەڵگەیەك ڕاست بکاتەوە لەسەر ئەرك و پێویستی جێنشینی لە ئایەتەکانی پەرتوکی خوادا مەبەست قورئانە. سوێند دەخۆم ئەگەر لە پەرتوکی خوادا واتە قورئان تاکە بەڵگەیەك هەبووایە زاناکان لێی دوودڵ نەدەبوون لە هێنانەوەی وەکو بەڵگە و گەواهی بۆی، یان ئەگەر لە پەرتوکی خوادا مەبەست قورئانە شتێك هەبێت لە بەڵگە بچێت لەسەر پێویستبوونی پێشەوا ئەوا ئەوانەی لایەنگری جێنشینێن و پابەندن پێوەی، کە ئەوانەش زۆرن، دەیانهێنایەوە. هەیە هەوڵ دەدات ئەوەی لە بەڵگە بچێت و لێی نزیك بێت دەیکەن بە بەڵگە. بەڵام بە ویژدانی زانا پابەندەکانیان بە جێنشینی نەیانتوانیوە لە پەرتوکی خوادا واتە قورئان پشتگیریەك بۆ بیروڕاکانیان بدۆزنەوە لەبەر ئەوە هانایان بردووە بۆ ئەوەی بینیتان، جارێك لە دەربڕینی کۆی دەنگ واتە (الاجماع)، جارێکیتر پەنا بردن بۆ پێوەرە بەڵگە نەویستەکان (منطق) و فەرمانەکانی ژیری.

5–هەندێك لە ئایەت هەیە لە قورئاندا وامان بەپێویستزانی کە ڕاستی واتاکەی بۆتان ڕوون بکەینەوە، هەتاوەکو وا بیر نەکەیتەوە کە پەیوەندی هەیە بە شتێك لە کاروباری پێشەواییدا، وەکو خوا لە قورئاندا فەرموویەتی: سورەتی (4) ئایەتی (62) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خوابن و پێغەمبەری خوا و ئەو کەسانەی خاوەنی بڕیارن لێتان. هەروەها لە جێگایەکی تردا فەرموویەتی: سورەتی (4) ئایەتی (85) کارێك یان فەرمانێکیان هەبێت ئەگەر بیگێڕنەوە بۆ پێغەمبەر و خاوەنی بڕیار لە خۆیان ئەوا ئەوانەی کە شارەزاییان هەیە لێیان پێی دەزانن  تاد. بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە ئەوە دەربخات کە شتێك لەم ئایەتانەدا بەڵگەیەك بێت، نە ئەوەش کە یەکێك بتوانێت دەستی

پێوە بگیرێت و پابەندی بێت، لەبەر ئەوە نامانەوێت درێژەی پێبدەین و دەربارەی درێژدادڕی بکەین، لەبەر خۆلادان لە گەڕەلاوژێ، کۆشش کردن بەبێ بەرامبەر و نەیار.

بزانە خاوەنی بڕیار لە ئایەتەکاندا ئەوانەی قورئانیان شیکردووەتەوە و واتایان لێك داوەتەوە لە ئایەتی یەکەمدا دایانناوون بە (لێپرسراوی موسوڵمانان لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەردا (د.خ) و لەدوای ئەو بەدوای یەکدا جێنشینەکان و حاکمەکان و لێپرسراوانی گروپەکان  و وتویانە زانایانی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام، کە لە ئایەتی دووەمدا ئاماژەی پێیان کردووە - شرح بیضاوي).

بەڵام خاوەنی بڕیار لە ئایەتی دووەمدا ئەمانەن (گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) ئەوانەی کە دەنگیان بۆ کاروبارەکان دەدا، یان ئەو کەسانەی کە فەرمانیان دەردەکرد - الکشاف للزمخشری). هەرجۆرێك بووبێت ئەو دوو ئایەتە هیچی وایان تێدا نیە کە بەڵگەیەك بێت بۆ ئەو جێنشینیەی کە ئەوان باسی لێوە دەکەن.

لەبەر چەند مەبەستێك دەکرێت زۆر لە هەردوو ئایەتەکە بکرێت بەوەی کە ووتویانە مەبەستیان ئەوە بووە کە لەناو موسوڵماناندا کەسانێك هەن بۆ کاروبارەکانی ئایین و ژیان موسوڵمانەکان دەگەڕێنەوە لایان. ئەمە واتای فراوانیەتی بەگشتی لەوەی کە بە واتای جێنشین دێت و ناوی دەبەن، کە ئەمە واتا یەکی جیاوازە لەوانی تر هەتاوەکو لەوەش ناشێ پێك بگەن.

ئەگەر زیاترت دەوێت لەم لێکۆڵینەوەدا ئەوا دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ پەرتوکی جێنشینی (الکتاب الخلافە)ی عەللامە سێر تومس ئەرنلد. لە بەندی دووەم و سێیەمدا شتێکی ئاشکرا و سەرگەرمکەر و دڵنیاکەرە - The Caliphate, by Sir Thomas W.Arnold; printed at the Clarendon Press Oxford 1924

لەوانەیە ئەوەی لێرەدا دڵنیات دەکاتەوە ئەو وتەیەیە کە خاوەنی بیروڕاکە دەری خستووە، پاش ئەوەی بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر پێویستی دانانی پێشەوا بە کۆی دەنگی موسوڵمانان، دەڵێ: ئەگەر ووتراوە دەنگدانی گشتی بۆ بەڵگە نەویست دەبێ و دەگونجێت، لەکاتێکدا ئەگەر گێڕانەوەکەش گێڕانەوەیەکی بچڕبچڕبێت لەبەر زۆری پێویستبوونی، ووتمان واز لە گێڕانەوەکەی دەهێنرێت بەکۆی دەنگ ئەگەر پێویستی زۆر لەبەردەستدا نەبێت، یان دەڵێین بەڵگە نەویستەکە ئەگەر لەوانەبوو کە گێڕانەوەی ناوێ، لەوانەی کە نزیکن لەو مەبەستانەی کە نازانرێن بەبێ بینینیان و بەرجەستە بوونیان، بۆ ئەوانەی لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ)دا بوون - أه المواقف 2 ص464.

ئەمەش هەروەکو دەبینین دەڵێ: ئەو کۆی دەنگە بەڵگە نەویستێکی لێوە نەزانراوە. وە هەرگیز خاوەنانی ئەم بیروڕا و ڕێبازە ئەگەر لە پەرتوکی خوادا (قورئان) شتێکیان وەکو بەڵگە نەویست دەست بکەوتایە هەرگیز پەنایان بۆ ئەو ووتەیە نەدەبرد.

ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەرە کە ئەگەر قورئانی پیرۆز بگری بەدەستەوە، چاوی پێدا بگێڕیت هەر لە سورەتی (الفاتحە)وە کە دەسپێکی قورئانە تاوەکو کۆتایی دێت بە سورەتی (الناس)، دەبینیت لە هەموو پەند و ئامۆژگاریەکی تێدا ڕوونکراوەتەوە، هەموو شتێکی تێدا باسکراوە دەربارەی کاروباری ئەم ئایینە هەروەکو لە سورەتی (الانعام)دا هاتووە (ما فرّطنا في الکتاب من شيء) بەواتای: هیچ شتێکمان نەهێشتووەتەوە لە پەرتوکدا باس نەکرابێت. کەچی هیچ شتێکی تێدا نادۆزینەوە کە باسی پێشەوایەتی گشتی (الامامە) و جێنشینی (الخلافە) بکات. ئەمە بوارێکی زۆرە بۆ قەسەکردن.

6-قورئان خۆ بەتەنها نییە لەوەدا کە باسی جێنشینیی پشتگوێ خستبێت و خۆی لەقەرەی نەدابێت، بەڵکو هەروەها فەرموودەکانی پێغەمبەریش وەکو قورئان ئەم باسەی پشتگوێ خستووە. وازیلێهێناوە و بەلایدا نەچووە، ئەمەش

**بەرەو ئەوەت دەبا کە زاناکان نەیانتوانیوە لەم بارەیەوە لە فەرموودەدا شتێکیان چنگ بکەوێت وەکو بەڵگە، ئەگەر لە فەرموودەدا شتێکی وایان دەست بکەوتایە ئەوا وەکو بەڵگە دەیانخستەڕوو لەسەروی کۆی دەنگەوە، هەرگیز خاوەنی ئەم بیروڕایانە نەیان وتوە لەکۆی دەنگ شتێك گێڕراوەبێتەوە بۆ دوای خۆیان وەکو بەڵگەنەویست.**

7–سەید محەمەد ڕەشید ڕەزا **دەیەوێت لە فەرموودەدا بەڵگەیەك بدۆزێتەوە لەسەر پێویست بوونی جێنشین، کە ئەو لە** سەعدەدین ئەلتەفتازانیەوە **دەگێڕێتەوە لە** (أ**ه الفوائد البهیه فی تراجح الحنفیه ص**135)**دا بە مەبەستی ئەوەی ئەو بەڵگەی هەیە بۆ پێویست بوونی پێشەوا، کە لەنێوان ئەو بەڵگانەیدا شتێکی وا پێویستی تێدا نییە لە پەرتوکی خوادا و فەرموودەی پێغەمبەردا** (د.خ) **هەبێت.**

**لێرەدا** سەید ڕەشید **ڕەخنە لە** سەعد **دەگرێ، کە دەڵێ: ئەو و ئەوانەی وەکو ئەون خەڵەفاون لەوەی کە بەڵگەیەکیان دەست بکەوێت بە فەرموودەی پەسەند دەربارەی دانانی پێشەوا کە کۆمەڵگای موسوڵمانان و پێشەواکانیان پێوەی پەیوەست بن، لە هەندێکیدا بە ڕاستەخۆ ووتراوە کە ئەوەی بمرێت و لە گەردنیدا متمانە بەخشین مابێتەوە واتە متمانەی بەکەسێك نەبەخشیبێت بۆ پێشەوا یان جێنشین ئەوا لەسەر نەزانی پێش ئیسلام مردووە. باسی ئەو فەرموودەیە دێتە پێشەوە کە** حوزەیفە **دەیگێڕێتەوە و لەسەری کۆکن، تێیدا پێغەمبەر** (د.خ) **فەرموویەتی: پابەندبە بە کۆمەڵی موسوڵمانان و پێشەوایانەوە** – الخلافة و الأمامة العظمی للسید محمد رشید رضا ص11.

**پێش ئەوەی باسی ئەو ڕەخنەیەت بۆ بکەین سەرنجت بۆ ئەو پشتڕاستکردنەوەیەت ڕادەکێشین کە پێمان ڕاگەیاندویت، لەوەی کە زانایان لەم بەندەدا هیچ بەڵگەیەکیان نەهێناوەتەوە لە فەرموودەدا.**

سەید ڕەشید **لێرەدا تازەکار نییە دەیەوێت لێرەدا ڕەخنە بگرێت، لە پێش ئەمدا لەم بارەیەوە** ئیبن حزم زاهیری **پێشی کەوتووە و بەڵکو ئەمەشی دەرخستووە: قورئان و فەرموودە پێویستی دانانی پێشەوایان تێدا هاتووە، لەوانەش خواوەندی گەورە فەرموویەتی** (أطیعوا الله و الرسول و أولي الأمر منكم –4-62) **بەواتای گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی و خاوەن بڕیارەکانتان بن لەخۆتان. لەگەڵ فەرموودەی زۆری پشتڕاسکراوە لە گوێڕایەڵی پێشەواکان و پێویستی پێشەوا – الفصل فی الملل و الاهواء و النحل ج**4 **ص**87.

**خۆ ئەگەر دوای هەموو ئەو فەرموودانە بکەویت کە ئەوان دەیانەوێت بگەڕێیتەوە سەریان هیچیان تێدا نادۆزیتەوە جگە لەوەی کە باسی پێشەوا و متمانە بەخشین و کۆمەڵ  تاد، وەکو دەگێڕنەوە (پێشەواکان لە قورەیشن)، (پابەندبە بەکۆمەڵی موسوڵمانەوە)، (ئەوەی بمرێت و لەگەردنیدا متمانە بەخشین مابێت ئەوا وەکو نەزانی پێش هاتنی ئیسلام مردووە)، (هەرکەسێك متمانەی بە پێشەوایەك بەخشی و دەستی خستە دەستیەوە و بەری دڵی دایێ با گوێڕایەڵی بێت ئەگەر توانی، وەئەگەر کەسێکیتر هات و ململانێی کرد ئەوا لە گەردنی ئەویتر بدەن)، (لەپاش من شوێن ئەوانە بکەون کە دوای من دێن ئەبوبەکر و عومەر  تاد)** ئیبن حزم **دەڵێت: ئەم فەرموودەیە ڕاست نییە پەنا دەگرین بەخوا – الفصل ج**4 **ص**108.

**لەمانە هەموویدا هیچ شتێکی وای تێدا نییە کە بەکەڵکی بەڵگەیەك بێت بۆ ئەوەی ڕایان گەیاندووە، لەوەی کە پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام دانی ناوە بە جێنشینیدا یان بە پێشەوای گەورەدا، بەواتای لەجێگەی پێغەمبەری خوابێت** (د.خ) **وە هەستێت لەجێگای ئەو لەناو موسوڵماناندا.**

**نامانەوێت لە ڕاستی ئەو فەرموودانە لەگەڵیاندا بدوێین کە لەم بارەیەوە دەیان هێننەوە، چونکە لەو بارەیەوە بواری فراوانمان بەدەستەوەیە کە لەگەڵیان بەرەنگار ببینەوە، بەڵام خۆمان بە بەزیو دادەنێین و وای دادەنێین کە**

ئەوانە هەموویان ڕاستن. دیسان لەو بارەشەوە بەرەنگاریان نابینەوە لەو واتایەی کە پیاوانی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام قسەیان دەوێت، پێشەوایەتی و متمانە بەخشین و کۆمەڵ  تاد.

لەبەر ئەوەی ئەو بەرەنگار بوونەوەیە بۆیان باشە، لەبەر ئەوەی بزانن ئەو دەستەواژانە و نمونانەیان لە زمانی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلامەوەیە، بۆ هیچ شتێك لەو واتایانە ناشێت کە پاشان تازەکاریان بەسەردا هێناوە، پاشانیش وای دەردەخەن و دەیدەن بەسەر زمانی ئیسلامدا.

ئەو هەموو بوارانەیان لێ دەبوێرین لەو وتوێژو بەرەنگاربوونەوە، دەڵێین فەرموودەکان هەموویان ڕاستن، دەڵێین ئەو خاوەن بڕیار و پێشەوایانە و ئەوانیتر ئەگەر لە سەر زمانی پەیڕەو پرۆگرامی ئیسلام هاتبێت و مەبەستی خەڵکانی جێنشین و پێشەوایەتی مەزن بێت. وە متمانەش مەبەستی متمانە بەخشین بەجێنشین بێت، کۆمەڵی موسوڵمانان مەبەستی فەرمانڕەوایەتی جێنشینی موسوڵمانان بێت تاد.

ئەمانە هەموو دایان دەنێین کە وابن، بەزینی خۆمان دەردەبڕین ئەو هەموو بەزینە، پاشان هیچ لەو فەرموودانەدا نادۆزینەوە، پاش ئەو هەموو شتە، کە بەڵگەیەك پشتڕاست بکاتەوە، بۆ ئەوانەی کە جێنشین بەباوەڕێکی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام دابنێن، و فەرمانێك لە فەرمانەکانی ئایین بێت.

عیسای کوری مەریەم (س.خ) دەربارەی فەرمانڕەوایی قەیسەرەکان قسەی کردووە، فەرمانی داوە ئەوەی هی قەیسەرە بیدەن بە قەیسەر، وە ئەمەش دانپێدانان نییە لە عیساوە کە فەرمانڕەوا یەتی قەیسەر لە پەیڕەوپرۆگرامی خوای مەزنە، نەئەوەش ئایینی گاور (مسیحی) دانی پێدانانێ، هیچ کەسێك لەوانەی کە زمانی ئادەمیزاد دەزانن لە گفتوگۆدا، ئەو ووتەیەی عیسا وەکو بەڵگە دانانێن لەسەر ئەوە.

هەموو ئەوانەی کە لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (د.خ) هاتووە دەربارەی پێشەوایەتی و جێنشینی و متمانە بەخشین  تاد، بەڵگەیەك لەسەر هیچ شتێك نادەن بەدەستەوە زیاتر لەوەی کە مەسیح دەری بڕیوە کاتێك باسی هەندێك لە فەرمانەکانی پەیڕەوپرۆگرامی خۆی کردووە دەربارەی فەرمانڕەوایەتی قەیسەر.

ئەگەر ئەوە ڕاست بێت پێغەمبەر (د.خ) فەرمانی پێکردوون ملکەچی ئەو پێشەوایەبن کە متمانەیان پێ بەخشیوە. هەروەها خواوەندی گەورە فەرمانی پێکردووین کە ئەو پەیمانە ببەینە سەر بۆ کەسێك لە بێباوەڕان کە پەیمانمان پێداوە، و ڕاست بین لەگەڵیدا کە لەگەڵماندا ڕاستە، ئەمە نەبووە بە بەڵگەیەك کە خوای گەورە ڕازی بووە بە بێباوەڕی، هەروەها فەرمانی خواوەند بەوە نەبووە کە بەڵێنیان لەگەڵ بەرینەسەر بەوەی کە ئەوان دانیان ناوە بەبێباوەڕیخۆیاندا.

ئایا پێمان نەسپێردراوە بە پەیڕەوپرۆگرام بۆ ملکەچی لادەران و یاخیان، و جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان ئەگەر بەسەرماندا سەرکەوتن و لەسەرپێچی کردنیاندا ترسی هەڵگیرسانی ئاژاوە و پشێوی هەبێت، بەبێ ئەوەی ئەوە ببێت بە پێویستیەکی ڕەوابوونی لادان و یاخی بوون، نەبۆ ڕەوابوونی دەرچوون لە فەرمانڕەوایەتی.

ئایا بە پەیڕەوپرۆگرام بەسەرماندا فەرمان نەدراوە بۆ ڕێزگرتنی دەستکورتان، و ڕێزی هەژاران بگرین، و چاکە کردن بەرامبەریان، و بەزەیی هاتنەوە پێیاندا، ئایا هەموو خاوەن ژیرییك دەتوانێت بڵێت ئەمە دەکاتە ئەوەی پێویستە لەسەرمان بەپێی پەیڕەوپرۆگرام کە لەناو خۆماندا هەژاری ودەست کورتی بێنینە ئاراوە.

خواوەندی گەورە دەربارەی کۆیلە باسی بۆ کردووین، و فەرمانی پێداوین لە کۆیلایەتی ڕزگاریان بکەین، و فەرمانمان پێدەکات بەچاکە لەگەڵیان بجوڵێینەوە، و فەرمانی پێکردووین لەمەش زیاتر دەربارەی کۆیلایەتی، ئەمە

**ئەوە ناگەیەنێت و بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە کۆیلایەتی لە ئیسلامدا فەرمانی پێدراوە، نە لەسەر ئەوەی کە شتێکی باشە و خۆشەویستە.**

**زۆرجار خواوەندی گەورە باسی جیابوونەوەی ژن و مێرد (طلاق)ی کردووە، و باسی قەرزدان، و فرۆشتن و بە بارمتەدانان (رهن)، و چەندینی تریش، و پەیڕەوپرۆگرامی بۆ داناوە، ئەمە بەڵگە نییە بە تەنیا لەسەر ئەوەی یەکێك لەوانە ئەرکە و پێویستە لە ئاییندا، نە لەسەر ئەوەی کە ئەمانە لەلای خواوەندن تایبەتمەندیەکی هەیە.**

**ئەگەر پێغەمبەر (د.خ) باسی متمانە بەخشین و فەرمان و فەرمانڕەوایی کردووە و قسەی دەربارەی گوێڕایەڵی فەرمانڕەوایان کردووە، ئەو فەرمانانەی بۆ ڕوون کردووینەتەوە دەربارەی ئەمانە هەن و ئاراستەی ئەوەی کردووین کە زانیومانە و تێیگەیشتووین، پاش ئەوەش داواکردنی ئەرك و پێویستی پەیڕەوپرۆگرام داوایەکی گەورەیە، هەر فەرموودەیەك ئەگەر ڕاست بێت مەرج نییە لە بەرژەوەندی هاوتای ئەو داوایەدا بێت .**

# بەندی سێیەم
# جیێنشینی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە

1-داواکاری کۆی دةنط. 2-تاقیکردنةوة و لیَکدانةوة. 3-جیَطیربوونی زانیاری رامیاری لةلای موسولَمانان. 4-طرنطیدانی موسولَمانان بة زانیاری یؤنانیةکان. 5-شؤرشی موسولَمان بةسةر جیَنشینیدا. 6-ثشت بةستنی جیَنشینی بة هیَز و توندوتیذی. 7-ئیسلام ئایینی یةکسانی و سةربةرزیة. 8-جیَنشینی ثلة و ثایةیةکی ئازیزة خاوةنةکةی هةولَی زؤری بؤ دةدا. 9-جیَنشینی و زؤر و ستةم. 10-فشاری ثاشایةتی لةسةر سةرهةلَدان و هةستانةوةی زانست و رامیاری. 11-داواکاری کؤی دةنط وةرناطیرآ. 12-دوایین بةلَطةیان لةسةر جیَنشینی. 13-ناکرآ دةبیَت ئةو خةلَکة جؤریَك لة جؤرةکانی فةرمانرةوایةتیان هةبیَت. 14-ئایین دان بة فةرمانرةوایةتیدا دةنیَت. 15-فةرمانرةوایةتی جیَنشینی نیية. 16-نة ئایین و نة ذیان ثیَویستیان بة جیَنشینی نیية. 17-لةناوضوونی جیَنشینی لةئیسلامدا. 18-جیَنشینیی لةناو لةمیسردا. 19-ئةنجام.

1–**وای دەردەخەن کە پەرتوکی خوا و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوایان (د.خ) لەکیس چووە (کۆی دەنگی موسوڵمانان لەسەرەتا و یەکەمینەوە دادەنێن لە بەدوای یەکدا هاتنی پەرتوکی خواو فەرموودەی پێغەمبەر و کۆی دەنگی موسوڵمانان)، پاش لەدنیا دەرچوونی پێغەمبەر (د.خ)، بۆ ئەوەی بۆشایی کات لە نەبوونی پێشەوادا دروست نەبێت، هەتاوەکو ئەبوبەکر (خ.ل) لە ووتە بەناوبانگەکەیدا، لەکاتی لەدنیا دەرچوونی پێغەمبەردا (د.خ) ووتی: ئەوا پێغەمبەری خوا موحەممەد مرد، دەبێت بۆ ئەم ئایینە یەکێك هەبێت هەستێت بیبات بەڕێوە. هەموویان دەست پێشخەریانکرد لە پەسەندکردنیدا، گرنگترین شتیان بۆ ئەو مەبەستە بەجێهێشت، ئەویش ناشتنی تەرمی پێغەمبەری خوا (د.خ) بوو، هەتاوەکو ئێستاش خەڵك لەسەر ئەوەن، لەهەموو سەردەمێکدا هەتاوەکو ئەمڕۆی ئێمە، لە دانانی پێشەوادا و بەدوای یەکدا و لە هەموو سەردەمانێکدا - أه المواقف و شرحه.**

2–**دانی پێدادەنێین کە کۆی دەنگ بەڵگەیەکی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلامە، لەمەشدا هیچ ناڕەزاییەك ناوروژێنین لەگەڵ ئەوانەی کە ڕای پێچەوانەیان هەیە. کۆی دەنگ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەلای زانا یانی موسوڵمان، لەلای کۆمەڵی ئارەزوو کۆی دەنگ بەڵگە نییە لەلایان وەکو** ئیبراهیم ئةلنيزام **و قاشانی لە (المعتزلە) و (الخوارج) و زۆربەی** (الروافض) **- کشف الاسرار.**

پاشان دانیپێدا دەنێن کە کۆی دەنگ لەخۆیدا دەکرێت ببێت و جێگیربێت. هەندێك لە (الروافض) و پەیڕەوی (المعتزلە) وای بۆ دەچن کە دانیشتن بۆ دەنگدانی گشتی کارێکی پێویست نیە  داود و لایەنگرانی (أهل الظاهر) و ئەحمەدی کوری حەنبەل کە یەکێکە لەو دوو گێڕەرەوانەی کە لێی دەگێڕنەوە دەڵێ: کۆی دەنگ بۆ کەس نییە جگە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ)  زەیدییەکان و ئیمامییەکان کە لە (الروافض)ن دەڵێن کۆی دەنگ دروست نییە جگە لە کەسە زۆر نزیکەکانی پێغەمبەر (د.خ) نەبێت واتە خزمەکانی  لە مالیکەوە (خ.ل) دەگێڕنەوە کە کۆی دەنگ ناکرێت جگە لە خەڵکی مەدینە نەبێت - راجع كتاب الكشف الأسرار لعبد العزيز البخاري على أصول الأمامة لفخر الأسلام أبي حسين علي بن محمد بن حسين البزدوي – طبع دار الخلافة سنة 1307هـ ج3 ص946 ومابعدها.

لەگەڵ ئەوانەشدا نین کە دەڵێن: هەرکەسێك داوای کۆی دەنگ بکات ئەوە درۆزنە، ئەمە لە پێشەوا ئەحمەدی کوری حەنبەلەوە گێڕراوەتەوە - راجع تأريخ التشريع الاسلامى لمؤلفه محمد الفخرى ص206. بەڵام داواکاری کۆی دەنگ لەم باسەدا هیچ پاساوێکی بۆ نادۆزینەوە بۆ وەرگرتنی بە هەر جۆرێك بێت.

بەڵگەیەکیان نەبووە ئەگەر داوای بەڵگەیەکیان لێ بکەین بۆ مەبەستێك کە هەرگیز بەڵگەیان چنگ ناکەوێت، سەرەڕای ئەمە ئێمە بۆت دەسەلمێنین لە خوارەوە کە داواکاری کۆی دەنگ لێرەدا ڕاست نییە و نەبیستراوە، چ مەبەستیان بێت کۆی دەنگی هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) بە تەیا، یان هاوەڵان و شوێنکەوتووان، یان زانایانی ئیسلام، یان موسوڵمانان هەموویان، پاش ئەوەی ئامادەکاری بۆ ئەم مەبەستە دەکەین.

3–لەو تێبینیانەی کە دەیکەین لەناو مێژووی جوڵانەوەی زانست لەلای موسوڵمانان بەختی زانیاری ڕامیاریی لەناویاندا لەبەرامبەر زانستەکانی تر ڕەش بووە، بوونی لە نێوانیاندا بوونێکی لاواز بووە، ئێمە هیچ کەسێکیان لێ نابینین کە دانەرێك بێت لە بواری ڕامیاریدا و لەوەرگێڕانیدا، و هیچیان لێ نەزانراوە کە لێکۆڵینەوە لە بەشێك بکەن دەربارەی سیستەمی حوکمڕانی و نە لەبارەی بنەماکانی ڕامیارییەوە، تەنیا شتێکی کەم نەبێت کە هیچ نرخێکی بۆ دانانرێت بەرامبەر ئەو هەموو جوڵانەوە زانستیانەی جگە لە زانستی ڕامیاریی لە بوارەکانی تردا هەیانبووە.

بەمەش لەلایان داواکاری زۆر بوو لەسەر ئەوەی پاڵیان پێوە بنێت بۆ لێکۆڵینەوەی وورد لە زانستی ڕامیاریدا، ئەو هۆکارانە لەلایان ئاشکرا بوو کە بەڵێنیان دەداتێ بۆ ڕۆچوون بەناویدا.

4–کەمترین هۆ بۆیان لەگەڵ ئەو زیرەکییە زکماکییەی کە لەگەڵیاندایە، ئەو چالاکیە زانستییەی هەیانە، زیاتر بەسرابووەوە بە یۆنانیەکانەوە لە بواری فەلسەفە و زانستەکاندا، ئەو پەرتوکانەی یۆنان کە سەرگەرمی کردبوون بۆ وەرگێڕان و خوێندنەوەیان بەس بوو بۆ ئەوەی هانیان بدات کە حەز لە ڕامیاری بکەن و لەلایان خۆشەویست ببێت، ئەو زانستە کۆنە، زۆربەی زانایان و فەیلەسوفانی کۆنی یۆنانی سەرگەرم کردبوو و ئەوەش نەك هەر لە فەلسەفەی یۆناندا، بەڵکو لە ژیانیاندا، شتێکی ترسناك بوو.

5–هۆیەکی تری گرنگتر هەیە، ئەوەش ئەوەیە پلە و پایەی جێنشینی موسوڵمانان لە سەردەمی جێنشینی یەکەمەوە، ئەبوبەکری صدیق (خ.ل)، هەتاوەکو ئەمڕۆمان، هەموویان ڕووبەڕووی دەرچوون لەفەرمان و نەیار بوونتەوە، مێژووی ئیسلام جێنشینێك ناناسێت کە لە فەرمان دەرچووی نەبێت، هیچ نەوەیەك لە نەوەکان سەردەمێکیان بەسەر نەبردووە کە ململانێیەکیان نەدیبێت لە ململانێکانی نێوان جێنشینەکان، بەڵێ لەوانەیە ئەمە کاری هەموو پاشاکان بووبێت لە هەموو گەل و کۆمەڵ و نەوەیەکدا، بەڵام گومانمان لەوەدا نییە گەلێك لە گەلان پێش موسوڵمانان کەوتبێت لە مەدا، ململانێکانیان بۆ جێنشینی دەستی پێکردووە لەگەڵ دەست پێکردنی جێنشین خۆیدا ، و ماوەتەوە بە مانەوەی

جێنشین.

بۆ جوڵانەوەی ئەو بەرهەڵستکاریە مێژوویەکی گەورە هەیە کە شایانی گرنگی پێدانە. جاری وا هەبووە بەرهەڵستکاری شێوەیەکی بەهێزی گەورەی وەرگرتووە، خاوەنی سیستمێکی دیار بوون هەروەکو (الخوارج) کردیان لەسەردەمی عەلی کوری ئەبی تالیبدا، جارێك لە ژێر پەردەی ڕێکخراوی ناوخۆ، هەروەکو کۆمەڵی (الاتحاد و الترقی) بۆ نموونە، و جاربەجارێکیش لاواز دەبوون بە شێوەیەك هەستیان پێنەدەکرا، وە جاری واش هەبووە ئەوەندە بەهێز دەبوون هەتا دەگەیشتنە ئاستی ئەوەی کورسی پاشا بهەژێنن، لەوانەیە هەر کاتێك توانیبێتیان ڕێگای کارکردنیان گرتۆتە بەر، لەوانەیە ڕێگای زانستی و رامیاریشیان گرتبێتە بەر بە پێی کات و سەردەم.

نموونەی ئەم بزوتنەوانە ئەرکی سەرشانیان بووە پاڵ بەوانەوە بنێنن کە هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە دەربارەی فەرمانڕەوایی، و شیکردنەوەی سەرچاوەکان و ڕێبازەکانی، و وانەکانی فەرمانڕەوایی و هەرچییەك پەیوەندی پێوە هەبێت. و ڕەخنەگرتن لە جێنشینی و ئەوەی لە سەری دەوەستێت، هەتاوەکو کۆتایی ئەوەی زانستی ڕامیاری لێ پێکدێت. ئەوەش تاوان نییە چونکە عەرەبەکان شایستە تربوون بەو زانیاریە، لە پێش ئەوانەی کە لەدواوەی دێن.

6–چیانە دەستەوسان وەستاون لەبەردەم ئەو زانیاریەدا؟ هەڵگەڕاونەتەوە بەبێ لێکۆڵینەوە لێی و دەورتەنراون؟ چیانە سەیرکردنی پەرتووکی کۆماری (Republic)ی ئەفلاتوون و پەرتووکی ڕامیاری (Politics)ی ئەرەستۆیان پشت گوێ خستووە؟ ئایا هەر ئەوان نەبوون کە ئەوەندە ئەرەستۆ سەرنجی ڕاکێشابوون و نازناوی مامۆستای یەکەمینیان لێنا؟ چیانە قایل بوون بەوەی کە موسوڵمانان بەجێبهێڵن لە نەزانی بەسەردا سەپێنراو بەرامبەر پەیڕەوی ڕامیاری و جۆرەکانی فەرمانڕەوایی لەلای یۆنانیەکان؟ هەر ئەوان بوون کە قایل بوون بەوەی کە موسوڵمانان پەیڕەو وەربگرن لە پەیڕەوی سریانیەکان لە زانستی ڕێزماندا؟ و قایل بن بە وەرزشی بەیدەبای هندی لە پەرتووکی (کلیلة و دمنة) بەڵکو قایل بوون بەوەی کە زانیاری ئاینەکەیان تێکەڵ بکەن لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانیەکان لە بارەی چاکە و خراپەوە، باوەڕ و بێ باوەڕییەوە؟

زاناکانمان بواری ئەوەیان نەهێشتۆتەوە کە گرنگی نەدەن بە زانستی ڕامیاری لەبەر گرنگیدانیان بە شتێتر لەبەر بێئاگابوونیان لە بارەی ئەو زانستانەوە، نەك لەبەر نەزانی لە ترسناکی ئەوە، بەڵام هۆی ئەوە ئەمە بووە کە بۆت ئەگێڕینەوە.

7–دەبێت سەرچاوەی جێنشینی لەلای موسوڵمانان (بگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی کەسانی خاوەن پەیمان و شیکەرەوە – مقدمە ابن خلدون) کە (پێشەوایەتی پەیمانێکە پێکدێت بە متمانە بەخشینی کەسانی شیکەرەوە و خاوەن پەیمان بەوەی کە هەڵیانبژاردووە بە پێشەوا بۆ گەل، پاش گۆڕینەوەی ڕا و بۆچوون لە نێوانیاندا – الخلافة للسيد محمد رشيد رضا ص24-25 ).

لەوانەیە ئەمە واتای ئەوە بێت کە جێنشینی لەلای موسوڵمانان دادەنرێت لەسەر بنەمای متمانە بەخشینی سەربەخۆ، و پشت دەبەستێت بە ئارەزووی کەسانی خاوەن بەڵێن و شیکەرەوە لەناو موسوڵماناندا و قایل بوونیان، لەوانەیە ڕەوابێت جێنشین هەبێت لەم جیهانەدا لە سەرئەوەی باسیان کردووە، بەڵام ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ خود و ڕاستی فەرمانەکە دەبینین جێنشینی لە ئیسلامدا پشتی نەبەستووە بە بنەمای هێز و تۆقاندن، ئەو هەموو هێزە، زۆربەی زۆریان کەمێکیان نەبێت، هێزێکی دارای چەکدارە. و هیچ شتێك بە دەوری جێنشیندا نەبووە جگە لە ڕم و شمشێر بەولاوە، لەشکری پرچەك و توندوتیژ، بەمە و جگە لەمە بە هیچ شتێك پلە و پایەکەی بێ خەم نابێ و، کاری

**تەواو دەبێ.**

**لەوانەیە ئاسان بێت بڵێین کە یەکەمین سێ جێنشینی ڕاشیدیەکان بۆ نمونە پلە و پایەی خۆیان دروست کردووە لەسەر بنەمای هێزی دارایی، و دروستیان نەکردووە لەسەر پایەی سەرکەوتن و سەرکوتکردن، بەڵام گومان بردن ئاسان نیە لەوەدا کە** عەلی و مەعاویە (خ.ل) **نەگەیشتوونەتە کورسی جێنشینییان لەژێر سێبەری شمشێردا، و بەسەر نوکی ڕمەوە نەبێ، هەروەها هەموو جێنشینەکان لەدوای ئەوان هەتاوەکو ئەمڕۆ. فەرمانڕەوای موسوڵمانان** محەممەدی ئێنجەم **دەسەڵاتداری تورکیا، نەیدەتوانی لە کۆشکی** یەلدزدا **ئەمڕۆ دانیشێت ئەگەر ئەو لەشکرەی نەبووایە کە پاسەوانی کۆشکەکەی دەکەن، کورسیەکەی دەپارێزن، ئەگەر بەرگری لێ نەکرێ لەناو دەچێ.**

**گومانمان لەوەدا نییە بە هیچ شێوەیەك لەوەی کە سەرکەوتن هەمیشە کۆڵەکەی جێنشینی بووە، و مێژوو تاوەکو ئێستا باسی هیچ جێنشینێکی بۆ نەکردووین هەتاوەکو لە بەرامبەریدا داویەتی بە گوێماندا زەبر و زەنگی چەکداری لە هەرچوارلایەوە هەیە، ئەو هێزە تێکشکێنەرەی کە سێبەری بۆ دەکات، و ئەو شمشێرە زاڵەی کە فیداکاری بۆ دەکات.**

**لەبەر ئەوە نەبێت کە توشی زیادەڕۆیی نەبین لە ووتندا ئەوا بۆ خوێنەری بەڕێزمان دەخستە ڕوو زنجیرەی جێنشینی هەتاوەکو ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی ببینرێ لە رووە راستیەکەیدا کە چۆن لە هەموو ئەڵقەیەك لەو زنجیرەدا شێوازی دەرپەڕاندن و سەرکەوتن دەردەکەوێ، لەبەر ئەوەی ڕوون ببێتەوە کە ئەوەی ناوی کورسی تەختی لێنراوە بەرز نابێتەوە تەنیا لەسەر کەللەی سەری مرۆڤەکان نەبێت و لەگیانی خەڵکی بسەنێرێت، هیچ هێزێکی تێدا نییە هەتاوەکو هێزەکانی تر تیرۆر نەکرێن، و هیچ گەورەییەك نییە و هیچ سەروەریەکی نییە تەنیا بەوە نەبێت، کە لە گەورەیی و سەروەری ئەوانیتر دەسەنرێت - وەکو شەو وایە ئەگەر درێژ بوو ئەوا هاتنی بەیانی لە کۆشکدا دوا دەکەوێت - و ڕووناکی ئەو لە تیشکدانەوەی شمشێرەکاندایە، و لە ئاگری شەڕەکاندا.**

**لەوانەیە لە هەندێك فراوانیەکانی مێژوودا هەست بەو هێزە چەکدارە بکەیت، ئەوەی کە کۆڵەکەی جێنشینییە، نابێتە دیاردەیەکی بەرجەستە، کە هەموو خەڵك هەستی پێ بکات، ئەمە وا دامەنێن کە لەگەڵ ئەوانەی وتمان یەك ناگرێتەوە، لەبەر ئەوە هێز هەیە بە دڵنیاییەوە، و لەسەر ئەو پلە و پایەیەی جێنشین دەوەستێ، کە لەوانەیە کات بەسەر بچێت و ئەو هێزە بەکار نەیەت، لەبەر پێویست نەبوونی بە بەکارهێنانی، وەئەگەر شاردنەوەی لەخەڵك درێژە بکێشێت بێئاگا دەبن لێی، و لەوانەیە هەندێك وا هەست بکەن کە هەر نەبووە، ئەگەر نەش بووبێت، لە ڕاستیدا جێنشینیش دوای ئەو بوونی نەدەبوو (دەسەڵات نابێت بە سەرکەوتن نەبێ و فەرمانڕەواییش بە زەبر) هەر وەکو** ئیبن خەلدون **دەڵێ: لە ووتەکانی** نەوشیروان **بەتایبەتی لەم واتایەدا، دەسەڵات بەسەربازە - المقدمە ص**132. **دراوەتە پاڵ** ئەرەستۆ، **دەسەڵات ستەمێکە سەرباز مەچەکیەتی - المقدمە أبن خلدون ص**38.

8**-سروشتیە پاشایەتی لە هەموو گەلێکدا ڕانەوەستاوە لەسەر سەرکەوتن و زەبر، چونکە پاشایەتی پلە و پایەیەکی بەرێز و شیرینە، سەرانسەری هەموو خۆشیەکانی جیهانی تێدایە، چێژی جەستەیی، خۆشیە دەروونیەکان، لەبەر ئەوە زۆربەی کات ململانێی لێدەکەوێتەوە، زۆر کەمن ئەوانەی دەیدەنە دەست خاوەنەکەی تەنیا بەسەرکەوتن نەبێت بەسەریدا - مقدمە أبن خلدون ص**146.

**سروشتیە لەناو موسوڵمانەکاندا بە شێوەیەکی تایبەتی پاشایەتی تێدا دروست نابێت، تەنیا بەفەرمانی زاڵ بوون و زەبر نەبێت. ئایینی ئیسلام ئەو ئایینەیە کە کۆڵی نەداوە لە فێرکردنی شوێن کەوتووانی بیرۆکەی برایەتی و**

یەكسانی، و فێركردنیان بە ڕێبازی مرۆڤەكان یەكسانن وەكو دانی شانە، و ئەو كۆیلانەی كە لەژێر دەستتاندایە براتانن لە ئاییندا، و موسوڵمانان هەندێكیان بەرپرسن لەوانی تر. ئیسلام كۆڵی نەداوە لە فێركردنی شوێنكەوتووانی ئەو ڕێبازە تەنیا بەشێوازی وانەی فێركردن (نظري)، بەلام موسولمانەكان وەریانگرتووە بەشێوەی (عملی) بەكردەوە، پەروەردەیەكی باشی كردوون، و ڕایهێناون بەشێوەیەكی باش، و فەرمانەكانی بۆ ڕوون كردوونەتەوە لەسەر بنەمای برایەتی و یەكسانی، لەسەر داكەوت (واقع) ڕایهێناون، و ڕووداوەكانی نیشان داون، و هەستێكی فراوانیان كردووە بە برایەتی، و یەكسانیان بەتەواوی لەلا بەرجەستە بووە. و پێغەمبەرەكەیان (د.خ) بەجێی نەهێشتوون هەتاوەكو پاش ئەوەی لەسەر دڵیان ئەم ئایینەی تۆمار كردووە و ئەو ڕێبازەی دەرخوارد داون، و فەرمانڕەوایەتیەكەیان دروست نەبوو هەتاوەكو كاتێك یەكێكیان بەناوی جێنشینەوە بانگ كرد لە سەكۆی پێشەوایەتیەوە (منبر)، ئەگەر هەر لاریەكمان لێی بینی بە شمشێر ڕاستی دەكەینەوە.

سروشتیە لەناو ئەو موسوڵمانانەی كە ئایینەكەیان ئازادی ڕا دەربڕین بووە، و شوێن ڕێبازێكی كرداری كەوتوون، و ملكەچی بۆ خواوەندی هەموو جیهان نەبێ بۆ هیچی تر نابن، بەو بیر و باوەڕەوە هەموو ڕۆژێك لە خوای خۆیان نزیك دەبنەوە بەلای كەمەوە حەڤدە جار لە ڕۆژێكدا، لە پێنج كاتی جیاجیای ڕۆژدا. سروشتیە بۆ ئەو كەسە سەربەرزە ئازادە كە ملكەچی پیاوێك بن لە خۆیان یان جگە لەخۆیان ئەو ملكەچیەی كە پاشاكان داوا لە ژێردەستەكانیان دەكەن، تەنیا ملكەچیەك نەبێت بەهێز، و دابەزینێك بێت لە سەر فەرمانی شمشێری بەزەبردا.

ئەوەی بۆمان باسكردوویت دەربارەی جێنشینی لە ئیسلامدا پشتی نەبەستووە بە بنەمای هێزی ترسێنەر، و بوونی ئەو هێزە، تەنیا بە ئاستەم نەبێت، هێزێكی دارای چەكدار بووە.

ئەوە زۆر مەبەستمان نییە كە ئەو هەموو نهێنیانە بزانین لێرەدا. و لەوانەیە نهێنیەكان تەواو نەبن كە باسمان كردن، و لەوانەشە هەندێك هۆكاریتر هەبێت جگە لەوانەی باسمانكرد، و ئەوەی لێرەدا ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە ئێمە بۆ تۆی بسەلمێنین كە پشت بەستنی جێنشینی بەهێز ڕاستیەكی داكەوتە، گومانی تێدا نییە، و ئێستا پاش ئەوە لەلامان وایە كە ئەو داكەوتە هەست پێكراوە بەسەر كەنارەكانی ژیریدا دەڕوات یان نا؟ ئایا گونجاوە لەگەڵ فەرمانەكانی ئاییندا یان نا؟

دروست بوونی جێنشینی لەسەر بنەمای هێزی بەزەبر بێ‌واتایە تەنیا ئەوە نەبێت بۆ ئەوەی كە لە فەرمانی پلە و پایەی جێنشینی دەردەچێت، یان زیادە ڕۆیی دەكات بەسەریدا، ئامادەكردنی شمشێر بۆ ئەوەی كە بە خراپ خۆی لەقەرەی ئەو كورسیە بدات، و كاربكات بۆ هەژاندنی پایەكانی.

تۆ دەتوانیت هەست بەوە بكەیت بۆ نمونە لە چیرۆكی متمانە بەخشین بە زەید، لە بەشی دووەمی - العقد الفريد لابن عبدربە ص307 - دا هاتووە كە مەعاویەی كوری ئەبو سوفیان، كاتێك ویستی متمانە لە خەڵك وەرگرێ بۆ زەیدی كوڕی، لە ساڵی پەنجاوپێنجی كۆچیدا، نووسراوی نارد بە هەموو لایەكدا كە نوێنەریان بێت بۆلای، هەموو لایەك و گەلێك نوێنەری خۆیان نارد، لەناو هاوەڵەكانیدا دانیشت، مۆڵەتیدا كە نوێنەرەكان بێنە لای، هاتنە ژوورەوە بۆلای، پاشان ئاماژەی كرد بە هاوەڵەكانی بە شان و باڵی یەزیددا هەڵبدەن، هەندێك لە كۆمەڵەكە دوان، پاشان یەزیدی كوری موقەففەع وتی: فەرمان ڕەوای موسوڵمانان مەعاویەیە، ئەگەر تیاچوو یەزیدە، هەركەسێك ملكەچی نەبێت شمشێرە. مەعاویە وتی: دانیشە تۆ گەورەی وتاربێژەكانی. لەكاتێكدا یەكێك لەوانەی بانگەشەیان بۆ بەخشینی ئەو متمانەیە دەكرد لەو ئاهەنگەدا هەستا بۆ وتاردان، بەكورتی ڕوونیكردەوە لە چەند وشەیەكدا و بواری

نەهێشتەوە بۆ ئەوانەی زۆربلێن، بە ڕاستی و بەبێ شۆخی ووتی: فەرمانڕەوای موسوڵمانان ئەمەیە (ئاماژەی کرد بۆ مەعاویـة) ئەگـەر مـرد ئەمەیانـە (ئامـاژەی کـر بـۆ یەزیـدی کـوڕی) و ئـەوەش قاییـل نییـە ئەمەیـە (ئامـاژەی کـرد بـۆ شمشێرەکەی).

9-هەموو شتێك بەتیژی شمشێر وەردەگیرێ وە بەتیژیەکەشی دەپارێزرێ و خۆشەویست دەبێت لەلای (نفس) ڕەوان، لێخۆشبوون تێیدا ئاسان نیە، و نەدۆڕاندنی هیچ شتێك لێی، هیچی ترت پێ نالێم دەربارەی پلە و پایەی گەورەیی و دەسەڵاتداری کە ئەوە زۆر ئازیزە لەلای ڕەوان (نفس)، هەتاوەکو ئەگەر بەبێ کاری شمشێر هاتبێتە ئاراوە، ئەگەر لەڕێگەی هێز و سەرکەوتنەوە هاتبێت، ئەوا ڕەوان زیاتر پێوەی بەندە، و لە پارێزگاریکردنیدا توندوتیژ ترە، بەدگومان بوون لێی زیاترە لە بەدگومان بوون لە سامان و ناموس، هەوڵ و کۆششە بۆ هەموو ئەوەی لە جیهاندا هەیە لە قازانج و خۆشی.

10-ئەگەر لە ژیانی ئەم دنیایەدا شتێك هەبێت پاڵ بە مرۆڤەوە بنێت کە ستەم لەناو بەرێت، دوژمنکاری و سەرکێشی لەسەری ئاسان بێت، ئەوا ئەوە پلە و پایەی جێنشینییە، هەروەك بینیت بەتامترە لەوەی کە ڕەوان پێوەی پابەندبێت، و گرنگترە لەوە کە بەدگومانبی لێی. ئەگەر خۆشەویستی زیادەڕەو و بەدگومانی توند، و هێزی سەرکەوتوو پاڵپشتی بێت، هیچ شتێکی تر نییە جگە لە لادان، و هیچ فەرمانێك نییە تەنیا شمشێر نەبێ. واز لەو هەموو باسانە بهێنە کە بۆمان هێناویت لە بنەما گشتیەکان، شتی بەرچاوە بە تەنیا، هەروەها جگە لە رووداوە نەگۆڕەکانی مێژوو لە تابلۆی پارێزراودان.

ئایا جگە لە خۆشەویستی جێنشینی و بەدگومانی لەسەری، زۆری هێز نەبوو، پاڵی بە یەزیدی کوری مەعاویـەوە نا تاوەکو ڕشتنی ئەو خوێنە پاکە بەرێزەی بە ڕەوازانی، خوێنی حسەینی کوری فاتیمەی کضی پێغەمبەر (د.خ)؟ ئایا جگە لەو هۆکارانە چیتر بوو دەسەڵاتداری یەزیدی کوری مەعاویـەی گەیاندە پایتـەختی جێنشینیی یەکەم، هەتکی ناموس بکات، ئەویش شاری پێغەمبەری خوا بوو (د.خ)؟ ئایا عەبدولمەلیکی کوری مەروان ماڵی پیرۆزی خوای بە ڕەوا نەزانی تاوەکو ئەوانەی دەیپارێزن تێیدا جێگیریان بکات، جگە لە خۆشەویستی بۆ جێنشینی و بەدگومانی لەسەری، لەگەڵ زۆی هێزادا نەبێت چیتر بوو؟

ئایا جگە لەم هۆکارانە بوو کە ئەبو عەبباس عەبدولای کوری محەمەدی کوری عەلی کوری عەبدولای کوری عەباسیان کردە، خوێنڕێژێك، جگە لە خوێنی موسوڵمانان هیچ خوێنێکی ترنا. ئایا بەنو ئومەییـة لە گەلەکەی ئەو نەبوون؟

هەروەها بنەماڵەی عـەبباس خۆیان لەناو خۆیاندا دەستیان نەدایە یەکترکوشتن، هەندێکیان تاوانیان بەوانیتر ئەنجامدا، و بنەماڵەی سبکتکین هەمان کاریان نەکرد، و ساڵح نەجمەدینی ئەیوبی شەڕی لەگەڵ عادلی کوری ئەبابەکری کوری کامل نەکرد. لەسەر کار لای برد و بەندی کرد. و هەردوو فەرمانڕەوایی مەمالیك و جەراکیسـەکان پڕ نەبوون لەسەرکار لابردنی پاشاکانیان و کوشتنیان. ئەمانە هەموو هیچ نەبوو جگە لە جێگە پێیەك لە جێگە پێکانی خۆشویستنی جێنشینی و بەدگومانی لەسەری، و لە پشتی خۆشەویستی و بەدگومانیەوە هێزێکی تێکشکێن هەبوو. هەروەها هەمان قسەش دەربارەی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی عوسمان دووبارە دەبێتەوە - دەربارەی ئەم بابەتە بگەڕێوە سەر پەرتوکی (كتاب الخلافة للسيد أرلند).

11-بەدگومان بوون لەسەر پاشایەتی وا لە پاشاکان دەکات کە کورسیەکەی بپارێزێت لە هەموو شتێك کە پلە و

**پایەی بلەرزێنێت، یان لە ڕێزی کەم بکاتەوە، یان لە پیرۆزی کەم بکاتەوە، لەبەر ئەوە سروشتیە کە پاشا بگۆڕێت بۆ دڕندەیەکی خوێنڕێژ، ببێت بە ئەهریمەنێکی گڕاوی، ئەگەر دەستی بڕوات بەسەر ئەو کەسەی کە لە فەرمانی دەدەچێت، و چاو بڕێتە کورسیەکەی. هەروەها سروشتیە لە پاشادا کە ببێت بە دوژمنێکی سەرسەخت بۆ هەموو لێکۆڵینەوەیەك هەتاوەکو ئەگەر زانستیش بێت، وای بە بیردا بێت کە لەوانەیە زیان بە پلە و پایەی پاشایەتی دەگەیەنێت، یان لەبەر خۆیەوە هەست بە بۆنی ترسناکی بکات، هەرچەندە لە دوورەوەش بێت.**

**ئا لێرەوە فشاری پاشایەتی دەستی پێکردووە بەسەر سەربەستی زانستدا، و لەناوبردنی پەیمانگاکانی فێربوون لەلایەن پاشاکانەوە، هەرکاتێك ڕێگایەکیان بۆ ئەو مەبەستە چنگ کەوتبێت، بێگومان زانستی ڕامیاری ترسناکترین زانستە لەسەر پاشایەتی، بەوەی کە جۆرەکانی فەرمانڕەوایی و تایبەتمەندیەکانی و یاساکانی و  تاد، دەخاتە ڕوو، لەبەر ئەوە دەبوو پاشاکان بەرەنگاری ببنەوە و ڕێگەگری بن لە گەیشتنی بەخەڵك.**

**ئەمە لێکدانەوەی ئەوەیە کە هەستی پێ دەکرێت لە درێغیکردنی هەستانەوەی ئیسلام لە لقەکانی ڕامیاری، بزووتنەوەی ئیسلامی لە لێکۆڵینەوە زانستیەکانی بێبەشە، و خۆپاراستنی زانایان لە قەرەکەوتنی، بە شێوەیەك کە شیاوی ژێرییان بێت، و لەسەر ئەو شێوەیەی کە لەقەرەی زانیاریەکانیتر کەوتوون.**

12-**سەرمان سوڕنامێنێ، ئەوەی کە لەوەوپێش زانیت، لە بێهێزی بزووتنەوەی زانستی ڕامیاری لای موسوڵمانان، و نە لە گرنگی نەدان بە کاروباری ڕمیاری لەلایان، بەڵام ئەوە سەرسوڕهێنەرە کە ئەو زانستە لەناویاندا لەناو ناچێت، و نە لەناو دەبرێت بەتەواوی، سەرسوڕهێنەری گەورەتر ئەوەیە کە لەژێر ئەو فشارە خنکێنەرەدا دزە دەکات، هێزێکی چاودێریکراو، توند و تیژی دەوردراو، هەندێك لێکۆڵینەوەی ڕامیاری بۆ دانیشتنە زانستیەکان، بۆ هەندێکی کەم لە زانایان ناسراوە، ڕاو بۆچوونیان لە بواری ڕامیاریدا جیاوازە لەوەی کە جێنشینەکان دەیانەوێت.**

**ئەگەر ئەم پەرتوکە هەمووی تەرخان بکەین بۆ باسی فشاری پاشا موسوڵمانەکان لەسەر هەموو زانیاریەکی ڕامیاری. و هەموو بزووتنەوەیەکی ڕامیاری، یان لایەنگریەکی ڕامیاری، ئەوا ئەم پەرتوکە کەمە و چەندینی تریش لە وەرگرتنی ووتار دەربارەی ئەم باسە، پاشان لە تواناماندا نییە کە باسی بکەین بە شێوەیەکی تایبەتی، و مەبەستی ئێمە لێرەدا ئێستا ئاماژەکردنە بەو شتانە بە شێوەیەکی گشتی، وە لەوانەیە هەندێ لەوەی کە پەیوەندی بەو لێکۆڵینەوەیەوە هەبێ بەسەرتا ببووریَ.**

**دەگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی بووین کە دەڵێین: کۆمەڵ هەموو کۆك بوو لەسەر دانانی پێشەوا، و ئەو کۆی دەنگە بەڵگەیە لەسەر پێویست بوونی.**

**ئەگەر لەلامان بسەلمێت کە کۆمەڵ لەهەموو سەردەمێکدا بێدەنگ بووە لەسەر متمانە بەخشین بە پێشەوا، ئەوا ئەوە کۆی دەنگی بێدەنگی بووە، ئەگەر سەلما کە کۆمەڵ بەگشتی و سەراپا بەکردەوە هاوبەش بوون لە هەموو سەردەمێکدا لە متمانە بەخشین بە پێشەوا و دانی پێدا بنێن ئەو کۆی دەنگە کۆدەنگێکی بێ پێچ و پەنا بووە، و ئەگەر ئەوە بە ئێمە گەیشتووە ئەوەی سەرەوە بێت نکوڵی لێ ناکەین کە کۆی دەنگێکی ڕاستەقینە بووە، و لەوەی کە فەرمانێکی پەیڕەوپڕۆگرامی ئیسلامی لێدەربهێنرێت ڕەتناکەینەوە، و دایدەنێین بە بەڵگەیەك بۆی لە ئاییندا.**

**لە چیرۆکەکەی** یەزید (ل21) **تێگەیشتیت کە بە چ شێوەیەك متمانە بەخشینیان وەرگرتووە، و چۆن بڕیارەکان دادەڕنران. کەمێك چاوەڕوان بکە زۆرترمان لایە.**

**چیرۆکەکەی** یەزیدی کوری مەعاویە **چیرۆکی** فەیسەڵی کوری حسەین کوری عەلیمان **بیر دەخاتەوە، باوکی**

حسەینی کوری عەلی یەکێك لە فەرمانڕەواکانی عەرەب بوو، ئەوانەی کە لەشەڕی گەورەی جیهانیدا بوونە لایەنگری هاوپەیمانەکان، دژی تورکەکان، بەرامبەر سوڵتانی تورك جێنشینی موسوڵمانان، کوڕەکانی هەستان بە پشتگیری سوپای هاوپەیمانان بە شێوەیەکی ئاشکرا، دوژمنەکانیان لە تورکەکان سەرشۆڕکرد لەگەڵ ئەڵەمانەکان و ئەوانیتر، فەیسەڵ لەوانیتر جیاواز بوو، کە یەکێك بوو لەکوڕەکان، لەلایەن ئینطلیزەکانەوە گرنگی زیاتری پێدرا لەبەر ئەوەی زۆر بەچاکی یارمەتی ئینگلیزەکانی دەدا و بەرامبەر دوژمنان زۆر زرنگ بووە، و زۆر دڵسۆز بوو بۆیان، لەپاشدا وەکو پاشا دایاننا لە شام. و هێشتا بە تەواوەتی پاشایەتیەکەی دانەمەزرابوو سوپای فەرنسا پەلاماریدا، فەیسەڵ هەڵهات، کورسی پاشایەتی و وڵاتەکەی و هەموو شتێکی تری بەجێهێشت، هەتاوەکو گەیشتە ئینگلتەرا، و لەوێوە ئینگلیزەکان هەڵیان گرت و هێنایان بۆ عێراق، وەکو پاشا لە عێراق دایاننا و ئینگلیزەکان وایان دەرخست خاوەنانی لێکدانەوە و بەڵێن لە طەلی عێراق فەیسەڵیان هەڵبژاردووە کە ببێت بە پاشا بەسەریانەوە بە کۆی دەنگ، لەمەشدا هیچ کەسێك سەرپێچی نەکرد تەنیا چەند کەسانێك نەبێت کە نرخیان بۆ دانەدەنرا، هەروەکو ئەوانەی کە ئیبن خەلدون پێشتر ناویان دەبات بەوانەی کە پێچەوانەی گشتین.

بە گیانی تۆ ئینگلیزەکان درۆیان نەکرد، ئەوان هەڵبژاردنیان کرد بەکردەوە، کە هەموو ڕواڵەتەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و یاسایی تێدابوو، لەو ڕۆژەدا ڕا و بۆچوونی زۆربەی هەرە زۆری گەورە پیاوانیان وەرگرتبوو لە عێراقدا، کە بیروڕایان وابوو فەیسەڵ وەکو پاشایەك هەڵبژێرن بۆ خۆیان.

بەڵام ئەوەی لەلای تۆ گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە (ئەوەی) کە وتاربێذەکەی مەعاویة بۆ متمانە بەخشین بە یەزید لێیانی وەرگرت، هەر ئەوەبوو (ئەوەی) کە ئینگلیزەکان کۆی دەنگی عێراقیان بۆ پێشەوایەتی فەیسەڵ وەرگرتبوو، ئایا تۆ ئەوە ناو دەنێیت کۆی دەنگ؟!

ئەگەر ئەو کۆی دەنگەی ئەوان ئاماژەی بۆ دەکەن بیسەلمێنن کە کۆی دەنگێك بووە کە نرخی بۆ دابنرێت، ئەی چۆن (الخوارج) وتویانە نابێت پێشەوا لە بنەڕەتدا دابنرێت، و هەروەها ئەصەم کە لە المعتزلە)یە هەمان شتی وتووە - المواقف ص463 . هەروەها جگە لەوانیش چەند کەسێکی تریش وتویانە، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد - هەمان سەرچاوە ل12.

ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ڕەخنەیە لە بانگەشەی کۆی دەنگ کە لەلامان بسەلمێت سەرپێچی ئەصەم و (الخوارج) و ئەوانی تر، کە ئیبن خەلدون پێیان دەڵێت ئەوان پێچەوانەی گشتین.

13-زانیت کە پەرتوکی پیرۆز پاکە لەوەی کە باسی جێنشینیی کردبێت و ئاماژەی پێکردبێت، و هەروەها فەرموودەکانی پێغەمبەریش (د.خ) ئەمەیان پشت گوێ خستووە، و کۆی دەنگ لەسەر ئەوە دانەنیشتوون، ئایا ئیتر لەلایان هیچ بەڵگەیەك ماوە لە ئاییندا جگە لە پەرتوکی خوا و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) یان کۆی دەنگ.

بەڵێ بەڵگەیەکی تریان لاماوە جگە لەوە هیچیتر نازانین، ئەویش دواشتە کە پەنای بۆ دەبەن، ئەویش بێهێزترین بەڵگەیانە و لاوازترینیانە.

دەڵێن جێنشین جێبەجێکردنی داب‌ونەریتە ئایینیەکان و چاکسازی کۆمەڵی لەسەر دەوەستێ  تاد.

14-ئەوەی کە زانراوە و زانایانی ڕامیاری پێی قایلن ئەوەیە کە دەبێت لە کۆمەڵێکی شارستانیدا بەڕێوە چوونی فەرمانەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بێت، وەکو یەکە ئەگەر کۆمەڵ ئایینی هەبێت یان نا، هەروەها ئەگەر موسوڵمان بن یان گاور بن یان فەلە (جو)بن یان تێکەڵاوبن لە ئاییندا - دەبێت کۆمەڵ ڕێکوپێك بێت بیروباوەڕیان

هەرچیەك بێت، هەروەها هەرجۆرێك بێت لە ڕەگەز و ڕەنگ و زماندا، دەبێت فەرمانڕەواییەك هەبێت کاروبارەکانی ببات بەڕێوە، و هەستێت بە ڕێکخستنی فەرمانەکان لە کۆمەڵدا، لەوانەیە فەرمانڕەواییەکان جیاوازیان هەبێت لە شێوە و ڕوخساردا لە نێوان یاساییدا و ستەمکاریدا، و لەنێوان کۆماری و تاکرەوی (بەڵشەفی) و هیتر. لەوانەیە هەندێك لە زانایانی ڕامیاری بکەونە کێشمەکێشەوە لەسەر ئەوەی جۆرێکیان لە جۆرێکی تر بە چاکتر لەقەڵەم بدەن لە فەرمانڕەوایەتیەکەیاندا. بەڵام بەهیچ شێوەیەك و لە هیچ کامێکیانمان نەبیستووە و نەبینیوە وەنە لەجگە لەوان کە ناکۆکیان هەبێت لەسەر ئەوەی کە گەلێك لە گەلان دەبێت جۆرێك لەجۆرەکانی فەرمانڕەواییان هەبێت. و بەڵگەیان هەبێت لەسەری کە لێرەدا مەبەستمان نییە باسی بکەین و بیانخەینە ڕوو. لێرەدا جێگەی ئەوە نییە، هەرچەندە ئێمە گومانمان لەوەدا نییە کە ئەو بیروبۆچوونە بەگشتی ڕاستە، خەڵك چاك نابن و پشێوی دەستبەرداریان نابێ، و لەوانەیە ئەبوبەکر (خ.ل) ئاماژەی بۆ ئەم بیروڕایە کردبێت کاتێك لە ووتارەکەیدا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ووتویەتی: دەبێت کەسێك هەبێت هەستێت بە جێبەجێکردنی ئەم ئایینە. و لەوانەشە پەرتوکی پیرۆز بەم ڕێبازەدا بڕوات هەندێك جار. خواوەندی گەورە لە سورەتی زوخروفدا دەفەرموێ: ئایا ئەوان سۆز و بەزەیی خواوەند دابەش دەکەن؟ ئێمە ژیانی ئەوانمان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە لە ژیانی ئەم جیهانەیاندا، و هەندێکیانمان بەرزکردۆتەوە بەسەر هەندێکی تریاندا چەند پلەیەك، لەبەر ئەوەی هەندێکیان فەرمان بەسەر هەندێکی تریاندا بدات، سۆز و بەزەیی خواوەند باشترە لەوەی کۆی دەکەنەوە.

هەروەها خواوەندی گەورە لە سورەتی مائدەدا دەفەرموێ: با کۆمەڵی ئینجیل فەرمان بەوە بکەن کە لە ئینجیلدا بۆیان هاتۆتەخوارەوە، ئەوەی فەرمان بەوە نەکات کە خواوەندی گەورە ناردوویەتیە خوارەوە ئەوانە خراپەکارن، و پەرتوکمان بۆ ناردویتە خوارەوە بە ڕاستی و پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە لەنێوان دەستتدایە لە پەرتوك و دەسەڵاتداری بەسەریدا، فەرمان بکە لەنێوانیاندا بەوەی کە خواوەند بۆی ناردویتە خوارەوە و شوێن ئارەزووەکانیان مەکەوە لەوەی کە بۆت هاتووە لە ڕاستی، دامانناوە بۆ هەموو یەکێك لە ئێوە پەیڕەوپرۆگرامێك، ئەگەر خواوەند بیویستایە دەیکردن بە یەك گەل، بەڵام بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە لەوەی کە پێی بەخشیوون و پێشبڕکێ بکەن بۆ چاکەکان، گەڕانەوەی هەمووتان بۆ لای خۆیەتی ئەو کاتە پێتان دەڵێت کە لەسەر چی جیاوازی لە نێوانتاندا هەیە، وە تۆ فەرمان بکە لە نێوانیاندا بەوەی خواوەند بۆی ناردوویت، و شوێن ئارەزووەکانیان مەکەوە، و ئاگاداریان ببە هەڵت نەخەڵەتێنن لە هەندێك لەوەی خوای گەورە بۆی ناردویتەتە خوارەوە، ئەگەر سەرپێچیان کرد بزانە کە خواوەند دەیەوێت بە هەندێك لە گوناهەکانیان گیرۆدەیان بکات، لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵك خراپەکارن. ئایا فەرمانی سەردەمی نەزانیان دەوێت؟ کێ لە خواوەندی گەورە چاکترە لە فەرمانداریدا بۆ گەلێك کە تێبگەن، ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە جولەکە و طاور بە بەرپرسی خۆتان دامەنێن، کە هەندێکیان بەرپرسی هەندێکی تریانن، ئەوەی بە بەرپرسی خۆی دایابنێت ئەوە لەوانە، خواوەندی گەورەش ڕێنوێنی گەلی ستەمکار ناکات  تاد.

15–لەم کاتەدا دەکرێت دەربارەی موسوڵمانەکان وابوترێت، ئەگەر وایان دابنێین کۆمەڵێکی جیا بووەوەن بەتەنها، ئەوانیش هەروەکو گەلانی تری جیهان وەهان بەگشتی، پێویستیان بە فەرمانڕەواییەك هە یە کە فەرمانەکانیان ڕێك بخات، کاروبارەکانیان ببات بەڕێوە.

ئەگەر تێگەیشتووەکانیان مەبەستیان لە پێشەوا و جێنشین ئەوەبێت کە زانایانی ڕامیاری لە فەرمانڕەوایەتیان دەوێت، ئەوا ئەوەی ئەوانیش دەیڵێن ڕاستە و بەجێیە، لەوەی هەستان بە داب‌ونەریتە ئایینیەکان، چاکسازی کۆمەڵ،

لەسەر جێنشینی دەوەستێ، بە واتای فەرمانڕەوایەتی، لە هەر شێوەیەکیدا بێت فەرمانڕەوایەتیەکە، لە هەر جۆرێك بێت. سەربەست بێت یان بەستراوە، تاکرەو بێت یان کۆماری، ستەمکار یان دادپەروەر یان پەرلەمانی، دیموکراسی یان سۆشیالیستی یان بەلشەفی. بەڵگەیەکیان لەوە زیاتر لەلا بە ئەنجام ناگات. بەڵام ئەگەر لە جێنشینیدا ئەو شێوە تایبەتەیان ویست لەو فەرمانڕەوایەتیەی کە خۆیان دەیزانن ئەوا بەڵگەکەیان کۆنترە لە داواکاریەکەیان، ئەوەی ئەوان دەیانەوێت ناتەواوە.

16–ئەو داکەوتەی کە ژیریی هەستی پێدەکات، مێژوو گەواهی لەسەر دەدات لەکۆن و نوێدا، ئەوا داب‌ونەریتە خواییەکان و رووکارە ئایینیە پیرۆزەکان لەسەر ئەو جۆرە فەرمانڕەوایەتیانە ناوەستێت کە تێگەیشتوان ناوی دەنێن جێنشینی. نە لەسەر ئەوانەی کە خەڵك نازناوی جێنشینیان لێدەنێت. لە راستیشدا چاکسازی موسوڵمانان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لەسەر هیچ یەکێك لەمانە ناوەستێت. و پێویستمان نییە بەو جێنشینیە بۆ کاروبارە ئایینیەکان و نەبۆ کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەشمان. وەئەگەر بمانەوێت لەوەش زیاتر دەڵێین. جێنشینی لە دروست بوونیەوە هەتاوەکو ئێستا شکستێك بووە بۆ ئایینی ئیسلام و موسوڵمانان، سەرچاوەی ئاژاوە و پشێوی بووە، لەوانەیە لە پاشاندا ئەمەت بۆ ڕوون ببێتەوە بۆت ئاشکرا بکەین، بەڵام ئێستا مەبەستمانە ئەوەت بۆ ئاشکرا بکەین کە ڕاستیەکی هەست پێکراوە بۆ ئەوەی باوەڕ بهێنێت کە ئایینەکەمان بەدوورە لەو جێنشینیە کە تێگەیشتووەکان دایان هێناوە، هەروەها ژیانی ڕۆژانەشمان.

17–زانیت لەوەی بۆمان باس کردیت لە ئیبن خەلدونەوە: ڕێ و ڕەسمی جێنشینی و شوێن پێی بەسەر چووە لەگەڵ بەسەرچوونی ڕەگەزپەرستی عەرەب، و لەناوچوونی وەچەیان، پەرت بوونی سەردەمیان، ئەوەی ماوەتەوە لێیان پاشایەتیەکی ڕووتە، □ و بۆ جێنشینی هیچی لێنەماوەتەوە - هەمان سەرچاوە ل14. ئایا شتێکت لەو بارەیەوە زانیوە پایەکانی ئایینی بەش بەش کرد، بەرژەوەندی موسوڵمانانی ونکرد، بەشێوەیەك لەوانەیە بیفەوتاندایە ئەگەر بمایەتەوە.

لەناوەڕاستی سەدەی سێیەمی کۆچیەوە جێنشینیی ئیسلامی لە هەرچوارلایەوە دەستیکرد بە کەمبوونەوە، هەتاوەکو وای لێهات لەنێوان چوارچێوەی بازنەیەکی بەرتەسکدا و بەچوارلای بەغادا مایەوە (خۆراسان و ئشت رووبار لەژێردەستی ئیبن سامان و وەضەکانیدا بوو پاش ئەوە وولاتی بەحرەین لەژێر دەستی قەرامیتەکاندا بوو، یەمەنیش لەژێر دەستی تەباتەکاندا ، ئەسفەهان و وولاتی فارس لەژێردەستی بنەماڵەی بوەیهیەکاندا بوو، بەحرەین و عەممان لەژێر دەستی لقێك لە خێزانی قەرامیتەکاندا بوو، کە فەرمانڕەوایەتیەکی سەربەخۆیان تێدا دامەزراند □ ئەهواز و واسیت لەژێر دەستی موعیزودەولەدا بوو، و حەلەب لەژێر دەستی سەیفودەولەدا بوو، و میسر لەژێر دەستی ئەحمەدی کوری تۆلۆندا بوو، و پاش ئەوانیش بۆ ئەو پاشایانەی کە سەرکەوتن بەسەریاندا و دەستیان بەسەردا گرت و سەربەخۆ بوون لە فەرمانڕەوایەتیاندا، وەکو ئەخدیشین و فاتمیەکان و ئەیوبیەکان و مەمالیکەکان و کەسانی تر) - تأريخ الخلفاء ترجم من لغه الفرنسيه بقلم نخله بك صالح شفوات ص64 ومابعدها. کاتێك ئەمە ڕوویدا لەو ڕۆژانەدا لە بەغادا کە بنکەی جێنشینی بوو ئایین باشتر نەبوو لە جێگاکانی تر کە جێنشینی لێ داماڵرابوو و داب‌ونەریتەکانیشی لەوانیتر زیاترنەبوو، و شکۆداریشی لەوانیتر گەورەتر نەبوو، هەروەها ژیانی ڕۆژانەش لە بەغا باشتر نەبوو لە جێگاکانیتر، هەروەها کاروباری کۆمەڵ باشتر بەڕێوە نەدەچوو.

18–جێنشینی لە بەغادا هەرەسی هێنا، لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی کۆچیدا، کاتێك تەتەرەکان هێرشیان هێنایە

**سـەر،** موعتەسـەم بیـلای **جێنشیـنی** عەبباسـیان **کوشـت، هـەروەها لەگـەڵ کەسـوکارەکەی و گـەورە پیاوانـی فەرمانڕەویەتیەکەی هەموویانیان کوشتن. ئیسلام سێ ساڵ مایەوە بەبێ جێنشین - تأریخ الخلفاء ص**77.

19-**لەو ڕۆژانەدا پاشای** میسر زوهەیر بیبرس **بوو، و بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەو چاوڕاوە دەستیکرد بە گەڕان بەشوێنەواری جێنشینیی** عەبباسیەکاندا، **هەتاوەکو بەختی هەبوو پیاوێکی دۆزیەوە، وایان دەرخست کە پاشماوەی دارودەستەی جێنشینیی** عەبباسیەکانە، **لە داروپەردووی خانووە ڕووخاوەکەیەتی، و هەروەها** زاهیریش **ویستی وابوو کە دروستی بکات، لەبەر ئەوە ماڵێکی بۆ جێنشینیی** عەبباسی **لە** میسردا **بۆ دروستکرد، هەموو کلیلەکانی کردنەوە و داخستنی بەدەست** زاهیرەوە **بوو، وەکو پەیکەر داینان و ناوی لێنان جێنشینی موسوڵمانان، سەپاندی بەسەر موسوڵماناندا کە ئایین پەروەربن بە شکۆداریەکەی، و کۆنترۆڵی ئەو پەیکەرانە تەنها لە دەستی خۆیدا بوو، دیاریکردنی هەڵسوکەوتیان، هەرچوارلای زمانیان و گوفتاریان. هەروەهاش ئەمە کردەوەی** جەراکیسەکان **بوو لە** میسردا **لەدوای** زاهیر ئاشا، **هەتاوەکو پاشای** عوسمانی **لە ساڵی** (923ك) **ئەم جێنشینیەیان لێسەندنەوە.**

**ئایا ئەمە هیچ شتێکی لە بەرژەوەندی موسوڵمانانی تێدا بوو بۆ ئایین و بۆ ژیانی ڕۆژانەیان لەو پەیکەرە بێ گیانانەدا، کە پاشاکانی میسر دایان دەنان و نازناوی جێنشینیان لێ دەنان. بەڵکو ئەوانە بت بوون و دەیانجولاندن، ئاژەڵ بوون و بەکاریان دەهێنان، پاشان سەرەنجامی ئەو وڵاتە ئیسلامیە بەربلاوانە چی بوو جگە لە میسر ئەوانەی کە گەردنی جێنشینیان لێکرابۆوە؟ دەسەڵاتی جێنشینیان ڕەتکردبۆوە، زۆربەیان ژیان و تا ئێستاش دەژین بەدوور لە سێبەری جێنشینی، و بەدوور لە ملکەچی بتپەرستانە بۆ شکۆداری ئایینی ڕووکەشکراو، ئایا بینیت کە دابونەریتی ئایینی بەتەنها و جگە لەو پشت گوێ خرا؟ کاروباری کۆمەڵ وەستێنرا؟ یان ئایا جیهانیان و ژیانی ڕۆژانەیان ڕەش و تاریک بوو؟ کاتێک کە ئەستێرەی جێنشینیی لێکەوتە خوارەوە؟ ئایا سۆز و بەزەیی ئاسمان وشکیکرد؟ کاتێک جێنشین بەسەریانەوە لاچوو؟ نەخێر.**

بانوا فما بکت الدنیا لمصرعهم ولا تعطلت الأعیاد و الجمع

**بە واتای: بەسەر چوون و جیهان نەگریا لەبەر لەناوچوونیان، و جەژنەکان و کۆبوونەوەی هەفتەش (نوێژی جومعە) پەکیان نەکەوت و بەردەوام بوو.**

20-**پەنادەگرین بەخوا چونکە خوای گەورە و میهرەبان کەسێکی ناوێ بۆ ئایینەکەی، کە ببێ بە گرەنتی مانەوەی ئایینەکەی، شکۆداری و سەرشۆڕی بخاتە دووتوێی جۆرێک لە فەرمانڕەواییەوە، وەنە دەستە و ستافێک لە فەرمانڕەواکان. هەروەها خواوەندی گەورە نایەوێ چاکسازی و خراپەکاری بەندەکانی خۆی بەسرابێتەوە بە جێنشینەوە، و لەژێر سۆز و بەزەیی جێنشینەکاندا بن.**

**خوای گەورە و میهرەبان پاشترین پارێزگارە بۆ ئایینەکەی، بەسۆز و میهرەبان ترە بۆ بەندەکانی**

**بەڵکو ئەوەی باسمانکرد بۆت، دڵنیات بکا لەوەی کە ئەوان داوای دەکەن بۆ جێنشین و پێشەوای گەورە (ڕابەری گشتی) ئەوە شتێك نەبووە لەسەر بنەمای ئایینی پیرۆزی ئیسلام دامەزرابێت، یان لەسەر ژێرییەکی ساغ و دروست، بەڵکو ئەوەی ئەوان دەری دەخەن کە وەکو بەڵگەیەکە بۆی ئەگەر سەیری بکەیت دەبینیت بەڵگە نییە.**

**لەوانەیە مافی تۆ هەبێ بەسەرمانەوە کە ئێستا لێمان بپرسی بیروڕا و بۆچوونمان چییە لەسەر جێنشینی لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە. وە ئێمەش لەسەرمانە کە ئەوەت بۆ ڕوون بکەینەوە. بۆ ئەو مەبەستەش داوای یارمەتی و پشتگیری و ڕێ نیشاندەری و سەرکەوتن لە خواوەندی گەورە و میهرەبان دەکەین.**

# پەڕتوكی دووەم
# فەرمانڕەوایی و ئیسلام

## بەندی یەكەم
## سیستەمی فەرمانڕەوایی لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا

1-دادوەری ثێغەمبەر (د.خ). 2-ئایا ثێغەمبەر (د.خ) دادوەری طرتة ئەستۆ؟ 3-دادوەری عومەر. 4-دادوەری عەلی. 5-دادوەری مەعاز و ئەبو موسا. 6-سەختستی طەڕان بەدوای سیستەمی دادطا لە سەردەمی ثێغەمبەرایەتیدا. 7-سەردەمی ثێغەمبەرایەتی میكانیزمەكانی ثاشایەتی تێدا نەبووە. 8-ثشتطوآ خستنی سەرجەم مێذوونووسان لە لێكۆلێنەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی لە سەردەمی ثێغەمبەرایەتیدا. 9-ئایا ثێغەمبەر (د.خ) ثاشایەك بووە؟

**1–كاتێك كە لێكۆڵینەوەمان دەكرد دەربارەی مێژووی دادگایی لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) هەستمان بەوەكرد، دەربارەی دادگایی لەو سەردەمەدا دەبینین خاڵی نییە لەو نهێنی و نەزانراوانەی كە سەختە لێكۆڵینەوەیان لەگەڵدا بكرێت، لەوانەیە ئاسان نەبێت لەگەڵیدا بگەیتە بیر و ڕایەكی پێگەیشتوو، كە زانست دانی پێدابنێت، دڵ و دەرونی لێكۆڵەرەوەكەی پێ ئارام ببێت.**

**بێگومان دادگایی بەواتای یەكلاكردنەوەی كێشەكان و چارەسەركردنیان، لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) هەبووە، هەروەها لەلای عەرەبەكان و جگە لەوانیش هەبووە، پێش هاتنی ئیسلام. هەندێكجار كێشەكان بەرزكراونەتەوە بۆ پێغەمبەر (د.خ) و دادوەری تێداكردووە. پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: ئێوە كێشەكانتان دێنن بۆلام، لەوانەیە هەندێكتان هەڵەبن لە داواكاریەكانتاندا لە هەندێكیتر، هەركەسێك دادوەریم بۆكرد و شتێك لە مافی براكەیم بەقسەی خۆی بۆ وەرگرت، ئەوە پارچەیەك لەئاگرم بۆ جیاكردۆتەوە، بانەیبات -البخاری فی كتاب أشهادات ص**170 ج3.

**لەمێژووی ڕاستەقینەی دادوەریكردنی پێغەمبەردا (د.خ) شتێك لە دادوەریكردنیدا دەبینین, هەڵێنجانی شتێك لێی هەروا ئاسان نییە، بەڵكو نەگونجاوە، لەبەر ئەوەی ئەوەی بۆمان گێڕراوەتەوە لە فەرموودەكانی دادوەریكردنی پێغەمبەر (د.خ) ناگاتە ئەوەی كە وێنەیەكی ڕوون و ئاشكرای بداتێ دەربارەی ئەو دادوەریكردنە، لەبەر ئەوەی سیستەمێكی تایبەتی نەگۆڕی نەبووە، ئەگەر سیستەمیشی هەبووبێت.**

**2–هەستمانكرد كە دادوەریكردن لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) نادیار و نەزانراوە لە هەموو لایەكەوە، هەتاوەكو ئاسان نییە بۆ لێكۆڵەرەوە، بزانێت ئایا پێغەمبەر (د.خ) كەسێكی تری داناوە جگە لەخۆی كە سەروكاری دادگا بكات یان نا. سێ هاوەڵی پێغەمبەر (د.خ) هەبوون كە زۆربەی زانایان دەیانژمێرن لەوانەی لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) دادوەریان پێسپێردراوە.**

**هەندێكیان دەڵێن پێغەمبەر (د.خ) دادوەری داوە بەسەر** عومەری كوری خەتابدا، **و** عەلی كوری ئەبو تالیبدا، **و** مەعازی كوری جەبەل **خوایان لێڕازیبێت - رفاعه بك فی كتاب نهایه الایجاز فی سیره ساكن الحجاز ص**429 **نقلا عن كتاب تخریج الدلالات السمعیه. دەبێت** ئەبو موسای ئەشعەریان **بۆ زیاد كردبێت خوای لێڕازیبێت، لەبەر ئەوەی لە**

**کارکردنیدا، وەکو دەردەکەوێت، هاوشێوەی** مەعازی کوری جەبەل **بووە و وەکو یەکتر بوون.**

3-**سەبارەت بە** عومەر (خ.ل) **ئەوا دادوەری گرتووەتە دەست لە سەردەمی پێغەمبەردا** (د.خ)، **گێڕانەوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە ڕووی مێژووییەوە سەبارەت بەمە دەگێڕنەوە، وادەردەکەوێت کە ئەمە لەڕێگەی بەئەنجام گەیشتتنەوە وەرگیرابێت - نهایە الایجاز ص**429. **لەگێڕانەوەکانی** تورموزی **کە یەکێکە لە گێڕەرەوە ناودارەکانی فەرموودەکانی پێغەمبەر دەڵێ: کاتێك** عوسمان **وتی بە** عەبدولای کوری عومەر **بڕۆ دادوەری بکە لەناو خەڵکدا. وتی: ئایا دەمبوورێری ئەی گەورەی موسوڵمانان؟ وتی: بۆ ئەمەت پێناخۆشە کاتێکدا باوکت دادوەری کردوە لەوەوپێش؟ وتی: کاتێك باوکم دادگایی دەکرد لەناو خەڵکدا ئەگەر شتێکی بەرەو ڕوو ببوایەتەوە و بۆی نەکرایە پرسیاری لە پێغەمبەر** (د.خ) **دەکرد، ئەگەر پێغەمبەریش** (د.خ) **بۆی نەکرایە پرسیاری لە** جوبرەئیل **دەکرد. بەلام من کەسم دەست ناکەوێ پرسیاری لێبکەم  تاد.**

4-**بەلام** عەلی کوری ئەبی تالیب (خ.ل)، **پێغەمبەری خوا** (د.خ) **ناردوویەتی بۆ یەمەن، لەکاتی گەنجیەتیدا، بۆ ئەوەی دادوەری بکات لەنێوانیاندا**  ئەبو داود **کە ئەویش یەکێکە لە گێڕەرەوەکانی فەرموودە** (خ.ل)، **دەربارەی** عەلی کوری ئەبوتالیب (خ.ل)، **دەڵێ: پێغەمبەر** (د.خ) **ناردمی بۆ یەمەن وەکو دادوەر، کاتێك لە سەرەتای تەمەندا بووم، هیچ زانیاریەکم دەربارەی دادگایی نەبوو، فەرمووی خواوەند ڕێنوێنی دڵت دەکات، زمانت پاراو و دامەزراو دەکات، ئەگەر سکالاکەران هاتنە لات دادوەری مەکە هەتاوەکو گوێ لە هەردووکیان دەگری، دوابەدوای یەکتری بەبێ جیاوازی، ئەوە چاکترە بۆت بۆ ئەوەی دادوەریەکەت بۆ ڕوون ببێتەوە. دەڵێ: هەتاوەکو ئێستا دادوەر بووم، ئیتر لەوکاتەوە گومانم لە هیچ دادوەریکردنێکم نەبووە. هەر بەو شێوەیەش** ئەبو عەمروی کوری عەبدولبر **باسی لێوە کردووە لە (الاستعاب)ەوە هەروەها وتوویەتی: پێغەمبەری خوا** (د.خ) **لەناو هاوەڵەکانیدا فەرموویەتی** عەلی کوری ئەبی تالیب **دادوەری لەناویاندا کردووە.**

**ئەوەش لە** بوخاریدا **هاتووە دەربارەی ئەم بابەتە: پێغەمبەری خوا** (د.خ)، خالیدی کوری وەلیدی **نارد بۆ** یەمەن **پێش حەجی ماڵئاوایی، لەگەڵ هەندێك هاوەڵانی پێغەمبەر، پاشان** عەلی **نارد لەجێگای بۆ وەرگرتنی پێنجیەك، کاتێك** عەلی **لە** یەمەن **گەڕایەوە بۆ** مەککە **پاش ئەوەی ئەو فەرمانەی کە پێغەمبەری خوا** (د.خ) **پێی سپاردبوو جێبەجێی کردبوو و هێنابوویەوە - راجع صحیح البخاری ج**5 **ص**163-164.

**لە** عەلی کوری بورهانەدینی حەلەبیەوە **دەگێڕنەوە: پێغەمبەری خوا** (د.خ)، **عەلی نارد لەگەڵ چەند کەسێك بۆ یەمەن، هەموو** همدان **لە ڕۆژێکدا موسوڵمان بوون، ئەمەی بەنامە نووسی بۆ پێغەمبەری خوا** (د.خ)، **کاتێك پێغەمبەری خوا** (د.خ) **نامەکەی بینی کڕنوشی سوپاسگوزاری بۆ خوا برد، پاشان دانیشت، ووتی سلاو لە** همدان. **خەڵکی یەمەن بەدوای یەکدا ئیسلام بوون. ئەمەش یەکەمین ناردنی بووە. ناردنی دووەمینی پێغەمبەری خوا** (د.خ) عەلی **نارد بۆ وولاتی** (مذحج) **لە سەرزەمینی** یەمەن **لە ساڵی سێ سەدی فارسیدا، سەرکەوت بەسەریاندا  دەسکەوتەکانی جەنگی کۆکردەوە  پاشان عەلی گەڕایەوە، پەیمانەکەی خۆی لەگەڵ پێغەمبەردا بردەسەر لە مەککەدا گەیشت بەپێغەمبەر، کە هاتبوو بۆ حەجی ماڵئاوایی  تاد - راجع السیرە الحلبیە ج**3 **ص**227-228.

5-**بەلام** مەعازی کوری جەبەل، **پێغەمبەری خوا** (د.خ) **ناردی بۆ** (جەنەد) **لە یەمەن بۆ دادوەریکردن، و قورئان فێری خەڵك بکات، لەگەڵ پەیڕەوپڕۆگرامی ئیسلامدا، دادوەری بکات لە نێوانیاندا، کۆکردنەوەی بەخششی لە خاوەن کارەکانی مۆڵەت پێدابوو، ئەوانەی کە لە یەمەنن، ئەوەش لەو ساڵەدابوو کە مەککەی تێدا ڕزگارکرا، لە ساڵی**

**هەشتەمی کۆچی - نهایه الایجاز.**

بوخاری لە (**صحیح البخاری ج5 ص161-163)دا لەم بابەتەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا** (د.خ) ئەبا موسا و مەعازی کوری جەبەلی **نارد بۆ یەمەن، دەڵێت هەریەکەیانی بۆ جێگایەك نارد، یەمەن دوو بەش بوو، پاشان فەرمووی، ئاسانکاری بکەن و تەگەرە دروست مەکەن، مژدە ببەخشن خەڵك لەخۆتان دوور مەخەنەوە, با لێتان هەڵنەیێن.**

**لە گێڕانەوەیەکی تردا** بوخاری **دەڵێ: پێغەمبەر** (د.خ) **فەرمووی بە** مەعازی کوری جەبەل، **تۆ دەچیتە ناو گەلێك لە شوێنکەوتووانی پەرتوکەکانی خواوەندن، کاتێك گەیشتیتە ناویان داوایان لێبکە دانیپیێدا بنێن هیچ خوایەك نییە جگە لە (الله) و موحەممەدیش پێغەمبەری (الله)یە، فەرمووی ئەگەر لەمەدا گوێڕایەڵت بوون، ئاگاداریان بکەرەوە کە (الله) پێویستی کردووە لەسەرتان لە ڕۆژ و شەوێکدا پێنج جار نوێژبکەن، ئەگەر لەمەشدا بەگوێیان کردیت، پێیان ڕابگەیەنە کە (الله) لەسەری پێویست کردوون بەخشش لە دەوڵەمەندەکان وەربگرە و بیدەرەوە بە هەژارەکانیان، ئەگەر لەمەشدا گوێڕایەڵت بوون ئاگاداربە لە دەستبلاوی سامانەکانیان، ئاگاداری خۆت بە لە داواکاری ستەملێکراو چونکە لەنێوان ئەو و (الله)دا هیچ پەردەیەك نییە.**

سەید ئەحمەد زەینی دەحلان **لە گێڕانەوەیەکیدا دەربارەی ژیانی پێغەمبەر** (د.خ) **لەمە نزیك دەبێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر** (د.خ) ئەبا موسای عەشعەری و مەعازی کوری جەبەل (خ.ل) **نارد بۆ یەمەن پێش حەجی ماڵئاوایی، لە ساڵی دەیەمی کۆچی، وتراویشە ساڵی نۆیەم  وتراویشە ساڵی هەشتەم کە مەککە ڕزگار کرا، هەریەکەیان بۆ لا یەك، ئاراستەی** مەعازی کوری جەبەل **باکوور بوو ڕووبە** (عەدەن)، **یەکێك لە کارەکانی** (جەنەد) **بوو، وە ئاراستەی** ئەبی موسای ئەشعەری **باشوور بوو** - مطبوعة على الهامش السيرة الحلبية ج2 ص367-368.

ئەحمەد و ئەبوداود **و** تورموزی **و کەسانیتر ، لە گێڕانەوەی** حارسی کوری عمرو **دەریان هێناوە، کوڕی برای** موعیرەی کوری شەعبة، **دەڵێ: بۆی گێڕاینەوە کەسانێك لە هاوڕێیانی** مەعازەوە، **وتی کاتێك پێغەمبەری خوا** (د.خ) **ناردمی بۆ یەمەن پێی وتم چۆن دادوەری دەکەیت ئەگەر دادگاییەکیان بەرەو ڕوو کردیتەوە؟ وتم بە پەرتوکی خوا، وتی ئەگەر لە پەرتوکی خوادا دەستت نەکەوت؟ وتم لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا، وتی ئەگەر لە فەرموودەکاندا و لە پەرتوکی خوادا دەستت نەکەوت؟ وتم بەبیروڕای خۆم فەرمان دەدەم و لانادەم. دەڵێ: پێغەمبەری خوا کێشای بەسنگیا، وتی سوپاس بۆ خوا نێردراوی پێغەمبەری خوای سەرخستووە بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا پێی قایلە - وەرگیراوە لە** (كتاب الأرشاد الفعول الى تحقيق الحق من علم الأصول) للشوكاني ص188 و **کە نووسەر دەڵێت** (محمد بن علي بن محمد الشوكاني المتوفي 1255هـ) **لەبارەی ئەم فەرموودەیەوە، گێڕانەوەی و دانەپاڵی قسەوباسێکی درێژە، وتراویشە زۆر بەدەگمەن دانیپیێدادەنرێت واتە باوەڕی پێدەکرێت.**

**6-ئەو گێڕانەوە جیاوازانەی، بۆمان باسکردی نمونەیەکن لێیان، نیشانت دەدات چۆن دەکرێت لەوەی پێمان وتیت لەپێشدا ئەوەی لێهەڵێنجێنیت، کە ئاسان نییە ئاگاداری شتێکی زۆربیت دەربارەی دادگا لە سەردەمی پێغەمبەردا** (د.خ)، **ئەوەتا خۆت بەچاوی خۆت بیذیت چۆن جیاوازی هەیە لەنێوان گێڕانەوەکان دەربارەی یەك ڕووداو بەتەنیا، پێغەمبەر** (د.خ) **عەلی ناردووە بۆ یەمەن یەکێك دەیگێڕێتەوە کە دادگای پێ سپاردووە، هەندێکیتر وای دەگێڕنەوە کە بۆ دەرکردنی پێنجیەك و زەکات ناردوویەتی، وەهەروەها مەعازی کوڕی جەبەل، لە گێڕانەوەیەکدا چووە بۆ یەمەن بۆ دادگایی، لە گێڕانەوەیەکیتردا چووە بۆ کۆشش لەڕێگای خوادا، وە لە گێڕانەوەیەکیتردا چووە بۆ فێرکردن.**

خاوەنی پەرتوکی ژیانی پێغەمبەر لە گێڕانەوەیەکیدا بە پێچەوانەوە دەڵێ مەعاز فەرمانداریێك بووە یان دادوەرێك، کوری عەبدولبەرەکە دەڵێت دادوەرێك بووە، غەسسانی دەڵێ بەرپرسی دارایی بووە، بەوتەی ئیبن مەیمون کە ڕاستی تێدا دەردەکەوێت دەڵێ بەپرسی نوێژکردن بووە واتە پێشنوێژ بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە فەرمانداریێك بووە واتە (والی) بووە - راجع السيرة النبوية لدحلان المطبوعة على هامش السيرة الحلبية ص368 ج2.

7-لێکۆڵینەوەی قوول دەربارەی دادگا چۆن بووە لە سەردەمی ژیانی پێغەمبەری خوادا (د.خ)، گوێڕایەڵی و بیرکردنەوە لەوە، و بەچاکی تێگەیشتن لەوەی گەیشتووەتە لامان و لەوەی بەسراوە بەو بابەتەوە لە فەرمووده و هەواڵ، هەموو ئەوانە پاڵمان پێوە دەنێ بۆ لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی گشتی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامی، لە ڕۆژانی ژیانی پێغەمبەردا (د.خ)، و دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو فەرمانڕەواتییە ئیسلامییە، ئەگەر بمانەوێ بەڕاستی ناوێك دروست بکەین لەو دەسکەوتانەی کە خواوەند بەخشیویەتی بە پێغەمبەرەکەی لە توانای ولاتانی تر لە فەرمانڕەوایەتی و پاشایەتییەوە.

لەلێکۆڵینەوەکەماندا بۆمان دەردەکەوێت سیستەمی دادگایی لەسەردەمی پێغەمبەرایەتیدا جگە لە دادگا کاروباری تریش لە کارەکانی فەرمانڕەواتییە و لە ئەرکە بنەڕەتییەکانیەتی، لە ڕۆژانی هاتنی پەیامدا هەبووە بەشێوەیەکی ڕوون و بێپەردە، هەتاوەکو لێکۆڵەرەوەی بەویژدان دەتوانێت بۆ ئەوە بڕوات کە پێغەمبەر (د.خ) لەو ولاتانەی کە ڕزگاری کردوون بەپشتیوانی خواوەند کەسێکی دانەناوە لەو ولاتانەدا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان، بۆ جێبەجێکردنی پێویستیەکانی ژیانیان و ڕێکخستنی کاروفەرمانەکان لە نێوانیاندا. و ئەوەی دەیگێڕنەوە لەو بابەتانە هەمووی بریتیە لەوەی کە فەرماندەیەکی داناوە لەسەر سوپا، یان کارمەندێك لەسەر دارایی، یان پێشەوایەك بۆ نوێژکردن، یان فێرکارێك بۆ قورئان، یان بانگکارێك بۆ بۆ ئایینی ئیسلام. وەهیچ شتێکیتر جگە لەمانە نەبووە، ئەمەش ڕووی داوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، هەروەك دەبینی ئەوانەی کە پێغەمبەر بەکاری دەهێنان وەکو نێردراو و نوێنەر، یان لەجێگای خۆی دایدەنان بەسەر مەدینەوە کاتێك کە خۆی دەردەچوو بۆ مەبەستی شەڕەکان.

کەواتە ئێمە تێپەڕمان کردووە لە کاری دادگا و فەرمانبەری بۆ کاروبارەکانی تر جگە لەو، واتای فەرمانڕەوایەتی تەواو نابێت بەوانە نەبێت، وەکو ئەو کارمەندانەی وابەستەبوون بە دارایی و خەرجکردنەوە و پاسەوانیکردنی گیان و سامان (پۆلیس) و جگە لەمانە، فەرمانڕەوایەتییەکان دروست نابن بەمانە نەبێت، لە کەمترینیانەوە تاوەکو کۆتترینیان لە سادەیی و ساکاریدا، بەدڵنیاییەوە ئێمە لەوەی پێمان گەیشتووە لەو سەردەمەدا سەردەمی هاتنە خوارەوەی پەیامە شتێکمان چنگ ناکەوێت بە ڕوونی تابتوانین ئێمە باوەڕی پێ بێنین و دڵنیامان بکات، و بڵێین ئەوە سیستەمی فەرمانڕەوایی پێغەمبەرایەتی بووە.

8-ئەوەی دڵخۆشکەرە لەم بابەتەدا، ئێمە هەست بەوە دەکەین کە نووسەرەکان بەگشتی، لەوانەی هەواڵەکان دەگێڕنەوە، ئەگەر دەربارەی جێنشینێك لە جێنشینەکان یان پاشایەك لە پاشاکان بدوێن، بەزۆری گرنگی دەدەن بە باسکردنی کاربەدەستانیان لە لێپرسراوان و فەرماندەکان و دادوەرەکان  تاد.

لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بەتەواوەتی نرخی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەزانن لە ڕووی زانستیەوە، کۆششێکی زۆریان تێدا خەرجکردووە و گرنگیەکی وایان پێبەخشیوە کە شایانی بێت، بەلام لەمێژووی پێغەمبەردا (د.خ)، ئەگەر شەنوکەوی ئەو لێکۆڵینەوانە بکەیت دەبینیت گێڕانەوەکان تێکەڵ دەکەن لەو بابەتەدا و پەرش و بلاوە و بەیەکەوە نەگونجاوە، دەستدەکەن بە گێڕانەوەیەکی گشتی لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەشێوەیەك

**وەکو ڕێبازی لێکۆڵینەوەکانی تریان نییە دەربارەی سەردەمەکانیتر. هیچ مێژوونووسێکمان نەدیوە خۆی جیابکاتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بۆتی باسدەکەین لە دواییدا دەربارەی** ڕةفاعة بـةط ڕافع ئةلَتةهتاوی، **لە پەرتوکی (نهایە الایجاز فی سیرە ساکن الحجاز)دا، لە گێڕانەوەیەکیدا لە خاوەنی پەرتوکی (تخریج الدلالات السمعیە) وەریگرتووە.** ڕةفاعة کوڕی بةدةوی کوڕی عةلی کوڕی ڕافع، **کە بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر** محةمةد باقری کوڕی عةلی زةینولعابدین **لەساڵی** (1290**ك) کۆچی دواییکردووە - من کتاب أکتفاء القنوع.**

**9–هەرکاتێك بمانەوێت بیرکردنەوەیەك بکەین دەربارەی دادگا لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ)، دەربارەی ئەمە و جگە لە دادگا بەهەمان شێوە، لە کارەکانی فەرمانڕەواییدا، و جۆرەکانی بەرپرسیارێتی، دەبینین لایەنە نادیارەکان دەربارەی لێکۆڵینەوەکە زیاد دەکات، و شاراوەیی لە بابەتەکەدا توندتر دەبێت. پاشان سەرسوڕمانی بیرکردنەوەکەمان بەردەوام لە پەردەپۆشیەکەوە بۆ پەردەپۆشیەکیتر دەڕوات، و لە لێکۆڵینەوەیەکەوە دەمانبات بۆ لێکۆڵینەوەیەکیتر، هەتاوەکو ئەو بینینەمان دەگاتە کۆتایی مەبەستی ئەو بابە تە کە وێکچوویيەکی سەرسوڕهێنەرە. دەبینین خۆمان لەبەردەم کۆسپێکی تری گەورەدا دەبینینەوە کە زۆرانبازی لەگەڵ خاوەن ماسولکەکاندا دەکات، ئەویش دەسپێکی ئەو سەرسوڕمانەیە توشی بووین لەو دژەئاراستانەدا. سەرچاوەیە و جگە لەو لقوپۆیە، ئەویش دایکە و جگە لەو شوێنکەوتووە.**

**ئەو کێشەیە ئەگەر ژێریی سەرکەوتووبوو لە چارەسەرکردنیدا ئەوا بەدواییدا کێشەکانیتر لێشاو دێنن، هەموو پەردەپۆشیەکان دەردەکەون و لەگەڵ نەزانراوەکاندا.**

**ئێمە نزیکت دەکەینەوە لەم کێشەیە و ئێمە هەنگاوێکیش پێشت دەخەین و ئەوتریان دوادەخەین، سەبارەت بە یەکەمیان لەبەر ئەوەی چارەسەری ئاسانە، و خلیسکێنەرەکانی بیروهۆشی تێدا زۆرن، ئەگەر یارمەتیەك لەلایەن خواوەندەوە نەبێت ئەوا هەموو یارمەتیەکانیتر بۆ گەیشتن بە لایەنە ڕاستیەکە تێیدا بێئومێد دەبن. بەڵام هەنگاوەکەیتر لەبەر ئەوەی سەرکێشی لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی ئەو بابەتە، لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵسانی لێشاوێك لە گڕگرتنی ئاگری ئەوانەی ئایین ناناسن, جگەلە وێنە نەبزۆکەکەی، ژێریی بۆی نییە بەسەریدا بسووڕێتەوە، بۆ هیچ ڕایەك نییە دەستی تێوەربدات.**

**بەڵام داوای یارمەتی لە خواوەند دەکەین، لێی دەپاڕێینەوە و داوای سەرکەوتنی باشی لێدەکەین، بەڵکو ئەوەی کە نەزانراوە ئاشکرای بکەین لەلات، ئەوەی داخراوە بیکەینەوە بۆت، بتگەیەنینە ئەو ڕاستیەی رووی دەدرەوشێتەوە، پێچ و پەناکانی روون بێت، بەیارمەتی خواوەند.**

**بزانە بابەتەکە ئێستا ئەوەیە پێغەمبەر (د.خ) خاوەنی فەرمانڕەوایەتییەکی ئایدیۆلۆژی بووە و لێپرسراوی فەرمانڕەوایەتیەکیش بووە هەروەکو چۆن فرستادەیەکی ئایینی و گەورەیەکی ئایینی بووە یان نا؟**

## بەندی دووەم
## پەیامی ئیسلام و فەرمانڕەوایی

1-نةبوونی لاری لة لیَکؤلَینةوة دةربارةی ئةوةی کة (د.خ) ثاشایةك بووة یان نا. 2-ثةیامی ئایین شتیَکة و ثاشایةتی شتیَکیتر. 3-وتةیةك دةربارةی (د.خ) هةروةها ثاشایةکیش بووة. 4-هةندیَك لة زانایان بة دوورودریَذی و بةوردی سیستةمی فةرمانرةوایةتی ثیَغةمبةر (د.خ) روون دةکةنةوة. 5-هةندیَك لةو ویَکضوونانةی کة لةوانةیة لة رووکاری

دةولـةت دةضـيَت لـة سـةردةمى ثيَغةمبـةردا (د.خ). 6-كؤشـش لـةريَطاى خـوادا. 7-كـارة داراييـةكان. 8-ئـةو فةرماندارانـةى كـة دةلَيَـن ثيَغةمبـةر (د.خ) بـةكارى هيَنـاون و داينـاون بةسـةر ولآتانـةوة. 9-ئايـا دامةزراندنـى فةرمانرِةوايةتيةك لةلايةن ثيَغةمبةرةوة (د.خ) بةشيَك بووة لة ثةيامى ئايين؟ 10-ثـةيامى ئـايين و جيَبـةجيَكردن. 11-ئيبـن خةلـدون واى دةبينيَـت كـة ئيسـلام ثـةيرِةوثرِؤطراميَكى راطةيانـدن و جآبـةجآ كردنـة.
12-رةخنـة لـةو راوبؤضـوونة. 13-ئـةو وتـةيـةى دةلَيَت فةرمانرِةوايـةتى ثيَغةمبـةر (د.خ) هـةموو وردكاريـةكانـى فةرمانرِةوايةتى تيَدا كؤبؤتـةوة.14-ئةطـةرى نـةزانينمان بـة سيستةمى فةرمانرِةوايـةتى ثيَغةمبـةر. 15-را طؤريـنـةوة دةربارةى ئةو بؤضوونة. 16-ئةطـةرى ئـةوة هةيـة كـة سادةيى زكماكى سيستةمى فةرمانرِةوايـةتى ثيَغةمبـةر (د.خ) بوو بيَـت. 17-سـادةيى ئـةو ئايينـة.
18-راطؤرِينةوة دةربارةى ئةو بؤضوونة.

**1–لـەلات گـەورەوگران نـەبێت لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـەوە بکـەیت کـە ئایـا پێغـەمبـەر** (د.خ) **پاشـایەك بـووە یـان نـا، واش دەزانـن کـە ئـەو لێکۆڵینەوەیـە ترسـناکە لـە ئاییـنـدا و لـەوانەیـە مەترسـی خراپـی هـەبێت لەسـەر بـاوەڕی لێکۆڵـەرەوە، کارەکە، ئـەگەر دەربارەی بزانیت، باشترە لەوەی کە بچیتە دەرەوە بە باوەڕداری لە کۆمەڵی باوەڕداران، بەڵکو باشترە لەوەی کە لەخواترس بکەویتە دوودڵیەوە لە کۆمەڵی لەخواترسان.**

**بەڵام لەوانەیە ئەم کارەت وابێتە بەرچاو کە ترسناکە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە پلەوپایەی پێغەمبەرایەتیەوە هەیە، و بەسـراوەتەوە بـەجێگای پێغەمبـەروە** (د.خ)**، بـەڵام لەڕاسـتیدا ئالـەوەدا بـەهیچ شـێوەیەك لەقـەرەی پوختـەی ئایـن ناکەوێ، و نـە لەبنـەماکانی ئیسلام. و لەوانەیـە ئەو لێکۆڵینـەوە تـازە بێت لەئیسلامـدا و هـەرگیز لـەناو موسـوڵمانانـدا بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە دەستیان نـەداوەتێ و زانایـان لـەو بارەیـەوە نەگەیشتوونەتـە ڕایـەکی نـەگۆڕی ڕوون، کەواتـە داهێنان نییە لە ئاییندا، نەگونجاویش نییە لەگەڵ ڕێبازی موسوڵمانانـدا، کە لێکۆڵـەرەوە وای بۆ بچێت کە پێغەمبـەر** (د.خ) **پێغەمبەر بووە و پاشایەکیش بووە، داهێنان نییە و گونجاو نییە یـەکێك پێچەوانە بێت لەگـەڵ ئـەم ڕایـەدا لادەر بێت، ئـەو لێکۆڵینەوەیـە لـە دەرەوەی بازنـەی بیروبـاوەڕی ئایینیەوەیـە کـە زاناکـان شـارەزا دەکـات لـە لێکۆڵینەوەیـدا، ڕێبازێکی تێدا بۆ دەستەبەر کردوون، ئەوەی چووەتە ژوورەوە لەدەرگای لێکۆڵینەوەی زانستیەوە لـەدەرگای ئاییـنـەوە دەرچووە. بۆی بڕۆ پێشەوە و مەترسە، تۆ ترست لەسەر نییە.**

**2–تۆ دەزانیت پـەیامی ئاییـنی پاشایـەتی نییـە، هـەروەها لـە نێوانیانـدا هیـچ شتێك نییـە پێکـەوەیان ببەستێ لەهیچ ڕوویەکەوە، پـەیامی ئاییـنی پلـەو پایەیەکـە و پاشـایەتی پلـەو پایەیـەکی تـرە، چـەندەها پاشـا هـەبوون نەفرسـتادە و نەپێغەمبەر بوون، و چەندین نێردراوی خواوەندی گەورە هەبوون کە هـەرگیز پاشا نـەبوون. بـەڵکو زۆرینـەی ئەوانـەی دەیانزانی لە نێردراوەکان تەنها فرستادە بوون و بەس واتا پێغەمبەر.**

عیسا كورى مةريةم (س.ل) **فرستادەیەك بووە بۆ بانگەشەی مەسیحیەت، و گـەورەی گاورەکانـە، لەگـەڵ ئەوەشدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد گوێڕایەڵی قەیسەربن، باوەڕی بەدەسەڵات هەبوو. هەر ئەو بوو لـەنێوان شوێنکەوتوانیدا ئـەو وتـەیـەی ڕاگەیانـد: بیبـەخشن ئـەوەی هـی قەیسـەرە بەقەیسـەر و ئـەوەی هـی خواوەنـد بەخواوەنـد** - أنجيل منى من الأصحاح الثاني و العشرين آية 21.

**هەروەها** يوسفى كورى يةعقوب (س.ل)**، کارمەندێك بوو لەکارمەندەکان، لەفەرمانڕەوایەتی** ئةلرةيانى كورى وةليد **کە** فيرعةونى ميسر **بوو. پاش ئەو کارمەندێك بوو لای** قابووسى كورى مةسعةب - **تأريخ ابى فداء ج1 ص18.**

**لەمێژووی پێغەمبەراندا نەزانراوە تائێستا خواوەندی گەورە پەیامی ئایین و پاشایەتی بۆ یـەکێکیان کۆ بکاتـەوە، تەنها هەندێکیان نەبێت.**

ئایا موحەممەد (د.خ) لەوانە بووە کە خواوەندی گەورە پەیامی ئایین و پاشایەتی تێدا کۆکردۆتەوە، یان تەنها پێغەمبەرێك بووە نەك پاشایەك؟

3–لەهیچ زانایەکمان نەبیستووە بیروڕایەکی ڕوون و ئاشکرای هەبێت لەو لێکۆڵینەوەیەدا، هەروەها نەشمان بینیوە کەس خۆی لەقەرەی قسەکردن لەو بارەیەوە بدات، بەو شێوەیەی کە بوارمان بۆ ڕەخساوە. بەڵام لەوانەیە بتوانین لەڕێگەی هەڵێنجانەوە بڵێین: موسوڵمانان بەگشتی بەزۆری بەلای ئەوەدا دەڕۆن کە پێیانوایە پێغەمبەر (د.خ) پاشایەکی فرستادە بووە، بەهۆی ئیسلامەوە فەرمانڕەوایەتیەکی ڕامیاری شارستانی دامەزراندووە، پاشا و گەورە خۆی بووە. لەوانەیە ئەو بیروڕایە ئەوەبێت کە لەگەڵ ئارەزووی موسوڵمانان بەگشتی دەگونجێت، لەگەڵ ئەوەی وا دەردەکەوێت لە بوونیاندا بەگشتی، وە لەوانەیە ئەمەش ڕای بەشێکی زۆری زانایانی ئیسلام بێت، وا دەیانبینین، ئەگەر قسەیەکیان لەلادا بکرێت پەیوەندی بەو بابەتەوە هەبێت، بەو لایەدا لادەدەن و وایدادەنێن کە ئیسلام یەکەیەکی ڕامیارییە، و فەرمانڕەوایەتییەکەش پێغەمبەر (د.خ) دایمەزراندووە.

قسەکانی ئیبن خەلدون لە پێشەکیەکەیدا بەم لایەدا لادەدات، کە جێنشینیی داناوە بەوەی لەجێگای خاوەنی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلامدا بێت لە پارێزگاریکردنی ئایین و ڕامیاری ژیانی ئەم جیهانەدا، بەگشتی بۆ پاشایەتی و لە پاشایەتیشەوە پلەبەپلە لە خوارەوە تاد - راجع مقدمة: فصل في الخطط الدينية الخلافية ص206 و غيره.

4–خوالێخۆشبوو ڕەفاعە بەگ ڕافع دەگێڕێتەوە لە پەرتوکی (تخريج الدلالات السمعيه)دا لەوە دەچێت ڕاشکاوبێت لەو بیروڕایەدا، بەڵکو لەڕاستیدا ڕاشکاوانە، پوختەکەی دەڵێت: ئەوەی کە نەچووەتە ناوەڕۆکی زانیاری پێشینەکانی، هیچ لە پێداویستییەکانی خوێندکاری نەبێت جگە لە هەردوو دەستی و پێنووسەکەی نەبێت، وایدادەنێت زۆرینەی کارەکانی دەسەڵاتداری داهێنراون نەك لاساییکردنەوە، ئەو کەسەی لێکۆڵینەوە لەسەر کاروپلانی ژیانی ئەم جیهانە دەکات، و شارەزا نییە لە کارەکانی باوەڕداریدا، وادەزانێ کارەکەی ئاییینە. لەبەرئەوە ئەوەی زانیومە دەربارە ئەو کارە کۆمکردۆتەوە لەپەرتوکێکدا بەبڵاوبوونەوەی ڕوون دەبێتەوە، کارەکە دەردەخات بۆ ئەوانەی کاروباری ئیشەکە نازانن، دەربارەی هەموو کارمەندێك کە پێغەمبەر داینـاوە لە هاوەڵەکانی باسم کردووە، بۆ ئەوەی ئێستا ئەوەی بەدوایدا دێت ئەوە بزانێت، و سوپاسگوزاری خواوەند بکات لەسەر ئەوەی بەکار هێنراوە لەکارێکی ڕەوادا، هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) ئەوەی بۆ ئەو کارە شیاو بووایە دەدرا بەسەریدا، دایان دەنان بە بەرپرس لەو پلەوپایەیەدا - أهـ نهاية الأيجاز في سيرة ساكن الحيجاز ص350 طبع بمطبعة المعارف الملكية تحت نظارة الروضة المطبوعات سنة 1291 هـ .

پاشان ڕەفاعە بەگ وتەکانی کورتکردۆتەوە دەربارەی فەرمانبەر و کارمەندانی شارەوانی، تایبەت و گشتی، کەسی و ناوخۆیی و کۆشش لەڕێگای خوادا کە بریتیە لە سیستەمی دەسەڵاتداری ئیسلامی و ئەوەش پەیوەندی پێوە هەیە لە کاروپیشەکاندا، کارمەندانی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام، بەو شێوەیەی لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (د.خ) بوون، لەوەدا کۆی کردوونەتەوە و قسە دەربارەی ئەوەی لەژێر فەرمانی تایبەتی خۆیدابوویێت (د.خ)، ئەوەی بۆ پێشەوای گەورە دەکرێت لەکارە سەرەکییەکان وەکو وەزارەت و بەرپرسیاری و چاودێرانی ئەو قوربانیانەی لە مەککەدا دەکران لە مانگا و حوشتر کە سەردەبڕران و ئەوانەی کاروباری حەجیان بەڕێوەدەبرد و نووسەرەکان و ئەوانەی بۆ کاروبارەکانی ئایینی زیاد دەکران لە مامۆستایانی قورئان و مامۆستایانی نووسین و مامۆستایانی زانستی ئیسلامی، بڕیاردەران و پێشنوێژەکان و بانگبێژەکان و □، پاشان باسی وەرگێڕەکان و نووسەرانی سوپا و

بەخششـەکان و سەرنووسـەکان و جڵـەوگیرەکان، ڕوونـی کردۆتـەوە کـە سەرنووسـکردن لـە بنەڕەتـدا لـە سـەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) هەبووە، پاشان باسی ئەو کارمەندانەیتر کە بەسرابوونەوە بە فەرمانەکانەوە، فەرمانداره گشتیـەکان بەسەر لقەکانەوە، و دادگاکان و ئەوەی پێوەی پەیوەستە لە گەواهیـدان و گـەواهی لەسـەری و نووسـینی پەیماننامـە و پەیوەستەکان و میراتییـەکان و خەرجییـەکان، بەشـکردن و چاودێری دروسـتکردن و دیـاریکردن، و باسـی ژمێریـار و ئاگادارکـەرەوە، ئـەو کەسـانەی کـە پاسـەوانی شـاریان گرتووەتـە ئەسـتۆ، سـیخوڕەکانی شـاری مەدینـە، پاسـەوانی زیندانـەکان و پاسـەوانانی سنوور، پاشـان چـووە سـەرژمێری کارەکـانی فەرمانڕەوایـەتی کـردووە یـەك لـەدوای یـەك، هـەتاوەکو هیچـی نەهێشتووەتـەوە، تـاوەکو ڕەفاعـە بـەتط دەڵـێ: ئـەو شـتەی کـە زۆربـەی نووسـەرانی پەرتوکەکانـی ژیاننامە باسیان نەکردووە بەڵکو هەموویان.

5–گومــانی تیانییــە ئــەو فەرمانڕەواییــەی پێغەمبــەر (د.خ) هەنــدێك لــەو شــتانەی تیــابووە وەکــو ڕووکــاری فەرمانڕەوایەتییەکی ڕامیاریی بێت و جێپێی دەسەڵات و پاشایەتی پێوە دیاربێت.

6–ئـەوەی کـە یەکـەم جـارە بەخەیاڵـدا بێـت نمونەیـەك لـە نمونـەکانی کاروبـاری پاشـایەتی، لەسـەردەمی ڕۆژانـی پێغەمبـەردا (د.خ) دەرکـەوت، بابـەتی تێکۆشـان لـەڕێگای خـوادا بـوو، ئـەوەبوو پـەلاماری ئەوانەیـدا کـە پێچەوانـەی ئایینەکەی بوون لە گەلەکەی خۆی و لە عەرەبەکان، وڵاتەکانیانی ڕزگارکرد، دەستی بەسەر سامانەکانیاندا گرت، پیاو و ژنـی بـەدیل گـرتن. گومـان لـەوەدا نییـە کـە (د.خ) چـاوی بـۆ دوورتـر دەبڕوانـی بـۆ ئـەوەی لـە دوای نیوەدوورگـەی عەرەبەوەیە، خۆی ئامادەکرد بەسوپاکەی دەست بگرێت بەسەر بەشـەکانی تـری سـەرزەویدا، بەکردەوە دەسـتیپێکرد بەململانێی فەرمانڕەوایەتی ڕۆمانەکان لە ڕۆژئاواوە - ئاماژەیە بە پەلاماری (مؤتـة) و کۆمـەڵی ئوسامەی کوری زەید بۆ (أبنـی)، هـەروەها داوای دەکـرد کیسـرای فـارس لـە ڕۆژهەڵاتـەوە ببێـت بەشـوێنکەوتووی ئایینەکـەی، نەجاشـی لەحەبەشە و مقۆقەس لە میسر  تاد.

لەسەرەتاوە وایدەرخست تێکۆشان لەڕێگەی خوادا بەتەنها بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایین نییـە، و بـۆ سـەپاندنی بـاوەڕ بـەخوا و بـە پێغەمبـەر نییـە بەسـەر خەڵکـدا، بـەڵکو تێکۆشـان لـە ڕێگـای خـوادا بـۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتە، و فراوانکردنی قەڵەمڕەوی.

بانگەشـەکردن بۆ ئایین بانگەشـەکردنە بـۆ خواوەنـدی مـەزن، بنـەماکانی ئـەو بانگەشـەیە دروسـت نابێـت تـەنها بـە ڕوونکردنەوە نەبێت، بەجوڵاندنی دڵەکان بەهۆی کاریگـەری و دڵنیاکردنـەوەوە، بـەڵام بـەکارهێنانی هێـز و زۆرلێکـردن لەگـەڵ بانگەشـەی ئایینـدا ناگونجێـت و مەبەسـتەکە تـەنها ڕێنوێنیکردنـی دڵەکانـە، و پاککردنـەوەی بیروبـاوەڕە. لەمێژووی پێغەمبەراندا نـەمان بیستووە یـەکێك هـەڵسێت بەناچارکردنی خـەڵك بـۆ باوەڕهێنـان بەخواوەنـد بـە زەبـری شمشێر، نە پەلاماری گەلێکی داوە لەپێناوی ئەوەدا دانبنێن بە ئایینەکەیدا، ئەوەش هـەمان بنـەما بـووە پێغەمبـەری خوا (د.خ) پەیڕەویکردووە بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی لە پەرتوکی خوادا هەیە.

خواوەندی گەورە دەفەرموێ: زۆرکردن لە ئاییندا نییە، لەکاتێکدا ڕوونبووەتەوە بەئاگابوون و لادان - البقره.

هـەروەها دەفـەرموێ: بانگـەواز بـۆ ڕێگـای خـوای خـۆت بکـە بەزانایانـە و ئامۆژگـاری چـاك، گفتوگۆیـان لەگەڵـدا بکـە بەباشترین شێوە - النحل.

وە دەفەرموێ: ئەو خەڵکە ئاگادار بکەرەوە کە تۆ بەئاگاهێنی، تۆ بەسەریانەوە دەسەڵاتدار نیت - الغاشیه.

وە: ئەگەر ڕکابەرایەتیان کردی بڵێ من خۆم داوەتە دەست ئەڵا و ئەوانەی لەگەڵ مندان، بەوانـەش بڵـێ کـە پەرتوکیان

**لەلایەن خواوە بۆ هاتووە لەگەڵ نەخوێندەوارەکان ئا یا باوەڕتان هێناوە؟ ئەگەر باوەڕ بهێنن ئەوا ڕێنوێنی کراوون، وەئەگەر پشتیان هەڵکرد ئەوا تۆ تەنیا ڕاگەیاندنت لەسەرە، و ئەڵا بە بەندەکانی خۆی بینایە** - آل عیمران.

**وە: ئایا تۆ زۆر لەخەڵکی دەکەیت هەتاوەکو ببن بەموسوڵمان؟ – یونس.**

**ئەمانە بنەمای ئاشکران لەپەیامی پێغەمبەرایەتیدا، هەروەکو پەیامی برا پێغەمبەرەکانی پێش خۆی، بەڵکو پشت دەبەستێ بەئامۆژگاریکردن و دڵنیاکردنەوە، هەرگیز بۆیان نەبووە پشت ببەستن بە بەکارهێنانی هێز، ئەگەر** (د.خ) **پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی هێز و ترساندن، ئەوەش لەپێناوی بانگەوازی ئایینی نەبووە، نەبۆ ڕاگەیاندنی پەیامەکەی بۆ هەموو جیهان. ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئەوەیە تێبگەین ئەوە لەپێناوی قەڵەمڕەوی پاشایەتیدا بووە، و بۆ دروستکردنی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامیی بوووە. و فەرمانڕەوایەتیش ناکرێت تەنیا بەشمشێر نەبێت، و بە فەرمانی زاڵ بوون و سەرکەوتن، ئەمە لەلای ئەوان ئەو نهێنیەی تێکۆشانی پێغەمبەری خوا بووە لە ڕێگای خوادا لەگەڵ واتاکەی.**

7–**وتمان تێکۆشان لەڕێگای خوادا بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی، نمونەیەکە لە نمونەکانی کاروباری پاشایەتی، ئەمەش نمونەیەکی ترە بۆ تۆ:**

**لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەردا** (د.خ) **کارێکی گەورە هەبوو کە پەیوەندی بە کاروباری داراییەوە هەبوو، لەبواری داهات و خەرجیەکاندا، و لەبواری کۆکردنەوەی پارەوپول لەزۆر لایەنەوە، (زەکات، سەرانە، دەسکەوتەکانی جەنگ،  تاد) لە بواری دابەشکردنی هەموو ئەمانە و لەنێوان خەرجکردنیدا، پێغەمبەری خوا** (د.خ) **دیاری وەردەگرت لەگەڵ بەخشش، کە ئەمانە هەموویان بۆ لەئەستۆ دەگرت، گومان لەوەدا نییە کە ڕێکخستنی دارایی کارێکی پاشاییە، بەڵکو گرنگترین پایەکانی فەرمانڕەواییەکانە، هەرچەندە ئەوە لە دەرەوەی پەیامی ئایینەوە یە لەو ڕووەوە کە هەیە، دوورە لەکاری پێغەمبەرایەتییەوە لەبەر ئەوە بە پێغەمبەر دادەنرێت و بەس.**

8–**لەوانەیە ئەوەی** تەبەری **گێڕاویەتیەوە بەهێزترین نمونەبێت لەم بەندەدا بۆ پشتپێبەستن، پێغەمبەری خوا** (د.خ) **بەڕێوەبردنی** ئەمارەتی یەمەنی **دابەسەر پیاوەکانیدا و بەسەریاندا دابەشیکرد، هەر پیاوێکیانی تاک کردەوە بە مەبەستێك و** عەمروی کوری خەزەمی **دانا لەسەر** نەجران، و خالیدی کوری سەعیدی کوری عاسی **دانا لەسەر نێوان** نەجران و ریمەع و زبەید، **و** عامیری کوری شەهری **دانا لەسەر** هەمدان ، **و لەسەر** (سەنعا) ئیبن بازامی **دانا، و لەسەر** (عەك و ئەلشەعرەین) تاهیری کوری ئەبی هالەی **دانا، و لەسەر** (مەئرەب) ئەبا موسای ئەشعەری **دانا، و لەسەر** (جەنەد) یەعلای کوری ئەبی ئومەییەی **دانا و** مەعاز **مامۆستابوو دەهات و دەچوو لە نێوان کارگەردانی هەموو کارمەندەکاندا لە** یەمەن و حەزرەمەوت  **تاد** - تأريخ الطبري ج3 ص214.

**شتی زۆرتر هەیە کە باسمان نەکردووە لەسەردەمی پێغەمبەردا بوون، دادەنرێن بە شوێنەوارێك لە شوێنەوارەکانی فەرمانڕەوایەتی، و ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتەکانی فەرمانڕەوایەتی، و پێوانەکانی دەسەڵاتدارێتی، و هەکەسێك بەو ئاراستەیە سەیربکات، بۆی ساغ دەبێتەوە لەوەدا بلێ پێغەمبەر** (د.خ) **فرستادەیەکی خواوەند بووە، هەروەها پاشایەکی ڕامیاریش بووە.**

9–**ئەگەر گونجا لەلای هەندێك چاودێر ئەمانە دابنرێت بەنمونە، دڵنیابوون لە فەرمانڕەوایەتی پێغەمبەر** (د.خ) **فرستادە و پاشایەك بووە، ئەوکاتە ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوەیەکیتر دەبێتەوە کە جێگای بیرکردنەوە یە. ئایا بنیاتنانی پاشایەتییەکی ئیسلامی لەلایەن** (د.خ)، **و جێبەجێکردنی لەو لایەنەوە شتێکە لەدەرەوەی سنووری پەیامی**

پێغەمبەرایەتی، یان بەشێکە لەوەی خواوەندی گەورە بۆی ڕەوانە کردووە بۆ ئەو مەبەستە نێردراوە و فەرمانی پێدراوە و سروشی بۆ ناردووە؟

سەبارەت بە پاشایەتی و پێغەمبەرایەتی کارێکی جیاوازە لە بانگەوازی ئیسلام، لەدەرەوەی سنووری پەیامی ئایینیەوەیە، ئەوا ئەو بۆچوون و ڕایە لە ڕێبازەکانی موسوڵمانەکاندا نەزانراوە و هاوشێوەی نییە، هیچ شتێك لە قسەکانیاندا بەخەیاڵماندا نایە کە ئەوە بگەیەنێت، ئەوە لەسەر ئەو ڕایە گونجاوە ئەگەر بۆی بچیت، و قسەکردن تێیدا بەبێ باوەڕی و ڕەتکردنەوە نابینین، لەوانەیە بەسەر شانی ئەو ڕێبازەدا بدرێ کە هەندێ لە کۆمەڵە ئیسلامییەکان وایدەبینن نکۆڵیکردن لەجێنشینیی لە ئیسلامدا یەکجارییە.

ئەوە لەلات ترسناك نەبێت بەبیستنی ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) کارێکی وایکردووە لەدەرەوەی ئەرکی پەیامی پێغەمبەرایەتیدا بێت، ئەو قەڵەمڕەویەی پێکەوەی ناوە بەرهەمی ئەوکارەی بۆ ژیانی ئەم جیهانەیە پەیوەندی بە پەیامی ئایینیەوە نییە، ئەو قسەیە ئەگەر گوێ نکۆڵی لێبکات، لەبەر ئەوەی لەقەرەکەوتنی شتێکی نامۆیە لە زمانی موسوڵمانانددا، و بە بنەماکانی ئیسلام، و لەگەڵ واتای پەیامی پێغەمبەرایەتی، و گیانی دانانی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلامی، لەگەڵ مێژووی پێغەمبەردا (د.خ)، ئەمە هەمووی بەرەنگاری ڕایەکی وا نابنەوە و ڕەتی ناکەنەوە. بەڵکو لەوانەیە شتێکمان دەست بکەوێت کە بگونجێت بۆی وەکو پایە و بنەما یەك، بەڵام سەرەڕای هەمووشتێك دەربارەی ئەو ڕایە دوور دەبینین.

10-بەڵام سەبارەت بە پاشایی پێغەمبەرایەتییەوە بەشێکە لەکاری پەیامی ئایینی و تەواوکەریەتی، لەناو پەیامی ئایینیدایە، ئەوە ئەو ڕایەیە کە دەروونی موسوڵمانان وەریدەگرێت و دەبێتە هۆی دەرخستنی ڕەزامەندی، هەر ئەوەشە هەڵسوکەوتیان ئاماژەی پێدەکات، بیروباوەڕیان و ڕێبازەکانیان پشتڕاستی دەکاتەوە، ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو ڕایە بەژیرانە دانانرێت هەتاوەکو نەسەلمێنرێت یەکێك لەکارەکانی پەیامی ئایین ئەوەیە کە پێغەمبەر هەڵسێت بە، جێبەجێکردنی بانگەوازی خواوەند پاش ڕاگەیاندنی بەشێوەیەکی کرداری واتە بەکردەوە، بەواتای ئەوەی کە پێغەمبەر دەبێت ڕاگەیەنەر و جێبەجێکەر بێت لەیەککاتدا.

11-بەڵام ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان کردووە لە واتای پەیامی ئاییندا، و لەئاست لێکۆڵینەوەکانیاندا وەستابین، هەمیشە ئەوەیان پشتگوێ خستووە کە جێبەجێکردن دابنێن بە بەشێك لەڕاستییەکانی پەیامی ئایین، جگەلە ئیبن خەلدون، کە لە وتەکانیدا هاتووە و ئاماژە بەوە دەکات ئیسلام بەتەنیا و جگە لەوانیتر لەئایینەکان تایبەتمەندە بەوەی بانگەوازی ئایین و جێبەجێکردنی بەکردەوە کۆکردووەتەوە، ئەو واتایە دەرخراوە لەهەندێك بابەتەکانی پێشەکیە مێژووییەکەیدا، بەجۆرێك لە جۆرەکانی ڕونکرنەوە ڕونیکردووەتەوە لەبەشەکاندا باسی ئاثا و بەتریاتەکانی کردووە لە ئایینی نەسرانیەکاندا، ناوی کاهینەکانی هێناوە لەناو جووەکاندا، دەڵێ:

بزانە ئایین دەبێت کەسێك هەبێت ڕایگرێت لەکاتی نەبوونی پێغەمبەردا، فەرمانەکان و پەیڕەوپرۆگرامەکانی ئیسلام بدات بەسەر خەڵکدا، دەبێت بەجێنشینی پێغەمبەر لەناویاندا بەوەی کە پێغەمبەر هێناویەتی لە ئەرکەکان. هەروەها جۆرە مرۆڤایەتیەکەیشی، بەوەی کە پێشی خستووە لە پێویستیە ڕامیاریەکان لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، دەبێت کەسێك هەبێت لەناویاندا تاکو بەرژەوەندیەکانیان بدات بەسەریاندا، دووریان بخاتەوە لە خراپەکاریەکانیان، بە زەبر، ئەوەش ناونراوە پاشا، ئایینی ئیسلام تێکۆشان لەڕێگای خوادای تێدا ڕەوانەدەبوو، لەبەر گشتگیری بانگەوازەکە نەبووایە، پێویستکردنی ئایینی ئیسلام بەسەر هەمووواندا بەخۆشی خۆیان واتە بەئارەزووی خۆیان یان

بەزۆر ئەگەر ناڕازیشبن هەردەبێ ببن بەموسوڵمان، جێنشینی و پاشایەتی تێیدا یەکدەگرنەوە، بۆ بەخشینی پلە و پایە و ڕێزلێگرتن بۆ هەردووکیان کە پێیهەڵدەستن، بەڵام جگە لە ئایینی ئیسلام ئەوانیتر بانگەوازەکەیان گشتی نەبووە، تێکۆشان لەڕێگای خوادا ڕەوانەبووە، تەنیا لەکاتی پارێزگاریکردن لەخۆ نەبێت، وای لێهاتبوو ئەوەی بەکاروباری ئایینەکەیان هەڵدەستا هیچ شتێکی دەربارەی ڕامیاری و پاشایی لا مەبەست نەبوو، لەبەر ئەوەی نەدرابوو بەسەریاندا سەرکەون بەسەر گەلانی تردا. بەڵکو ئەوان تەنیا داوای ئەوەیان لێکرابوو هەستن بە ئایینەکەی خۆیان بەتایبەتی لەناو خۆیاندا  تاد.

هەروەکو بینیت ئەو دەڵێ، ئیسلام پەیڕەوپڕۆگرامە و بانگەوازە و جێبەجێکارە، دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی تێدا کۆبووەتەوە، جیا لە ئایینەکانیتر. واتە تەنها ئایینی ئیسلام هەردوو مەرجەکەی تیایە و ئایینەکانیتر ئەو مەرجەی تێدا نییە.

12-بۆ ئەم وتەیە هیچ پشتگیریەك نابینین، هیچ پاڵپشتێکی بۆ شك نابەین، ئەوەش بەو شێوەیە واتای پەیامی ئایین ڕەتدەکاتەوە، هەروەکو زانیت ناگونجێت لەگەڵ ئەوەی سروشتی بانگەوازی ئایینی دەیەوێت، باوای دابنێین کە ئەو وتەیە ڕاستە، ئەوا کێشەیەکیتر ماوەتەوە دەبێت وەڵامێکی بۆ بدۆزنەوە، هەوڵی دەرچوون بدەن لێی، ئەو کێشەیەی کە لەسەرەتاوە دەستمان پێکرد بە لێکۆڵینەوە دەربارەی و پاڵی پێوەناین بۆ لێکۆڵینەوەیەکیتر.

ئەگەر پێغەمبەر (د.خ) فەرمانڕەوایەتییەکی ڕامیاری دامەزراندبێت، یان دەستیکردبێت بەدامەزراندنی، بۆچی فەرمانڕەوایەتییەکەی خاڵی بوو لەزۆربەی پایەکانی فەرمانڕەوایەتی؟ بۆچی سیستەمەکە دانانی دادگا و لێپرسراوێتی نەزانیوە؟ بۆچی دەربارەی سیستەمی پاشایەتی و بنەماکانی پەرلەمانی بۆ گەلەکەی باس نەکردووە؟ بۆچی زاناکانی لەگێژاوی سەرسوڕمان و دوودڵیدا هێشتۆتەوە سەبارەت بە کاروباری سیستەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی لەسەردەمی خۆیدا، بۆچی و بۆچی!! دەمانەوێت بزانین سەرچاوەی ئەوەی بۆ بینەر وادەردەکەوێت نەزانراوە یان دوودڵیە یان کەموکورتیە، یان دەتەوێت بیزانیت، لەبارەی بونیادی فەرمانڕەوایی لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ)، ئەوە چۆن بووە؟ و نهێنیەکەی چییە؟

لەوانەیە ئەوانەی سوورن لەسەر بیروڕای خۆیان موحەممەد (د.خ) هەستاوە بە بانگەواز بۆ ئایینی تازە، بۆ دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتیەکی تازە، سوورن لەسەر ئەوەی ئەو فەرمانڕەوایەتییەی پێغەمبەر (د.خ) دایمەزراند خۆی بنەماکانی دادەنا، کاروبارەکانی بەڕێوە دەبرد، و فەرمانەکانی ڕێکدەخست، بە سروش لەلایەن خواوەندەوە بوو کە چاکترین دادوەرە، پاشان ئەمە ناچاریان دەکات بەوەی بڕوایان وابێت فەرمانڕەوایی لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ)، گەیشتۆتە چڵەپۆپەی پێگەیشتوویی کە ژیری مرۆڤەکان لەئاستیدا دەستەوسان دەبێت، بیرکردنەوەکانیان جگە لەوە هەڵدەگەڕێتەوە، لەوانەیە ئەوانە ئەگەر پرسیاریان لێبکرێت دەربارەی نهێنی ئەوەی کەوا دەردەکەوێت کەموکوڕیە لەسیستەمی فەرمانڕەوایەتیدا، نەزانراویەك هەیە لەبنەماکانیدا، لەوانەیە پەنا ببنە بەر وەڵامی یەکێك لەو پلانانەی کە ئێستا دەست دەکەین بە ڕوونکردنەوەیان.

13-بەڵام خاوەنی پەرتوکی (تخريج الدلائل السمعيه) رةفاعة بةطط هاودەنگیەتی، لەو تەنگەژەیەدا دەروازەیەکیان کردۆتەوە بۆ دەرچوون لێیەوە بەئاسانی، وایان دەرخستووە کە فەرمانڕەوایی لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) هەرچیەك کە فەرمانڕەوایەتی پێویستی کردووە تێیدا هەبووە لەکار و فەرمان و کارمەند و فەرمانبەر، سیستەمی ڕێکوپێك، بنەمای سنووردار، ئاراستەکردنی ڕوونکراوە بەچاکی، بواری تازەکاری تێدانییە بۆ ئەوانەی لەدواوەی

دێن، نەبوواری خستنە سەری هەیە بۆ ئەوانەی بیانەوێت شتێکی بخەنەسەر.

لەوانەیە ئیتر پێویست نەبێت ئەو قسانەت بۆ دووبارە بکەینەوە کە پێشتر بۆمان باس کردوویت 

14–لەوانەیە یەکێك بڵێت دەیەوێت پشتگیری ئەو ڕێبازە بکات بەشێوەیەك لەپشگیریکردن، بەڕێگایەکیتر: هیچ شتێك ڕێگرمان نییە لەوەی وا بیربکەینەوە سیستەمی فەرمانڕەوایی سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) تۆکمە و بەهێز بووە، و گشتگیر بووە لە هەموولایەکەوە بەتەواوەتی، تایبەت بێت بە فەرمانڕەوایەتییەك کە فرستادەیەك لەلا یەن خواوەندەوە بەڕێوەی بردووە، و سروش پشتگیری کردووە، و فریشتەکانی خوا پاڵپشتی بوون، بەڵام ئێمە نەگەیشتووینەتە ئەو زانستەی کە بەدووروودرێژی ڕاستییەکان دەردەخات، ووردکاریەکانی فەرمانڕەوایەتییەکەی پێغەمبەر باس بکات، لە سیستەمێکی پێگەیشتوودا، پتەوییەکی پاڵێوراودا، لەبەرئەوە گێڕەرەوەکان ئەوەیان وازلێهێناوە بیگەیەنن بە ئێمە، یان ئەوان گەیاندویانە، بەڵام زانیاریمان دەربارەی نییە و نایزانین، یان لەبەر هەر هۆیەکیتر، (وما أوتيتم من العلم ألا قليلا - الاسراء) بەواتای: نەدراوە پێتان لە زانست تەنیا شتێکی کەم نەبێت.

15–ئەو پلانە نابێت ژێری زاناکان هەر لەسەرەتاوە ڕەتیبکاتەوە. لەبەر ئەوەی ئەوە نابێتە هۆی نائارامی بەسەر دڵمانەوە و گومان تێکەڵاوی ببێت لەوەی ئێمە زۆرینەی کاروبارەکانی مێژووی پێغەمبەر نازانین، بەڵکو لەڕاستیدا ئێمە زۆری لەبارەوە نازانین و جگە لەوانەش بەڵکو زیاتر لەوەی کە دەیزانین.

لەسەر کەسانی خاوەنی زانستە بڕوایان بەوە هەبێت هەمیشە زۆربەی ڕاستییەکان لایان شاراوەیە، پێویستە لەسەریان هەمیشە بەپەرۆشەوەبن بۆ ئاشکراکردنی نادیارەکان، و هەڵێنجانی شتی تازە لێی، چونکە لەوەدا ژیانی زانست نەشونمای هەیە، جگە لەوەش ئەگەری نەزانینمان بە هەندێك ڕاستی نابێت ڕێگەگربێت لێمان لەوەی دڵنیابین لەوەی زانیومانە دەربارەی، دانان بە ڕاستی زانستیدا، فەرمانەکانی لەسەر هەڵێنجێنین، ڕێبازی لەسەر دروست بکەین، هۆکارەکانی بۆ ڕوون بکەینەوە، ئەنجامەکانی تێدا دەربهێنین، هەتاوەکو بۆمان دەردەکەوێت ئەوە بەپێچەوانەوەیە و بیسەلمێنین بەسەلماندنێکی زانستی.

لەبەرئەوە دەڵێین لەوانەیە لەڕاستیدا هەواڵی سیستەمی فەرمانڕەوایی پێغەمبەرمان لێشاردرابێتەوە، لەوانەشە ڕۆژگار بۆمان دەربخات بەرزترین نمونە بووە لەفەرمانڕەوایەتیدا، بەڵام ئەو ئەگەرە ڕێگرنییە لێمان بگەڕێینەوە - کاتێك بۆمان دەدەکەوێت بەکردەوە ئەوەی لەگەڵ زانیاریەکانمان پێچەوانیە - بپرسین سەرلەنوێ دەربارەی ئەوەی لەسەرەتاوە زانیومانە تاوەکو ئێستا لەو نەزانراو و دوودڵیەی کە لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی پێغەمبەردا هەبووە، و دەربارەی نهێنیەکانی و واتاکانی.

16–پلانێکیتر هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە:–

ئەوەی بەزۆری لەم ڕۆژانەدا ناویان دەنێن پایەکانی فەرمانڕەوایەتی، و سیستەمی فەرمانڕەوایی، و بنەماکانی فەرمانداری، ئەمانە هەمووی دەستەواژەی دەرخراون، بابەتی دروست کراون، و لەڕاستیدا ئەمانە پێویست نین بۆ سیستەمی فەرمانڕەوایەتی، ئێمە دەمانەوێت فەرمانڕەوایەتییەکی سادە و ساکار لەئارادابێت، فەرمانڕەوایەتییەکی سەرەتایی، کە هەموو ئەرکەکان ڕەتدەکاتەوە، و هەموو ئەوانە سەرەتایی و سادە و ساکاری پێویسی پێیان نییە.

هەموو ئەوەی دەتوانرێت هەستی پێبکرێت لەسەر فەرمانڕەوایەتی پێغەمبەر (د.خ) دەگەڕێتەوە بۆ وەستان لەبەردەم یەك واتادا، ئەویش ئەوەیە بەتاڵە لەو ڕووالەتانەی ئەمڕۆ لەلای زانا ڕامیارییەکان بەپایەکانی فەرمانڕەوایی گەلی دادەنێن، ئەوەیش لە ڕاستیدا شتێکی پێویست نییە، هەرگیز نەبوونیان نابێتە هۆی کەمی لەفەرمانڕەوایەتیدا،

نابێته ڕووالەتێك لەڕووالەتەكانی پشێوی و تێكدان، ئەوە لێكدانەوەی ئەوەیە هەستی پێدەكرێت لەفەرمانڕەوایەتی پێغەمبەردا و ئەوەیە بەدوودڵی دەژمێردرێت.

17–موحەممەد (د.خ) سادەیی خۆش دەویست، ڕقی لە ئەرك دەبۆوە، لەسەر بنەمای سادەیی بێگەرد هەستاوە بەژیانی تایبەتی و گشتی، هەمیشە بانگەوازی بۆ سادەیی دەكرد بەكردار و بەگوفتار، هەروەكو لە فەرموودەیەكیدا لەگەڵ جورەیری كوری عەبدولای بەجلی دەفەرموێ: ئەی جورەیر ئەگەر قسەت كرد كورتیكەرەوە، ئەگەر گەیشتیتە پێویستیەكانت ئەرك مەخە بەسەرشانی خۆتدا - الكامل للمبرد ج1 ص4.

هەمیشە هەڵسوكەوتی لەگەڵ خەڵكدا دەكرد بەبێ ئەرك، لەگەڵیان دەڕۆشت لەسەر بەرنامەی سادەیی، دەگێڕنەوە: كە (د.خ) گاڵتە و شۆخی لەگەڵ یارانیدا كردووە  لەكوری عەبباسەوە (خ.ل) دەگێڕنەوە: پێغەمبەری خوا جاروبار گاڵتە و شۆخی دەكرد - السیره الحلبیه ج3 ص362. هەموو جارێك بە یارانی دەوت: من پێم ناخۆشە لە ئێوە جیا بكرێمەوە، خواند لەناو بەندەكانیدا ئەوەیانی خۆش ناوێت بیبینێ خۆی جیاكردۆتەوە لە هاوەڵانی - السیره النبویه علی هامش السیره الحلبیه ج3 ص360. هەروەها لێوەی دەگێڕنەوە: لەنێوان دوو كاردا دایان نەناوم ئاسانەكەیانم هەڵنەبژاردبێ ئەگەر هەڵە نەبووبێ - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل272. لە فەرموودەیەكیتردا ئەبی موسای ئەشعەری و مەعاز دەیگێڕنەوە، پێشتریش باسمانكردووە فەرموویەتی: ئاسانكاری بكەن و بارگرانی مەكەن، مژدە ببەخشن و خەڵك لەخۆتان دوور مەخەنەوە - السیره الحلبیه ج3 ص284.

هەمیشە (د.خ) ڕقی لە خۆدەرخستن و بوون بە ئەرك بووە، لە حەجی ماڵئاواییدا دەفەرموێ: خواندی گەورە بە حەجی ملكەچی لێمان وەرگرێت، خۆدەرخستنی تێدا نەبێت بۆ ناوبانگ - السیره الحلبیه ج3 ص284. خواوەندی گەورە بە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ: بڵێ من داوای كرێتان لێناكەم و من لەوانەش نیم ئەرك بخەمە سەرتان - سوره ص . هەروەها كاتێ پەیڕەوپرۆگرامی خوای بە خەڵك ڕادەگەیاند فەرمانی بە خەڵك دەدا بۆ بنەما سادەكان، دەیگێڕانەوە لەوەی ببن بە ئەرك بەسەر كەسانی ترەوە، بانگی دەكردن (ئەگەر فەرمانێكم دا بەسەرتاندا ئەوەی دەتوانن بەو شێوەیە بیكەن) و (ئەم ئایینە بەهێز و پتەوە بچۆ ناویەوە بە لەسەرخۆیی) و (خواندی گەورە لە ئایینەكەیدا هیچ دژواریەكی بۆتا دانەناوە - سوره الحج).

هیچ كاتێك نابینی ئەوەی هێناویەتی لە پەیڕەوپرۆگرام فەرمانێكی تێدابێت بگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی نەخوێندەواری و ساویلكەیی. نەیداوە بەسەر شانیاندا لەكاتەكانی نوێژكردندا وردكاری بكەن لە پێوانەی خۆردا، و ئەوەی بەشوێن ئەستێرەكاندا بگەڕێن، بەڵكو كاتەكانی واداناوە هەموو مرۆڤێك هەستی پێبكات لە جوڵەی خۆر بەئاسمانەوە دەبینرێت، ڕۆژوو و حەج و بۆنەكانیتری بەندایەتی بەسراوەتەوە بە جوڵەی مانگەوە، جوڵەی مانگ هەست پێكراوە و پێویستی بە پێوانەی ورد و چاودێری ورد نییە، لەگرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزاندا نەیكردووە بە ئەرك بەسەرمانەوە پێوانەی كەوانەیی مانگ بكەین، بەڵكو دایناوە و هاوكاتی كردووە بەبینینی كەوانەی مانگ بە بینینێكی سادە كە ئەركێكی وای تێدا نەبێت، لەفەرموودەیەكدا هاتووە: ئێمە گەلێكی نەخوێندەوارین  تاد. فەرموودەی: ڕۆژوو بگرن بە بینینی وە  تاد، نەیكردووە بە ئەركی سەرشانمان ژماردنی ڕۆژ بەكاتژمێر و خولەك بەڵكو بەستوویەتیەوە بەشتێكی هەست پێكراوەوە، هیچ شاراوەییەكی تێدا نییە: بخۆن و بخۆنەوە هەتاوەكو بۆتان ڕوون دەبێتەوە دەزووی سپی لە دەزووی ڕەش لە بەرەبەیاندا و پاشان ڕۆژوو كۆتایی پێ بهێنن بۆ شەو - سوره البقره.

(د.خ) نەخوێندەوار بوو فرستادەیەك بوو بۆ نەخوێندەواران، هیچ کاتێك لەژیانی تایبەتی و گشتی خۆیدا لەهیچ شتێکدا دەرنەدەچوو لەبنەماکانی نەخوێندەواری، نەلە پێویستیەکانی سادەیی سەرەتایی ساغ کە خواوەند خەڵکی لەسەر هێناوەتە بوون، لەوانەیە ئەوەی بینیمان لە سیستەمی فەرمانڕەوایی لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) ئەو سیستەمە بووە کە بەڕێوە دەبرێت بە سادەیی و سەرەتایی. گومان لەوەدا نییە زۆربەی سیستەمەکانی فەرمانڕەوایەتی لەسەردەمی ئێستاماندا ئەوانەیە کە بارودۆخەکە سەپاندویەتی و ئەرکی سەرشانە، ڕازاندنەوەیەکە سەردەمەکەی زۆر درێژە و خۆمان دامانناوە، هەتاوەکو وامان داناوە لە پایەکانی فەرمانڕەوایەتیە و لە بنەماکانی سیستەمەکەیەتی، ئەوەش ئەگەر هەڵوەستەیەکی لێبکەیت هیچی لەوەدا نییە لەهیچ شتێکدا.

ئەوەی وا دەزانین نەزانراوە یان لێکدراوە یان کەم و کوڕیە لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی پێغەمبەردا جگە لەسادەیی بە تەنیا نەبێت هیچیتر نەبووە، ئەو سەرەتاییە کە هیچ لەکەیەکی تێدا نییە.

18–ئەگەر بمانەوێت ڕێگایەك بۆ خۆمان هەڵبژێرین لەناو ئەو هەموو ڕێگایانەدا کە بۆمان گێڕایتەوە، ئەوە ئەو ڕاوبۆچوونە گەورەترە لە هەڵبژاردنی ئێمە، لەبەرئەوە لەگەڵ ئاییندا وێکچووە و هاوشێوەن، بەڵام ناتوانین وەکو ڕایەکی تایبەت بەخۆمانی دابنێین، لەبەرئەوەی ئەگەر هەڵوێستەیەك بکەیت دەبینیت کە نەگونجاو و نادروستە.

لەڕاستیدا زۆربەی سیستەمەکانی فەرمانڕەوایەتیەکان تازەباون و ئەرك ئامێزن، شتی وای تێدایە کە ویست و ئارەزووی ساغ داوای ناکات، سەرەتایی ڕاستەقینە پێی قایل نییە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە زۆربەی تازەکاری لە سیستەمەکانی فەرمانڕەوایەتیدا ئەرك ئامێز و دروستکراو نییە، هەرگیز تام و چێژی زکماکی سادە ڕەتی ناکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر پێویست و بەسوودە، هیچ فەرمانڕەوایەتیەك خاوەنی شارستانیەت و ئاوەدانی بێت ناتوانێت ئەوە پشت گوێ بخات و پەیڕەوی نەکات.

ئایا ڕاستی و دروستی زکماکی و سادەیی خووە؟ بۆ نمونە یەکێك لە فەرمانڕەوایەتیەکان بودجەیەکی وای نەبێت داهات و خەرجیەکانی دیاری بکات، یان چەند نوسینگەیەکی نەبێت کاروبارە جۆراوجۆرەکانی ناوەوە و دەرەوەی پێ ڕێکبخات، هەندێ شتی تریش – هەرچەندە زۆرە – لەوانەی کە هیچ شتێك لەمانە نەبوون لە ڕۆژانی پێغەمبەرایەتیدا، وە پێغەمبەریش (د.خ) ئاماژەی پێ نەکردووە.

ئەوە دڵڕەقیەکی ناڕەوایە وا دابنێیت ئەوە لەکەموکورتی ڕووالەتەکانی فەرمانڕەوایەتی سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) بووە و دەسپێکەکەی زکماکی تەواو بووە، خۆ لادان بووە لە ئەرك ئامێزی.

هەوڵ دەدەین ڕوویەکی تر بدۆزینەوە بۆ شیکاری ئەو تەنگەژەیە 

## بەندی سێیەم

## پەیامی ئایین نەك فەرمانڕەوایی، ئایین نەك فەرمانڕەوایەتی

1-(د.خ) فرستادةيةك بووة نةك ثاشا. 2-طةورةيى ثةيامى ئايين و طةورةيى ثاشايةتى. 3-تةواويَتى فرستادةكان. 4-تـــــــــــــــــــــةواويَتى تايبـــــــــــــــــــــــــةت بـــــــــــــــــــــــــــــة (د.خ).
5-سنووردارکردنى مةبةستى ئةو وتانةى بة ثاشايةتى و فةرمانرةوايةتى...تاد دةوتريَت. 6-قورئان ئةوة رةتدةكاتـــــــــــــــةوة كـــــــــــــــــــــة (د.خ) فةرمانرةوايـــــــــــــــــــــــةك بـــــــــــــــــــــووة.
7-فـــــــــــةرموودةكانيش هـــــــــــــةروةها. 8-سروشـــــــــتى ئيسلاميـــــــــش ئـــــــــــةوة رةتدةكاتـــــــــــةوة.
9-ليَكدانةوةى هةنديَك لة روالَةتةكان كةلة رووالَةتى فةرمانرةوايةتى دةضيَت.10-كؤتايى ليَكؤلَينةوةكة.

1-کەواتە بینیت ڕێگای زۆر هەیە تێپەڕین بەسەریاندا ئاسان نییە، ئەوانەی دەیانەوێت بیروڕایان بۆ ئەوەیان ببات کە پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ ئەوەدا پەیامی پێغەمبەرایەتی هێناوە هەروەها پاشایەکی ڕامیاریش بووە ئەمەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، دامەزرێنەری فەرمانڕەوایەتییەکی ڕامیاریش بووە. بینیت هەرکاتێك بیانەوێت گلانێك ڕاست بکەنەوە چەندەها گلانیتر بەرەو ڕوویان دەبێتەوە، هەرکاتێك بیانەوێت خۆیان لەو کێشەیە دەربازبکەن هەمان کێشە لەبناغەوە دەگەڕێتەوە بۆیان.

هیچیتر لەبەردەممانـدا نەماوەتـەوە تـەنیا یـەك ڕێبـاز نـەبێت پـاش ئـەوەی بەسـەرماندا ڕابـوورد، بـەڵکو وەکـو بەرنامەیەکی ڕوون دەستت بکەوێت، ترسی گلانت تێیدا نەبێت، هیچ ڕێگرێك نایەتە سەر ڕێگات، بەش و لقەکانی ونت ناکەن، تۆز و خۆڵی داتناپۆشێ، زەفەر پێبڕدنەکانی بێوەین، کێشەی تێدا نییە. ئەویش ئەوەیە بڵێیت موحەممەد (د.خ) هیـچ شـتێکیتر نـەبووە جگـە لـەوەی فرسـتادەیەك بـووە بـۆ بانگـەوازی ئـایینی بەتایبـەتی بـۆ ئـایین و بـەس، چاوچـنۆکی پاشـایەتی لەکـەداری ناکـات، نـەك بانگـەواز بـۆ فەرمانڕەوایـەتی، هـەرگیز پێغەمبـەر (د.خ) نەپاشـایەتی هەبووە نەفەرمانڕەوا یەتی، هـەرگیز (د.خ) هەڵنەسـتاوە بەدامەزرانـدنی پاشـایەتیەك، بـەو واتایـەی بـواری ڕامیـاری لـەم وشــەیە دەگــات و لێکــی دەداتــەوە بــۆ هاوواتاکــانی، (د.خ) جگــە لــەوەی پێغەمبــەرێك بــووە وەکــو براکــانی تــری لەپێغەمبەران، نەپاشایەك بووە نەدامەزرێنەری فەرمانڕەوایەتیەك، نەبانگەوازکاری پاشایەتیش بووە.

وتەیەکی نەناسراوە، لەوانەیە گوێی موسوڵمانان پێی ناخۆش بێت، هەرچەندە بەختێکی گەورەی هەیە لە دیـدگای ژیرییەوە و بەڵگەکانی بەهێزن.

2-پێش ئەوەی بتبەین بەرەو ڕوونکردنەوەی ئەوە، پێویستە ئاگادارت بکەینەوە لە هەڵەیەك کە چاودێر توشی دەبێت ئەگـە ئـەو بەگومانـەوە تێـی ڕابمێنێـت، هەرچـەندە لەکارەکەشـدا پێویسـت بـەئاگادار بـوون نییـە، ئـەوەش لەبەرئـەوەی پـەیامی ئـایین بۆخـۆی لەخۆیـدا پێویسـتی بەپێغەمبـەرێك هەیـە بەشـێوەیەك لەگـەورەیی تایبـەت لـەناو گەلەکەیـدا، دەسەڵاتی هەبێت بەسەریاندا، بەڵام ئەوەش هیچ شتێکی وای تێدانییە لەگەورەیی پاشایەتی و دەسەڵاتداریێتی بەسەر میللەتدا. نێوان گەورەیی پەیامی ئایین و گەورەیی پاشایەتی تێکەڵ نەکەین، وردبەرەوە لەنێوانیاندا جیاوازیەك هەیە لەوە دەچێت یەکلاکەرەوە بێت.

پێشتر بینیت گەورەیی موسا و عیسا لەناو شوێنکەوتووەکانیاندا گەورەیی پاشایەتی نەبووە، هەروەها گەورەیی زۆربەی پێغەمبەرانیش هەمانشێوە بووە.

3-سروشتی بانگەوازی ڕاستەقینە ئەوەیە خاوەنەکەی پێویستی بەجۆرێك لە تەواوی هەستکردنی هەمەلایەنە هەیـە لەسـەرەتادا، نابێـت ناتـەواوی لـە لەشـولاریدا هـەبێت نەلـە هەسـت و نەسـتیدا، نەهیچ شـتێکیش خـەڵك لێـی هـەڵبێت. دەبێت -لەبەر ئەوەی گەورەیە- سامێکی هەبێت تا دڵودەروون پڕبکاتـەوە لـەترس، ڕاکێشـانێکی هـەبێت دڵـی پیـاو و ژن بـەلای خۆیـدا ڕاکێشـێت بـۆ خۆشـویستنی. لەدوایشـدا هـەروەها دەبێـت تـەواوێتی گیـانی و دەروونـی تێـدابێت، لەبەرئـەوەی، ئـەوەی بـۆی دێتـەخوارەوە و دەڕژێ بەسـەریدا، پێویسـتیی بەیەکگەیشتنـە لەگـەڵ خواوەنـدی بـەرز و پیرۆزدا.

پـەیامی ئـایین خاوەنەکـەی پێویسـتی بەشـتێکی زۆر هەیـە لـەجیاوازی کۆمەڵایـەتی لـەنێوان گەلەکەیـدا، هـەروەك هاتووە: خواوەند هیچ فرستادەیەك نانێرێ تەنیا لەبەڕێزترین کەسی گەلەکەی بێت، ڕێزلێگیراوبێت لـەناو هۆزەکەیـدا

- **تفسير الوصول الى جامع الاصول ج**3 **ص**32.

**پەیامی ئایین خاوەنەکەی پێویستی بەجۆرێك لەهێز هەیە تاوەکو ئامادەباش بێت بۆ ئەوەی قسەکانی پێ جێبەجێ بکات، وەڵامی بانگەوازەکەی بدرێتەوە، لەبەرئەوەی یەزدانی مەزن پەیامی ئایین هەروەها بەئاسانی وەرناگرێت، هیچ فرستادەیەك بەڕاستی نانێرێت هەتاوەکو ویستی ئەوە بووە بانگەوازەکە تەواوبکات، بنەماکانی بەفراوانی لەتابلۆی پارێزراوی گشتیدا** (لوح المحفوظ) **دانەڕێژێت، تێکەڵاوی بکات لەگەڵ ڕاستیەکانی ئەم جیهانە بەتەواوەتی (هیچ فرستادەیەکمان نەناردووە هەتاوەکو گوێڕایەڵی لێبکەن بەفەرمانی خوا** - سورة النساء) **پەنا دەگرین بەخوا، بەڕاستی هەرگیز بانگەوازێك نانێرێت تاوەکو ونببێت، هیچ فرستادەیەك نانێرێت لەلایەن خۆیەوە تاوەکو هەڵگەڕێتەوە و ڕیسوابببێت (گاڵتەجاڕی کراوە بەفرستادەکانی پێش خۆت ئەوانەی گاڵتەیان پێیانکرد گاڵتەجاڕیەکە یەخەی خۆیانی گرتەوە لەبەرئەوەی گاڵتەیان دەکرد، بڵێ بەسەر زەویدا بگەڕێن پاشان سەیربکەن دواڕۆژی بەدرۆخەرەوەکان چۆن بووە - سوره الانعام)، (خواوەند دەیەوێت ڕاستی بێنێتەدی بەوتەکانی و پاشماوەی بێباوەڕەکان ببڕێتەوە و ڕاستی بێنێتە ئاراوە بەڕاستی ناڕاستیش ڕیسوا بکات هەتاوەکو ئەگەر تاوانباران پێیان ناخۆشیش بێت - سوره الانفال)، (ئێمە قسەی خۆمان پێش خستووە و وتومانە بە بەندە فرستادەکانمان کە ئەوان سەرکەوتوو دەبن وە هەمیشە سەربازەکانی ئێمە سەردەکەون - سوره الصافات)، (ئێمە فرستادەکانمان سەردەخەین و ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە لەژیانی ئەم جیهانەیاندا، ئەو ڕۆژەش گەواهیدەرەکان هەڵدەستن بەوەی کەلەسەریانە - واتە ڕۆژی دوایی - ئەو ڕۆژەی کە ستەمکارەکان بیانووەکانیان سوودی نییە و نەفرنیان لەسەرە و ڕۆژی ڕەش و ماڵوێرانی بۆ ئەوانە** - سورة المؤمن).

**خاوەنی پلەوپایەی پەیامی ئایین پێویستی بەدەسەڵاتێك هەیە فراوانتربێت لەوەی لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمانبەرداردا هەیە، بەڵکو فراوانتر لەوەی کە لەنێوان باوك و ڕۆڵەکانیدا هەیە.**

**لەوانەیە فرستادە لەڕامیاری گەلەکەیدا هەڵسوکەوت بکات هەروەکو هەڵسوکەوتی پاشایان، بەڵام فرستادە بەتەنیا کارێکی تایبەتی هەیە هاوەڵی نییە لەکارەکەیدا. یەکێك لەکارەکانی ئەوەیە پەیوەندی بکات بەگیانی ناو جەستەکانەوە، پەردەکان لابدات بۆ ئەوەی ئاگادار بێت لەدڵەکان کەلە ناوسنگدان. بۆ ئەوە و بەڵکو لەسەریەتی ڕێگا ببڕێت بۆناو دڵی شوێنکەوتووەکانی، لەبەرئەوەی بگات بەکۆی خۆشەویستی ئەوانەی ڕقیان لێدەبێتەوە، بگات بەپێگەی چاکی و خراپی. پەیبەرێتە ڕێبازە ترسناکەکان، نهێنیەکانی دوودڵی، سەرچاوەی ویستوخواستەکان، کۆگەی ڕەوشتەکان. بۆی هەیە کاری ئاشکرا لەڕامیاری گشتیدا بکات، هەروەها بۆی هەیە کاری نهێنی لەجێبەجێکردنی ئەو پەیوەندیەی نێوان هاوڕێیەك و هاوڕێیەکەیتر کۆدەکاتەوە، هاوپەیمانێك و هاوپەیمانێکیتر، پەروەردگار و بەندەکانی، باوك و منداڵەکانی، لەجێبەجێکردنی ئەو پەیوەندیەی کەس پەی پێنابات جگە لەهاوسەری ڕەوای یەکتر. بۆی هەیە ڕاگرتنی ئاشکرا و نهێنی، ڕێکخستنی کاروباری لەش و گیان، پەیوەندیەکانمان بەگشتی زەمینی و ئاسمانی. بۆ ئەو هەیە ڕامیاری ژیانی ئەم جیهانە و ڕۆژی دواییش.**

**پەیامی ئایین پێویست دەکات لەسەر خاوەنەکەی، ئەویش هەروەکو دەبینی، لەسەروی ئەوەشەوە دەبینی، مافی پەیوەندی هەیە بەهەموو گیان و دەرونەکانەوە پەیوەندی چاودێری و ڕێکخستن. مافی هەیە چی بووێت لەدڵەکاندا و لەهەموو دڵێکدا بەجێی بهێنێت بەبێ سنوور.**

4-**ئەوەش، هەروەها سەیربکە پێغەمبەر** (د.خ) **پەیامی پێغەمبەرایەتیەکەی تایبەت بووە بەزۆرتر لەوەی هاتووە بۆ**

پێغەمبەرانیتر جگە لەخۆی. (د.خ) بانگەوازێکی هێناوە خواوەند هەڵیبـژاردووە بۆ ئەوەی بانگی هەموو خەڵك بكات بەگشتی بۆ بانگەوازەکەی، واشی بۆ دانرابوو بەتەواوی بیگەیەنەتە مەبەست. بەردەوامبێت لەسەری هەتاوەکو ئاینەکە تەواو دەکات، ئەو چاکەیەش تەواو بکات، هەتاوەکو نەبێتە هۆی پشێوی، هەموو ئایین بەتەنیا بۆ خوای تاك و تەنیابێت.

ئەو پەیامە پێویستی دەکات لەسەر خاوەنەکەی بگاتە کامڵبوونێك تا ئەوپەڕی ئەوجێگایەی سروشتی ئادەمیزاد پێیدەگات، بگات بە هێزێکی دەروونی تا کۆتایی ئەو ڕادەیەی خواوەند دایناوە بۆ فرستادە هەڵبژێردراوەکانی بەویست و ئارەزووی خۆیان، بەپشتگیری خواوەند ئەوەی دەگونجێت لەگەڵ ئەو بانگەوازە گەورە گشتیەدا.

ئەوەش فەرموودەی خوایە: چاکەی خواوەند لەسەرت زۆر گەورە بووە - سورە النساء. هەروەها فەرموویەتی: تۆ بەچاوەکانی ئێمە هەڵدەسوڕێیت - سورة الطور. لەفەرموودەدا هاتووە: سوێند بەخوا هەرگیز خوا لەخشتەت نابات - لەگێڕانەوەی عائیشـة (خ.ل) لەسەرەتای هاتنە خوارەوەی سروشدا، أخرجە الشیخان. لەفەرموودەیەکیتردا: من بەڕێزترین کوڕی باوکە ئادەمم لەلای خواوەندی خۆم، بەبێ لەخۆبایی بوون - لە گێڕانەوەکانی ئەنـەس کە تومزی لێیدەگێڕێتەوە.

لەبەرئەوە دەسەڵاتدارێتی پێغەمبەر (د.خ) بەپێویستی پەیامەکەی و دەسەڵاتدارێتیەکەی گشتی بووە، فەرمانەکانی لەناو موسوڵماناندا گوێ لێگیراوبووە، فەرمانداریێتیەکەی گشتگیربووە، هیچ شتێك، لەوەی دەستی فەرمانداریێتی بگاتێ نییە لەدەسەڵاتدارێتی پێغەمبەریشدا (د.خ) نەبووبێت وەهیچ جۆرێك لەوەی بە بیرتدابێت لە لێپرسراوێتی و دەسەڵاتدارێتی هەتاوەکو ئەوەش لەژێر فەرمانی پێغەمبەردا (د.خ) هەبووە بەسەر باوەڕدارانەوە.

ئەگەر بۆ ژیریی ڕەوابێت جیاوازی بکات لەنێوان پلەکانی ئەو دەسەڵاتدارێتییەی پێغەمبەر (د.خ) هەیبووە بەسەر گەلەکەیدا، ئەوا دەبینینت موحەممەد (د.خ) شایستە ترینی فرستادەکان بووە (س.خ) بەسەر گەلەکانیانەوە تا ئەوپەڕی ئەوەی بکرێت بووترێت لە دەسەڵات و قەڵەمڕەویاندا. هێزی پێغەمبەرایەتی، دەسەڵاتی پەیامەکەی، قەڵەمڕەوی بانگەوازە ڕاستەقینەکەی کە خواوەند ویستی لەسەری بووە بەرز بێتەوە بەسەر گومڕاییدا، بەسەر زەویدا بڵاوببێتەوە.

ئەو دەسەڵاتە ئاسمان دەینێرێتە خوارەوە لەلایەن خواوەندی مەزنەوە بۆسەر ئەوەی فریشتەکانی ئاسمان دادەبەزنە سەری بەسروشەوە لەلایەن خواوەندەوە. ئەوەش ئەو هێزە پیرۆزەیە کە فرستادەکان لەبەندەکانیتری خواوەند پێی تایبەتمەندن، هیچ شتێکی تێدانییە لە واتای پاشایەتی، و نەهیچ وێکچوونێك لەگەڵ هێزی پاشایەتیدا، نادرێت بەهیچ دەسەڵاتدارێك لەدەسەڵاتداران.

ئەوە گەورەیی بانگەوازی ڕاستەقینەیە بۆ خواوەند و گەیاندنی پەیامەکەی، گەورەیی پاشایی نییە، ئەوە پەیام و ئایینە، فەرمانی پێغەمبەرایەتیە نەك فەرمانی دەسەڵاتداران.

دووبارە دەگەڕێینەوە و ئاگادارت دەکەینەوە لەوەی لەنێوان هەردوو فەرمانەکەدا تێکەڵاویەك بکەیت، کاروباری هەردوو لێپرسراویەتەکە نەکەیت بەسەریەکتردا، بەرپرسیارێتی پێغەمبەر هەروەکو ئەوەی فرستادەیە، بەرپرسیارێتی پاشاکان و لێپرسراوان. بەرپرسیارێتی پێغەمبەر بەسەر گەلەکەیەوە بەرپرسیارێتیەکی گیانی و دەروونیە، سەرچاوەکەی باوەڕی دڵە. گوێڕایەڵی و گوێڕایەڵیەکی ڕاستەقینەی تەواوە کە گوێڕایەڵی لەش بەدوایدا دێت، بەڵام لێپرسراوێتی فەرمانڕەوا بەرپرسیارێتیەکی بەرجەستەیە، پشت دەبەستێت بە گوێڕایەڵی لەش بەبێ ئەوەی پەیوەندی

بەدڵەكانەوە هەبێت. ئەوەیان بەرپرسیارێتی ڕێنوێنی كردنە بۆ خواوەند و ڕێنیشاندانە بۆ ڕێگای خوا، ئەمەیان بەرپرسیارێتی ڕێكخستنی بەرژەوەندی ژیانە و تازەكردنەوە و نوێكردنەوەی سەر زەویە. ئەوەیان ئایینە، ئەمەیان ژیان، ئەوەیان خواوەندە، ئەمەیان خەڵك. ئەوەیان گەورەیی ئایینە، ئەمەیان گەورەیی ڕامیاری، ئای چەند دوورە نێوانی ڕامیاری و ئایین.

5-پاش ئەوە دەمانەوێت سەرنجت بۆ شتێكیتر ڕابكێشین. هەندێك وشە هەیە هەندێكجار بەكاردەهێنرێن بۆ چەند واتایەك، هەندێكجاریش بەكار دەهێنرێن بەپێچەوانەوە، لەهەندێك كاتدا دەبێتە هۆی دروست بوونی كەموكوڕی و جیاوازی لە بۆچوونەكاندا، وێكنەچوون و هاوشێوە نەبوون لە فەرمانەكاندا، لەو وتانە، پاشا، دەسەڵاتدار، فەرمانڕەوا، فەرماندار، جێنشین، دەوڵەت، پاشایەتی، فەرمانڕەوایەتی، جێنشینی، □ تاد.

ئێمە لێرەدا ئەگەر بپرسین ئایا پێغەمبەر (د.خ) پاشایەك بووە یان نا؟ دەمانەوێت بپرسین، ئایا (د.خ) سیفەتێكی جگە لەسیفەتی پەیامی پێغەمبەرایەتی هەبووە؟ بەمەش ڕاست دەبێت بڵێین بەكردەوە دایمەزراندووە، یان دەستیكردووە بە دامەزراندنی یەكەیەكی ڕامیاری یان نا؟ پاشان لەم بەكارهێنانەماندا و لێرەدا، لاری لەوەشدا نییە ئەگەر ناوی لێبنێین جێنشین یان دەسەڵاتدار، یان فەرماندار، یان هەرچییەكت بووێ ناوی لێبنێیت، واتاكەی فەرمانڕەوایە بەسەر گەلێكی خاوەن یەكەیەكی ڕامیاری شارستانیەوە، ئەوەی دەمانەوێت لە فەرمانڕەوایەتی و دەوڵەت و دەسەڵاتدارێتی و پاشایەتی ئەوەیە كە زاناكانی ڕامیاری دەیانەوێت لە وشەكانی (الحكومة ، الدولة ، السلطنة ، المملكة Kingdan ، State ، Government –) یان ئەوانەی لەمانە دەچێت.

ئێمە گومانمان لەوە نییە ئیسلام یەكەیەكی ئایینییە، موسوڵمانەكان وەك ئەوەی هەن، یەك كۆمەڵن، پێغەمبەر (د.خ) بەسەر سەری ئەم یەكە ئایینییەوە بووە، تاكە پێشەوای بووە، بەڕێوەبەری بەتوانای بووە، ئەو گەورەیە بووە فەرمانی نەگەڕاوەتەوە، سەرپێچی قسەكانی نەكراوە. لەڕێگای ئەم یەكە ئیسلامیەدا (د.خ) خەباتیكردووە بەزمان و بەددان واتە بەوتار و بەكردار، لەلایەن خواوەندەوە سەركەوتن و ئازادكردنی وڵاتانی بۆ هاتووە، فریشتەكانی خوا پشتگیریان لێكردووە بەهێزی خواوەند، هەتاوەكو پەیامی پێغەمبەرایەتی بڵاوكردووەتەوە، ئەوەی پێی سپێردراوە گەیاندوویەتی. (د.خ) دەسەڵاتێكی هەبووە بەسەر گەلەكەیدا هیچ پاشایەك ئەو دەسەڵاتەی نەبووە نەلە پێشیدا و نەلە پاش ئەو. (پێغەمبەر لەپێشترە لەموسوڵمانان و لەگیانیشیان - سورە الاحزاب)، (بۆ هیچ باوەڕدارێك لە پیاو و لە ژن نییە ئەگەر خواوەند و پێغەمبەری خوا ویستیان بەفەرمانێك كرد بۆیان ئەوان لەفەرمانەكانیاندا بەویست و ئارەزووی خۆیان نابێت، ئەوەی سەرپێچی لە خواوەند و پێغەمبەرەكەی بكات ئەوا گومڕابووە بەگمڕابوونێكی ئاشكرا - سورە الاحزاب).

ئەوەی دەیەوێت ئەم یەكە ئایینییە ناوبنێت دەوڵەت، بەدەسەڵاتی پێغەمبەر (د.خ) ئەو دەسەڵاتە ڕەها پێغەمبەرانەیە، بڵێت پاشا یان جێنشین، پێغەمبەر بەپاشا یان جێنشین یان سوڵتان □ تاد، ناوبنێت ئەوە تێكەوتووە لەوەی كە دەیەوێت بیكات، ئەمانە جگە لەوەی ناون و بەس، نابێت لەسەریان بووەستیت، بەڵكو هەروەكو وتمان واتاكەی گرنگە، كە بەچاكی بۆمان دیاری كردوویت.

گرنگ ئەوەیە بزانیت ئایا گەورەیی پێغەمبەر (د.خ) لەناو گەلەكەیدا گەورەیی پەیامی پێغەمبەرایەتی بووە؟ یان گەورەیی پاشایەتی؟ ئایا ئەو ڕووكاری بەرپرسییە جاربەجار دەیبینین لە ژیانی پێغەمبەردا (د.خ) ڕووكاری دەوڵەتێكی ڕامیاریی بووە؟ یان ڕووكاری سەركردایەتی ئایینی بووە؟ ئایا ئەو یەكەیەی پێغەمبەر (د.خ) لەسەر سەری

**وەستاوە یەکەیەکی فەرمانڕەوایەتی بووە یان دەوڵەت؟ یان یەکەیەکی ئایینی ڕاست و دروست بووە بەبێ ڕامیاری؟ لەکۆتاییدا ئایا پێغەمبەر (د.خ) فرستادەیەك بووە و بەس یان پاشایەکی پێغەمبەر بووە؟**

**6-ڕووالەتەکانی قورئانی پیرۆز ئەو قسانە پشتڕاست دەکاتەوە پێغەمبەر (د.خ) هیچ کارێکی بەسەر پاشایەکی ڕامیاریەوە نییە، ئایەتەکانی قورئان زۆرن لەسەر ئەوەی کارە ئاسمانیەکەی لەسنووری بڵاوکردنەوە تێنەپەڕیوە و بێبەرییە لەهەموو واتاکانی دەسەلاتداریتی.**

**(ئەوەی گوێڕایەڵی پێغەمبەری کرد ئەوە گوێڕایەڵی خواوەند بووە، ئەوەی سەرپێچی کرد ئەوا ئێوەمان نەناردووە بەسەریانەوە پارێزەربیت - سورە النساء)، (هۆزەکەت بەدرۆیان خستووەتەوە هەچەندە ڕاستە، بڵێ من بەسەر ئێوەوە بریکار نیم، بۆ هەموو هەواڵێك جێگیریەك هەیە لەئایندەدا لێی ئاگادار دەبن - الانعام)، (شوێن ئەوە بکەوە کە خواوەندی خۆت سروشی بۆ ناردوویتە خوارەوە، هیچ خوایەك نییە جگە لەو وە بەرەنگاری لەوانە بکە کە هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدەن، ئەگەر خواوەند ویستی بوایە ئەوان هاوەڵیان بۆخواوەند بڕیار نەدەدا، ئێمە تۆمان بەسەریانەوە وەکو پارێزەر دانەناوە و تۆش بەسەریانەوە بریکار نیت - الانعام)، (ئەگەر خوای تۆ ویستی بووایە هەرچی لەسەر زەویدایە بەگشتی باوەڕیان دەهێنا ئایا تۆ خەڵکی ناچار دەکەیت تاوەکو ببن بە باوەڕدار - یونس)، (بڵێ ئەی خەڵکینە ئەوا ڕاستی لەلایەن خوای خۆتانەوە بۆ هاتووە، ئەوەی هاتە سەر ڕێی ڕاست ئەوا بۆخۆی هاتۆتە سەر ڕێی ڕاست، ئەوەش گومڕاببێت خۆی بۆ خۆی بە هەڵەدا دەچێت، وە من بەسەرتانەوە بریکار نیم - یونس)، (ئێمە تۆمان نەناردووەتە خوارەوە بۆ سەریان وەکو بریکارێك - الاسراء)، (ئایا دەبینیت ئەوەی ئارەزووی خۆی بە خوای خۆی داناوە، ئایا تۆ بەسەریانەوە دەبیت بە بریکار - الفرقان)، (ئێمە پەرتوکمان بۆ ناردویتەتە خوارەوە بەڕاستی و بۆ خەڵکی ئەوەی هاتەسەر ڕێی ڕاست ئەوا بۆ خۆیەتی وە ئەوەش لەڕێگا لابدات ئەوا لەسەری گومڕا دەبێت وە تۆ بەسەریانەوە بریکارنیت - الزمر)، (ئەگەر بەرنگارییان کردیت ئەوا تۆمان نەناردووە بۆ سەریان بە پارێزەری، ئەوەی لەسەر تۆیە تەنیا ڕاگەیاندنە - الشوری)، (ئێمە دەزانین ئەوان چی دەڵێن و تۆ بەسەریانەوە زۆردار نیت ئەوا بەقورئان بیری ئەو خەڵکە بخەرەوە ئەوانەیان کە لەڕۆژی دوایی دەترسن - سورە ق)، (ئاگاداریان بکەرەوە چونکە تۆ ئاگادار کەرەوەیانی تۆ دەسەلاتت بەسەریاندا نییە ئەوەی لادەرە و بێ باوەڕە خواوەند سزای دەدات بە گەورەترین سزا - الغاشیە).**

**هەروەکو دەبینین قورئان بەڕاشکاوانە ئەوە قەدغە دەکات کە پێغەمبەر (د.خ)، پارێزەرێك بێت بەسەر خەڵکەوە، نە وەکو بریکارێکیش، نە وەکو زۆردار و دەسەلاتدار، (وا بەبیرمدا دێت لە پەرتوکێکدا خوێندومەتەوە، ناتوانم ئێستە بیهێنمەوە یاد، وشەی (جبار) ناوی پاشایە لەلای هەندێ لە عەرەبەکان، لەبەر ئەوەیە خوا دەفەرموێ (وما أنت علیهم بجبار) بەلام ئەوەی بەردەستم کەوت لەناو پەرتوکەکانی زمانەوانیدا ئەوەیە کە بە پاشا دەوترێت (جبرا)، وە وتویانە (جبار) هەڵهات، واتە کەلوی دووانە هەڵهات، لەبەر ئەوەی لەسەر شێوەی پاشایەکە لەسەر کورسی دانیشتبێت. وە وتراوە ئەوەندە بازوو بەبازووی (جبار)، واتە بازووی پاشا. خواوەند خۆی چاك دەزانێ). مافی ئەوەشی نییە خەڵك ناچاربکات هەتاوەکو ببن بەباوەڕدار: ئەوەی پارێزەر نەبێت و دەسەلاتدار نەبێت ئەوا پاشاش نییە، لەبەرئەوەی پێویستییەکانی پاشایەتی دەسەلاتی گشتییە و زۆرداری، دەسەلاتێکی بێ سنوور. ئەوەی بریکار نەبێت بەسەر گەلەوە هەوەها پاشاش نییە.**

**خواوەند فەرموویەتی (موحەممەد بابایەك نییە لە پیاوەکانتان بەڵکو پێغەمبەری خوایە و کۆتایی هێنەرە**

**بەپێغەمبەران و خواوەن بە هەموو شتێك ئاگادارە - الاحزاب).**

**قورئان ڕاشکاوانەیە لەوەدا پێغەمبەر (د.خ) هیچ مافێکیتری بەسەر گەلەکەیەوە نەبووە جگە لەمافی پەیامی پێغەمبەرایەتی. ئەگەر (د.خ) پاشایەك بووایە ئەوا بەسەر گەلەکەیەوە مافی پاشایەتی هەبوو. بۆ پاشایەتیش ماف هەیە جگە لەمافی پەیامی پێغەمبەرایەتی، گەورەییەك جگە لەو گەورەییەی پەیامەکەی، جێگەدەستێك جگەلە جێگا دەستی پەیام (بڵێ هیچ شتێکم لە دەستدا نییە بۆ خۆم نەقازانج و نەزیان تەنیا ئەوە نەبێت کە خواوەند ویستی لەسەرە. ئەگەر زانیاریم دەربارەی نەزانراوەکان هەبووایە ئەوا قازانجی زۆرم دەکرد و زیانم پێ نەدەگەیشت من تەنیا جگە لە ئاگادارکەرەوەیەك بۆ هۆزێکی باوەڕدار هیچیتر بەولاوە نیم - الاعراف)، (لەوانەیە بتەوێت هەندێك لەوەی بەسروش بۆت هاتووە وازلێ بهێنیت کە سنگت پێی تەنگ دەبێت بەوەی کە دەڵێن ئەگەر لەلای خواوەندەوە خەزێنەیەکی بۆ بێتە خوارەوە یان فریشتەیەکی لەگەڵدا هاتبێت. بەلام تۆ ئاگادارکەرەوەیەکی و خواوەند بەسەر هەموو شتێکەوە بریکارە - هود)، (تۆ تەنیا ئاگادارکەرەوەیەکی و بۆ هەموو گەلێك ڕێنیشاندەرێك هەیە - الرعد)، (بڵێ من کەسێکم وەکو ئێوە سروشم بۆ دێت و خواوەندی ئێوە خوایەکی تاکە، ئەوەی گەیشتن بە خواوەندی دەوێت با کاربکات کارێکی چاك و لەبەندایەتیکردنیدا هاوەڵ بۆ خوای خۆی بڕیار نەدادت - الکهف)، (بڵێ ئەی خەڵکینە من هیچ شتێك نیم جگە لە ئاگادارکەرەوەیەکی ڕوونکەرەوە - الحج)، (کە سروشم بۆ دێت هیچ شتێکیتر نییە جگە لەوەی کە ئاگادار کردنەوە و ڕوون کردنەوەیە - سورە ص)، (بڵێ من هەر ئەوەم کەسێکی وەکو ئێوەم سروشم بۆ دێت کە خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنیایە - حم السجدە او فصلت).**

**هەروەکو بینیت قورئان ڕاشکاوانە دەربارەی پێغەمبەر (د.خ) دواوە، پێغەمبەرێك بووە هەروەکو ئەو پێغەمبەرانەی لەپێشیەوە هاتوون، پاشان لەوەشدا ڕاشکاوانەیە (د.خ) هیچ کارێکیتری نەبووە جگە لە بلاوکردنەوەی پەیامی خواوەندی گەورە بۆ خەڵك، هەروەها هیچ شتێکیتری نەدراوە بەسەردا جگە لەبلاوکردنەوە، بۆی نییە خەڵك ناچار بکات لەسەر ئەوەی بۆی هاتووە، بۆشی نییە بەزۆر بیشیدا بەسەریاندا (ئەگەر سەرپێچیان کرد ئەوا بزانن ئەوەی لەسەر نێردراوەکەمانە بلاوکردنەوەی ئاشکرایە - المائدە)، (ئەوەی لەسەر پێغەمبەرە ڕاگەیاندنە، و خواوەند دەزانێت ئەوەی ئاشکرا دەیکەن و ئەوەی دەیشارنەوە - المائدە)، (ئایا بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە هاوەڵەکەیان جنۆکەی لەگەڵدا نییە، کە ئەو جگە لە ئاگادارکەرەوە و ڕوونکەرەوە هیچیتر نییە - الاعراف)، (ئایا بەلای خەڵکەوە جێی سەرسوڕمانە کە سروشمان ناردووە بۆ پیاوێك لێیان تا خەڵك ئاگادار بکاتەوە و مژدە بدات بەوانەی کە باوەڕیان هێناوە بەوەی کە لەلای خوای خۆیان هەنگاوی ڕاستیان هەیە - یونس)، (ئەگەر هەندێك لەوەی کە بەڵێنیان دەدەینێ نیشانت بدەین یان بتمرێنین ئەوا ئەوەی لەسەر تۆیە ڕاگەیاندنە و ئەوەی لەسەر ئێمەیە لێپرسینەوەیە - الرعد)، (ئایا جگە لەوەی کە ڕاگەیاندنی ئاشکرا لەسەر پێغەمبەرانە هیچیتر هەیە - النحل)، (ئێمە کتێبمان بۆ تۆ ناردووەتە خوارەوە بۆ ئەوەیە کە بۆیانی ڕوون بکەیتەوە ئەوەی لەسەری ناکۆکن و ڕێنیشاندەر و سۆز و بەزەییت بۆ گەلێك باوەڕ بهێنن - النحل)، (ئەگەر گومڕابوون ئەوا ئەوەی لەسەر تۆیە ڕاگەیاندنی ئاشکرایە - النحل)، (ئێمە تۆمان نەناردووە تەنیا وەکو مژدەبەخش و ئاگادارکەرەوە نەبێت - الاسراء)، (لەبەر ئەوەی لەسەر زمانی تۆ ئاسانمان کردووە تاوەکو مژدە بدەی بەوانەی کەلە خوای خۆیان دەترسن و ئاگاداری هۆزی ڕکابەر بکەیتەوە - مریم)، (تاها، ئێمە قورئانمان نەناردۆتە خوارەوە بۆت تاوەکو بیت بەکەسێکی خراپ، جگە لەوەی کە بەئاگاهێنێکە بۆ ئەوەی لەخواوەندی خۆی دەترسێت - سورە طـە)، (ئەوەی لەسەر پێغەمبەرە ڕاگەیاندنی ئاشکرایە - النور)، (تۆمان**

**نەناردۆتە خوارەوە جگە لەوەی مژدەبەخش و ئاگادار کەرەوە بیت - الفرقان)، (ئەوەی فەرمانم پێکراوە ببم بە یەکێك لە موسوڵمانان، و قورئان بخوێنمەوە ئەوەی هاتە سەر ڕێی ڕاست ئەوا بۆخۆی هاتووەتە سەر ڕێگای ڕاست، وە ئەوەی گومڕا دەبێت ئەوا بڵێ من جگە لە ئاگادارکەرەوەیەك بەولاوە هیچیتر نیم - النمل)، (ئەگەر بەدرۆت دەخەنەوە ئەوا گەلەکانی پێش ئێوە بەدرۆیان زانیوە، وە ئەوەی لەسەر پێغەمبەرە ڕاگەیاندنی ئاشکرایە - العنکبوت)، (ئەی فرستادە ئێمە تۆمان ناردووە وەکو بینەرێکی گەواهیدەر و مژدەبەخش بۆ هەموو خەڵك وەکو مژدەبەخش و ئاگادارکەرەوە بەڵام زۆربەی خەڵك ئەوە نازانن - سبأ)، (هاوەڵەکەتان جنۆکەی لەگەڵدا نییە بەڵکو ئاگادارکەرەوەیەکە بۆتان لەنێوان دوودەستی سزایەکی توند - سبأ)، (کە تۆ ئاگادار کەرەوەیەکی ئێمە تۆمان ناردووە بەڕاستی وەکو مژدەبەخشێك و ئاگادارکەرەوەیەك چونکە لەهەموو گەلێکدا ئێمە ئاگادارکەرەوەیەکمان تێدا داناوە –** فاطر**)، (ئەوەی لەسەر ئێمەیە ڕاگەیاندنی ئاشکرایە - یس)، (بڵێ من ئاگادارکەرەوەیەکم و هیچ خوایەکیتر نییە جگە لە ئەڵڵا کە تاك و تەنیا و بەزێنەرە - ص)، (بڵێ من تازەکارێك نیم لەناو پێغەمبەراندا و نازانم چیم بەسەر دێنێ و چی بەسەر ئێوەش دێنێت و ئەوەی شوێنی دەکەوم تەنیا ئەو سروشەیە کە بۆم دێت، وە من جگە لە ئاگادارکەرەوەیەکی ڕوون کەرەوە بەولاوە هیچیتر نیم - الاحقاف)، (ئێمە تۆمان ناردووە وەکو بینەرێکی گەواهیدەر و مژدەبەخش و ئاگادارکەرەوەیەك - الفتح)، (گوێڕایەڵی خوابن و گوێڕایەڵی پێغەمبەربن ئەگەر پشتتان هەڵکرد ئەوا ئەوەی لەسەر پێغەمبەرەکەمانە ڕاگەیاندنی ئاشکرایە - المائدە)، (بڵێ زانیاری بەلای خواوەندەوەیە وە من تەنیا ئاگادار کەرەوەیەکی ڕوونکەرەوەم - الملك)، (بڵێ من داوا لەخواوەندی خۆم دەکەم و هاوەڵی بۆ بڕیار نادەم بەهیچ شێوەیەك، بڵێ من بەدەستم نییە بۆ ئێوە زیانتان پێ بگەیەنم یان چاوساغیتان بکەم وە من لە خواوەند بەولاوە لەکەسیتر پاداشت وەرناگرم و کەسیتر جگەلەو بەگونجاو نازانم بۆ یەکتر گرتنەوە جگە لە ڕاگەیاندنێك لەلایەن خواوەندەوە و پەیامەکانی نەبێت - الجن).**

7–**ئەگەر ئێمە پەرتوکی خوا تێپەڕێنین و بچینە ناو فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، دەبینین کارەکە لێرەدا ڕاشکاوترە، بەڵگەکە یەکلاکەرەوەترە.**

**خاوەنی پەرتوکی ژیانی پێغەمبەر دەگێڕێتەوە پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەر (د.خ)، بۆ کارێك بۆی باس بکات، کاتێك لەبەردەستیا وەستا موچڕکەیەکی توند بە لەشیا هات و ترس دایگرت، پێغەمبەر (د.خ) پێی فەرموو: ئاسایی بەرەوە من نەپاشایەکم و نەزۆردارێك، بەڵکو من لەژنێکی خەڵکی قورەیشم و لە مەککەدا گۆشتی خواردووە** – السيرة النبوية لاحمد بن زيني دحلان المتوفى سنة (1304هـ) من كتاب أكتفاء القنوع.

**لەفەرموودەدا هاتووە لەسەر زمانی** ئیسرافیل **کاتێك پێی وتم یەکێك لەم دووانە کامیانت دەوێت هەڵیبژێرە، ئەوەی پێغەمبەرێکی پاشابیت، یان پێغەمبەرێکی بەندەی خواوەند بیت، (د.خ) سەیری** جوبرەئیلی **کرد، سەلامی خوای لەسەربێت، وەکو ڕێنوێنکارێك بێت بۆی، جوبرائیلیش سەیری زەوی کرد، کە ئاماژە بوو بۆ ملکەچی، لەگێڕانەوەیەکی تردا** جوبرائیل **ئاماژەی بۆکرد بە ملکەچی، منیش وتم پێغەمبەرێکی بەندەی خواوەند - هـ.**

**ئەمەش ڕاشکاوانەیە لەوەدا (د.خ) هیچ کاتێك پاشایەك نەبووە، داوای پاشایەتی نەکردووە، هەرگیز ئاراستەشی بەو لایەدا نەبووە سەلامی خوای لێبێت.**

**هەوڵ دەدەم لەنێوان هەردوو بەرگی قورئانی پیرۆزدا هەست بە جێپێیەکی ئاشکرا یان شاراوە بکەم لەوەی دەیانەوێت وا بیربکەنەوە دەربارەی ڕواڵەتی ڕامیاریی ئایینی ئیسلام، پاشان هەوڵ دەدەم هەست بەو جێپێیە کاریگەرە بکەم کە مەبەستی کۆششەکەتە لەنێوان فەرموودەکانی پێغەمبەردا (د.خ). ئەو هەموو سەرچاوە ئایینیە**

پاكە لەبەردەستت دایە، لەنزیكتەوەیە، ئەوا هەوڵبدە لەناویاندا بەڵگەیەك یان شتێك لە بەڵگە بچێت لێیان هەڵێنجێنە، تۆ هیچ شتێكی تێدا نادۆزیتەوە بەڵگەیەكی بەهێزبێت، جگە لەگومان، وە گومان لەلای ڕاستیدا هیچ شتێك ناهێنێت.

8-ئیسلام بانگەوازێكی ئایینە بۆ خواوەندی گەورە، ڕێبازێكە لەڕێبازەكانی چاكسازی بۆ ئەم جۆرەی مرۆڤایەتی و بەرچاو ڕووناككەرەوەیە بۆ ئەو هێزەی كەلە خواوەندی گەورەوە یە، ڕێگای خۆشگوزەرانی هەتاهەتایی دەكاتەوە كە خواوەند بۆ بەندە چاكەكارەكانی خۆی ئامادەی كردووە. ئەوەش یەكەیەكی ئایینییە كە ویستی خواوەندی میهرەبان ئەوەیە هەموو مرۆڤایەتی پێ بەیەكەوە ببەستێتەوە بەگشتی، وە بەهەموو لایەكی زەویدا بڵاو ببێتەوە.

ئەو بانگەوازە پیرۆزە پاكە بۆ ئەم جیهانە، بە سوور و ڕەشەوە، دەست بگرن بە بەرنامەی ڕێی ڕزگاری خواوەندی تاك تەنهاوە، ببن بە گەلێكی یەكگرتوو، بەندایەتی بۆ خوایەكی تاك بكەن، لە بەندایەتیكردنیدا ببن بەبرا. ئەوەش بانگەوازی نمونەی بەرزی ئاشتییە بۆ ئەم جیهانە، گەیاندنی بەوەی بۆی شیاوە تا ئاستی كامڵ بوون، بۆ ئەوەی بۆی ئامادەكردووە لەخۆشگوزەرانی، ئەوە سۆز و بەزەیی ئاسمانە بۆ زەوی، گەورەیی خواوەندە بەسەر جیهانەوە.

بانگەوازی جیهان بەگشتی بۆ بوون بەبرا لەئاییندا بانگەوازێكی گونجاوە، لەسروشتی مرۆڤایەتیدا ئامادەباشیەك هەیە بۆ بەئەنجام گەیاندنی.

بەڵێ، خواوەندی مەزن بەڵێنی داوە بەم بانگەوازە بۆئەوەی تەواوی بكات، وامەزانن خواوەند بەڵێنەكانی بەجێناهێنێت - أبراهیم، خواوەند بەڵێنی داوە بەوانەی كە باوەڕیان هێناوە و كاری چاكە دەكەن جێنشینیان دەكەین لەسەر زەویدا هەروەكو ئەوانەی پێش خۆیان جێنشینمان كردوون و ئایینەكەیان بۆ فەراهەم دەكەین بەو شێوەیەی ئەوان پێی قایل بوون و دەیانگۆڕین پاش ئەوەی لەوترسەی هەیانە بۆ ئارامی تاوەكو بەندایەتیم بكەن و هاوەڵم بۆ بڕیار نەدەن و ئەوەی بێباوەڕبێت پاش ئەوە ئەوا ئەوانە خراپەكارن - النور، هەروەكو فرستادەی خۆی ناردووە بە ڕێنوێنیكردن و ئایینی ڕاستی بۆ ئەوەی بیدات بەسەر هەموو ئایینەكانی تردا بەگشتی و خواوەند بەسە بۆ گەواهی - الفتح، كێ لەوە ستەمكارترە كە درۆ هەڵبەستێت بەدەم خواوەندەوە و خۆی وا دەربخات كە بانگەواز بۆ ئیسلام دەكات، خواوەند ڕێنوێنی گەلی ستەمكار ناكات، دەیانەوێت ڕووناكی خواوەند بكوژێننەوە بەدەمیان و خواوەند ڕووناكی خۆی بەردەوام دەكات ئەگەر بێ باوەڕەكان پێیان ناخۆشیش بێت، هەر ئەوە پێغەمبەری خۆی ناردووە بەچاوساغی و ئایینی ڕاست هەتاوەكو سەریخات بەسەر هەموو ئایینەكانی تردا بەگشتی ئەگەر ئەوانەی هاوەڵیان بۆ خواوەند بڕیار داوە پێشیان ناخۆش بێت - الصف.

گونجاوە هەموو جیهان یەك ئایینیان هەبێت، هەموو مرۆڤایەتی ڕێكبخرێت لەژێر یەك یەكەی ئایینیدا، بەڵام هەموو جیهان وەربگریت بەیەك فەرمانڕەوایەتی، كۆی بكەیتەوە لەژێر یەكەیەكی ڕامیاری هاوبەشدا، ئەوا ئەوە وا گومانی لێدەكرێت دەربچێتە دەرەوەی یاسای سروشتی مرۆڤایەتی، ئەمەش نەبەسراوەتەوە بەویستی خواوەندەوە.

لەبەرئەوەی ئەوە مەبەستێكە لەمەبەستەكانی ژیانی ڕۆژانە، خواوەند بەجێی هێشتووە بۆ ژیریی مرۆڤایەتی، خەڵكی لەوەدا سەربەست كردووە لە جێبەجێكردنیدا بەوەی ژیرییان ڕێنیشاندەریان بێت، لەگەڵ زانیارییان، و ئارەزوویان، ویستەكانیان. دانایی خواوەند لەوەدا لەڕادەبەدەرە لەوەی خەڵك بهێڵێتەوە لەوەدا جیاوازبن، ئەگەر خوای تۆ ویستی بووایە ئەوا هەموو مرۆڤایەتی بە یەك گەل دروست دەكرد و هەتاوەكو ئێستاش جیاوازن لەوەدا جگە لەوانەی خوای تۆ سۆز و بەزەیی خۆی پێ بەخشیوون وە بۆ ئەوەش دروستیكردوون - هود.

لەبەرئەوەی ئەوە بهێڵێتەوە لەنێوان مرۆڤایەتیدا ئەو پێشبڕكێیە بكەن كە خواوەند ویستوویەتی بۆ كامڵكردنی

شارستانیەتی، ئەگەر پێشبڕکێی خواوەند بۆخەڵك نەبووایە هەندێکیان بەهەندێکیان ئەوا سەرزەوی تێکدەچوو بەڵام خواوەند خاوەنی گەورەییە بەسەر جیهانەوە - بقرە.

هەتاوەکو ئەو نووسراوە بگاتە شوێنی بڕیار دراو، وە فەرمانی خواوەند تەواو ببێت.

ئەوەش لەو مەبەستانەی ژیانی ڕۆژانەیە کە پێغەمبەری خوا (د.خ) خۆی لێلاداوە لەوەی تێیدا فەرمانی هەبێت و ڕێکی بخات، (د.خ) فەرموویەتی: ئێوە خۆتان شارەزاترن بە کاروباری ژیانی ڕۆژانەتان.

ئەوانەش لە مەبەستەکانی ژیانی ڕۆژانەن، ژیان لە سەرەتایەوە هەتاوەکو کۆتایی، هەموو ئەو شتانەی تێیدان لە مەبەستەکان و پێگەکان، ساناترە لەلای خواوەند لەوەی هەستێت بەڕێکخستنی سەرەڕای ئەوەی لەناو ژیرییەکاندا و مێشکەکاندا دروستیکردووە، سۆزداری و ئارەزووەکانی خۆشەویستی کردووە لەلامان، زانیاریمان لەناو و ناونراوەکانماندا ، ئەوەش ئاسان ترە لەلای خواوەند لەوەی پێغەمبەرێکی بۆ بنێرێت، ئاسانترە لەلای پێغەمبەرانی خوا لەوەی خۆیانی پێوە سەرقاڵ بکەن و خۆیان تەرخان بکەن بۆ ڕێکخستنی.

9-نەتترسێنێت ئەوەی دەیبینی جاروبار لە ژیانی پێغەمبەردا (د.خ)، وا بۆت دەربکەوێت کارێکی فەرمانڕەوایە، و ڕواڵەتی پاشایەتی و دەسەڵاتدارێتیە، ئەگەر تۆ هەڵوەستەیەك بکەیت بەو شێوەیە نایەتە بەردەستت، بەڵکو ئەوە جگە لەوەی هۆیەك بووە لەو هۆیانەی (د.خ) پەنای بۆ بردووە، بۆ دامەزراندنی ئایین، و پشتگیریەك بێت بۆ بانگەوازەکە.

سەرسوڕهێنەرنییە کۆشش لەڕێگای خوادا یەکێك بووە لەو هۆیانە. ئەویش هۆیەکی توندوتیژ و بێبەزەییانە بووە، بەڵام تۆ چوزانی، لەوانەیە خراپە لەهەندێك کاتدا پێویست بێت بۆ چاکە، و لەوانەیە وێرانکردن پێویست بووبێت بۆ ئەوەی شارستانیەت دروست ببێت.

وتویانە جوڵانەوە خاڵی نەبووە لەسەرکەوتن، وتمان ئەوە پیشەی خوایە لە دروستکراوەکانیدا، هەتاوەکو ئێستا ململانێ لەنێوان ڕاستی و ناڕاستیدا، بەئاگابوون و بێئاگابوون، بەردەوامە لەم جیهانەدا هەتاوەکو خواوەندی گەورە دادگایی خۆی دەکات تێیدا.

ئەگەر خواوەند بەهاری نارد بۆ زەوی وشك هەڵاتوو، بۆ زیندوو کردنەوەی ئەوەی مردووە، ئەوەی تینووە تێراویدەکات، پیت و بەرەکەتی تێدا دەبووژێنێتەوە، ئایا لە توانای کەم دەبێتەوە هەرچی لەڕێگەیدا بێت هەڵیبگێڕێتەوە سەرەونوخونی بکات دەیکات، یان باڵاخانەیەکی بەرز و کۆڵەکەدار داڕوخێنێت -رساله التوحید للشیخ محمد عبده ص122-123.

10-لەوەدا دەبینیت قورئان خۆی بەتەنیا ئەوەمان لێقەدەغە ناکات وابزانین پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ پەیامی ئایینیدا بانگەواز بۆ فەرمانڕەوایەتییەکی ڕامیاری بکات. هەروەها فەرموودەش خۆی بەتەنیا نییە ئەوەشمان لێقەدەغە دەکات، بەڵکو لەگەڵ پەرتوك و فەرموودەدا فەرمانی ژیریی و ئەوەی مەبەست و واتای نامەکەیە و سروشتیەتی بەهەمان شێوە.

کەواتە فەرمانداریێتی موحەممەد (د.خ) بەسەر باوەڕدارانەوە فەرمانداریێتیەکی پەیامی ئایینی بووە هیچ مۆرکێکی فەرمانڕەوایەتی پێوە نەبووە.

ئەی های های، هەرگیز فەرمانڕەوایەتیەك لە ئارادا نەبووە، نە دەوڵەتێك هەبووە، نە هیچ شتێك لە مەبەستەکانی ڕامیاریی، نە هیچ لە هۆکارەکانی پاشایان و فەرامڕەوایان.

لەوانەیە ئێستە پەیت بردبێت بەوەی کە پێشتر پرسیارت دەربارەی دەکرد، لەوەی سەردەمی پێغەمبەرایەتی خاڵی

بووه له ڕووالەتەكانی فەرمانڕەوایەتی و هۆكارەكانی دەوڵەت، هەروەها زانیت چۆن لەو سەردەمەدا هیچ ڕێكخستنێكی فەرمانڕەوایەتی نەبووە، هەروەهاش هیچ فەرمانداریك و دادوەرێك و نوسینگەیەك و □ تاد نەبووە، لەوانەیە تاریكی ئەو سەرسوڕمانەی هاتووەتە بەردەمت مەحاڵە ڕوون بوونەوەی. ئاگر لەسەرت بووبە ساردی و بێوەیی.

# پەرتوكی سێیەم
# جێنشینی و فەرمانڕەوایی لە مێژوودا

## بەندی یەكەم
## یەكەی ئایینی عەرەب

1-ئیسلام ئایینێكی تایبەت نییە بەعەرەب. 2-عەرەبضێتی و ئایین. 3-یەكطرتنی ئایینی عەرەب لەطەلأ جیاوازییە رامیارییەكاندا. 4-سیستەمەكانی ئایینن نەك رامیاری. 5-كەمی روونی رامیاری لای عەرەب لە رؤذانی ثێغەمبەردا. 6-كؤتایی هاتنی طەورەیی بە مردنی ثێغەمبەر (د.خ). 7-ثێغەمبەر (د.خ) لەثاش خؤی كەسێكی ناونەناوە جێنشین. 8-رێبازی شیعەكان لە جێنشینیی عەلی. 9-رێبازی كؤمەلأ لە جێنشینیی ئەبوبەكر.

1–هەروەكو زانیت ئیسلام بانگەوازی ڕێبازێكی ئاسمانیە، خواوەند ناردویەتیەخوارەوە بۆ خۆشگوزەرانی ئەم جیهانە بەگشتی، ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوا، عەرەب و جگە لە عەرەب، پیاوان و ژنان، دەوڵەمەند و هەژاران، زاناكان و نەزانەكان و ئەوە یەكەیەكی ئایینیە، ویستی خواوەند وابووە هەموو مرۆڤا یەتی بەیەكەوە ببەستێتەوە بەم ئایینە، سەرانسەری جیهان بگرێتەوە بەگشتی، هیچ كاتێك بانگەوازی ئیسلام عەرەبچێتی نەبووە، وەنە یەكێتیەكی عەرەبیش بووە، نە ئایینێكی عەرەبیشە، هەرگیز ئیسلام ئەوەی بەخەڵك ڕانەگەیاندووە گەلێك زیاتربێت لەگەلێكیتر، نە زمانێك لە زمانێكی دی، نە شوێنێك لە شوێنێكیتر، نە كاتێك لە كاتێكیتر، نەوە یەك لە نەوەیەكیتر، جگە لە ڕادەی ترسان لەخواوەند نەبێت. ئەوەش سەرەڕای ئەوەی دەبینی پێغەمبەر سلاَوی خوای لەسەربێت عەرەب بووە، هەروەها عەرەبیشی خۆشویستووە بەبێ گومان، پیایدا هەڵداون و چاكەی وتوون، پەرتوكی خواوەند عەرەبیەكی ڕوونە.

2–نەدەكرا و هەردەبوو بانگەوازی ئیسلام بێتە ناو ئەم بوونەوەرەوە، ڕاستیەكی نەگۆڕ دەركەوێت لەناو ڕاستیەكانی تری ئەم گەردوونەدا، دەبوو لەلایەن پیرۆزی بالاَوە پێغەمبەرێك هەڵگری بووایە كە خواوەند خۆی هەڵیدەبژێرێت، بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بەو خەڵكە.

خواوەندی گەورە و میهرەبان بەوە قایل بوو، مەبەستی زانستی بەرزی، ئەوەبوو پێغەمبەیێك هەڵبژێرێت بۆ ئەو بانگەوازە لەنێوان تیرەكانی عەرەبدا جگە لە شوێنەكانیتر، دەبوو هەڵیبژاردایە لەناو عەرەبدا و لەنێوان نەوەی ئیسماعیلدا، هەڵیبژێرێت لەنێوان كوڕەكانی ئیسماعیلدا و لەپشتی ئەو، هەڵیبژێرێت لەیەكێك لەلقەكانی ڕەچەڵەكی قورەیشدا، هەڵیبژێرێت لەناو قورەیشدا لەنەوەكانی هاشم، لەناو نەوەكانی هاشمدا موحەممەدی كوری عەبدولآ (د.خ)

**هەڵبژێرێت.**

**ئالەمەدا مەبەستی زانینی خواوەند لەڕادەبەدەرە، لەوانەیە بیزانین و لەوانەشە نەیزانین (خوای تۆ ئەوەی بیەوێت دروستی دەکات و ئەوەی بیەوێت هەڵیدەبژێرێت، کە هیچ لە دەسەڵاتی ئەوانەدا نەبووە، پاکی و بێگەردی بۆ خواوەند کە بەرزترە هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن، و خوای تۆ دەزانێت چی لە سنگ و دەروونی ئەوانەدا هەیە لەگەڵ ئەوەی دەریدەخەن -قصص).**

**پەرتوکێکی عەرەبی، فرستادەیەکی عەرەب، هیچ بواری تێدا نییە بەبێ گومان بانگەوازی ئیسلام دەستپێبکات لەناو عەرەبدا، پێش ئەوە بگاتە جگە لەوان. هیچ بوارێکیتر نییە بەبێ گومان لەوەی عەرەب بن بە یەکەم کەس و گوێیان بکرێتەوە بە بانگەوازی ئەو مژدەبەخشە بەئاگاهێنە، یەکەم کەس بن ئەو بانگەوازکارە ئامادە یان بکات بەرەو خواوەند، یەکەم کەس بن هەوڵبدات کۆیان بکاتەوە لەسەر ئەو ڕێ و شوێنە.**

**هەر بەوشێوەیە پێغەمبەری خوا (د.خ) دەستیکرد بەبانگەواز لەنێوان هۆزەکەی خۆیدا و لەناو نزیکەکانی خۆیدا، پاشان لەنێوان گەلی عەرەبدا، هەتاوەکو ئێستاش پێیانە، سەرکەوتنی خواوەند پشتگیری دەکرد، هەتاوەکو بەملکەچیەوە هاتن بەرەوپیری بانگەوازەکەیەوە، هەموویان لەژێر گەورەیی ئەو فرستادە متمانە پێکراوەدا بوون، یەکەمین کەس بوون هاتە ناو ئەو یەکە ئاییننییەوە.**

**3-وڵاتە عەرەبییەکان، هەروەکو دەزانین، تیرە و هۆزی جیاوازی جۆراوجۆری عەرەبی زۆر تێدا بوو، ڕوون و ئاشکرا بوو شێوە زارەکانیان، چواردەورێکی ئاوەدان، هەروەها جیاواز بوون لە یەکەی سیاسیدا، تیایاندابوو لەژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی ڕۆمەکاندابوو و تیایاندا هەبوو خۆی هەستابوو بە فەرمابڕەوایەتیکردنی خۆی بەبێ لایەنی.**

**ئەمانە هەموو بەشوێن یەکدادێن، وەکو پێویست، بەڕوونی و ئاشکراییەکی گەورە لەنێوان ئەو گەلانەی عەرەبدا هەبوون، لە ڕێبازی فەرمانڕەواییدا، لە هەڵسوکەوتی بەڕێوەبردندا، و لە داب‌ونەریتدا، و لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی ئابووری و داراییدا.**

**ئەم هەموو گەلە پەرش و بڵاوە هەموویان کۆبوونەوە لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) لەدەوری بانگەوازی ئیسلام، و لەژێر بەیداخی ئەودا، بەسۆز و خۆشەویستی خواوەند بوون بەبرا، تاکە ڕێبازێك لە ئایین بەیەکیەوە دەبەستنەوە، تاکە پەرژینێك دەیگرتنە خۆ، لە گەورەیی پێغەمبەری خوا (د.خ)، لە سۆز و بەزەیی ئەو، و بوون بە یەك گەل، کە یەك گەورەیان هەبێت، ئەویش پێغەمبەر بوو سڵاوی خوای لێبێت.**

**ئەو یەکێتییە عەرەبییە لەسەردەمی پێغەمبەردا هاتەکایەوە یەکێتییەکی ڕامیاری نەبوو لە هیچ ڕوویەکەوە. بەهیچ شێوەیەك واتای فەرمانڕەوایەتی و دەوڵەتی تێدا نەبوو، بەڵکو هەردەم دەبێت یەکێتییەکی ئایینی پاك بێت لە خڵتەی ڕامیاری. یەکێتیەکی باوەڕ و ڕێبازێکی ئایینی بێت، نەك یەکێتییەکی فەرمانڕەوایەتی و ڕێبازێکی پاشایەتی.**

**4-ژیانی پێغەمبەر (د.خ) ڕێنوێنیت دەکات بۆ ئەوەی، هەرگیز توخنی شتێك لە ڕامیاری ئەو گەلە پەرش و بڵاوە نەکەوتووە، هەرگیز هیچ شتێکی نەگۆڕیوە لەشێوەی هەڵسوکەوتی فەرمانڕەوایی لەلایان، هەروەها ئەوەشی نەگۆڕیوە هەریەکێك لە هۆزەکان هەیانە لە سیستەمی بەڕێوەبردن و دادوەری، هەرگیز هەوڵی ئەوەی نەداوە خۆی لەقەرەی ئەوەش بدات کە لەنێوان هەندێك هۆزەکاندا هەیە لەهەندێکی تریان، نە ئەوەی کە لەنێوان خۆیان و جگە لەخۆیاندا هەیە، لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری، هەرگیز نەشمان بیستووە بەرپرسێك لاببات، دادوەرێکیشی دانەناوە، وەهیچ حەسحەسێکی شەوانەی ڕێك نەخستووە، هیچ بنەمایەکی دانەناوە بۆ بازرگانیەکانیان و کشتوکاڵەکانیان و**

پیشەسازیەکانیان. بەڵکو (د.خ) هەموو کاروبارەکانیانی بەجێهێشتووە بۆ خۆیان و پێیوتوون خۆتان چاکتر لێیدەزانن، هەموو گەلێك و ئەوەی هەیەتی، لەو یەکە خۆماڵی و ڕامیاریەی، و ئەوەی لەناویاندایە لەپشێوی یان ڕێکوپێکی، جگە لەوەی وتمان بەیەکەوە نایان بەستێتەوە، لە یەکێتی ئیسلام و بنەماکانی و خو و ڕەوشتەکانی بەولاوە.

لەوانەیە بگونجێت بوترێت، ئەو بنەما و خو و ڕەوشت و پەیڕەوپرۆگرامانە، کە پێغەمبەر (د.خ) هێناویەتی، بۆ گەلانی عەرەب و جگە لە گەلانی عەرەب بە هەمان شێوە، زۆر بوون، و تیایاندا هەبووە بەڕادەیەکی گەورە خۆی لە قەرەی ڕواڵەتەکانی ژیانی گەلان دەدا، تیایدا هەبووە لە سیستەمی سزادان، و بۆ سوپا، و کۆشش لەڕێگای خوادا، و بۆ کڕین و فرۆشتن و بەقەرزدان و بەبارمتەدان، و داب‌ونەریتی دانیشتن و گفتوگۆکردن، لەوانە زیاتر کێ عەرەبی کۆکردەوە لەسەر ئەو یاسا و بنەما زۆرانە، نێوانی هەموو بەشەکانیان و دابونەریتیان و پەیڕەوپرۆگرامیانی یەکخست لەو سنوورە بەربڵاوەی کە ئیسلام هێناویەتی، سیستەمی شارستانیەتی یەکخستووە و پێویستیکردووە لەسەریان و کردنی بەیەکەیەکی ڕامیاری، کەواتە یەك فەرمانڕەوا یەتی بوون، و پێغەمبەر سەلامی خوای لێبێت گەورەی بووە و فەرمانداری بووە.

بەڵام ئەگەر هەڵوەستەیەك بکەیت، دەبینیت هەموو ئەوەی ئیسلام هێناویەتی، و پێغەمبەر بەسەر موسوڵمانەکاندا جێبەجێیکردووە، لەسیستەم و بنەما و داب‌ونەریت هیچ شتێك نەبووە نەلە زۆر نەلە کەم لەهەڵسوکەوتی فەرمانڕەوایەتی ڕامیاری، و نە لەسیستەمی فەرمانڕەوایەتی شارستانی، پاشان ئەگەر ئەوەش کۆی بکەیتەوە ناکاتە ئەوەی ببێت بە بەشێکی ئاسان لە پێویستی فەرمانڕەوایەتییەکی شارستانی لەبنەماکانی ڕامیاریی و یاساکان.

هەموو ئەوەی ئیسلام هێناویەتی لە بیروباوەڕ و کاروفەرمان، لە داب‌ونەریت و سزاکان، ئەوانە تەنها پەیڕەوپرۆگرامی ئایینی پاکی خواوەندی بەرز و بەڕێزن، بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی ئایینی و هیچیترنا. کاتی ئەوە دێت پاش ئەوەی ڕوون دەبێتەوە بۆمان ئەو بەرژەوەندییە ئایینییە یان لێمان دەشاردرێتەوە، کاتی ئەوەش دێت ئایا بۆ مرۆڤایەتی بەرژەوەندی شارستانی تێدایە یان نا، ئەوەش ئەوەیە کە پەیڕەوپرۆگرامی ئاسمانی بۆی ناڕوانێ، و پێغەمبەریش بۆی ناڕوانێ.

عەرەب هەرچەندە پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام کۆیکردوونەتەوە تاوەکو ئێستا و ڕۆژی ئەمڕۆمان، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی زانیت لەو ڕوونی و ئاشکراییەی لە ڕامیاری و شتی تردا لە ڕوواڵەتی ژیانی شارستانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەمەش دەکاتە ئەوەی بڵێیت، ئەوان لەناو خۆیاندا فەرمانڕەوایی پەرش و بڵاو بوون، بە ڕادەیەك کە ژیانی عەرەب لەو ڕۆژەدا بووار دەدات بەواتای دەوڵەت و فەرمانڕەوایی.

ئەوە بارودۆخی عەرەب بوو ئەو ڕۆژەی کە سەلامی خوای لێبێت گەیشت بە هاوەڵی بەرزی خۆی واتە خواوەندی خۆی، یەکێتیەکی ئایینی گشتی و لەژێر دەسەڵاتەکەیدا چەند فەرمانڕەوایەتیەکی بە تەواوەتی ڕوون جگە لە کەمێکیان نەبێت هەبوو. ئەوەش ڕاستیە و گومانی تێدا نییە.

لەوانەیە بترسیت لەوەی لێت بشاردرێتەوە کاری ئەو ڕوون و ئاشکراییە، ئەوەی وتوومانە لەنێوان گەلانی عەرەبدا و لەسەردەمی پێغەمبەردا سەلامی خوای لێبێت هەبووە، و لەخشتەت ببات ئەو وێنە سێلاییەی کە مێژوو نووسان هەوڵ دەدەن بۆ ئەو سەردەمەی دابنێن. بزانە یەکەم: لەهونەری مێژوودا هەڵەیەکی زۆر هەیە، و چەندینجار مێژوو هەڵەدەکات و چەندینجار دەبێتە تاریکاییەك و لەخشتەبەرێکی گەورە.

بزانە دووەم: بەڵام لەڕاستیدا زۆربەی پەرش و بڵاوی عەرەب و دەرکەوتنیان، شوێنەوارەکەی پەرش و بڵاو بووەوە و نەما، بەوەی ئیسلام نێوانی فەرمانڕەوایەتیەکانی بەیەکەوە بەستەوە، بەوەی کۆیکردنەوە لەسەر ئایینێکی تاك، و لەناو سیستەمێك و دابونەریتێکی هاوبەشدا، و لەبیرت بێت، سێیەم: ئەوەی پێشتر بۆمان باس کردوویت و ئاماژەشمان بۆ کردووە، جێدەستی ئەو گەورەیی ئایینەیە کە پێغەمبەر (د.خ) هەی بووە، ئەوا جێی سەرسوڕمان نییە هەروەها ئەو دەرکەوتنەی گەلانی عەرەب هەیان بوو شوێنەوارەکەی بسڕدرێتەوە، و ڕووالەتەکانی بشاردرێنەوە، توندوتیژیان کەم بووبۆوە، توندڕەویان نەما. (ئەو ناز و چاکەیەی خواتان لەبیر بێت کە بەسەرتانەوەیە کاتێك پێشتر لەناو یەکدا دوژمنی یەکتری بوون بەڵام خواوەندی گەورە خۆشەویستی و تەبایی خستە نێوان دڵەکانتانەوە بەو ناز و چاکەیەی خواوەند بوون بەبرا کاتێك ئێوە لەسەر لێواری چاڵێکی ئاگر بوون و خواوەند ڕزگاریکردن لێی - آل عمران).

بەڵام عەرەب لەسەر ئەوە سوودمەند نەبوون کەبن بە گەلانێکی دەرکەوتە، لەفەرمانڕەوایی پەرش و بڵاوەوە. ئەو شتە سروشتی بوو، سروشتیەکەشی لەوەدا بوو کە دەبوو ئەو دەمارگیری و توندوتیژییە هێور ببێتەوە، شوێنەوارەکە کەم ببێتەوە، بەڵام ناتوانرێت ڕزگارمان ببێت لێی بەشێوەیەك لە شێوەکان.

نزیك بوو لەوەی (د.خ) بگاتە هاوەڵی بەرزی کە خواوەندی گەورەیە ئەوەبوو خەریك بوو ئەو هەواڵە ڕاستەی ڕوون و ئاشکرا هۆکاری ئەو دەرکەوتەییەی گەلانی عەرەب بوو دەربکەوێت و بکەوێتە ڕوو، هەموو گەلێك گەڕایەوە بۆ ئەوەی هەست بە کەسایەتی جیاوازی خۆی بکات، بوونیان و سەربەخۆییان لەدەستی جگە لەخۆیان، و خەریك بوو ئەو یەکێتییە عەرەبییە هەڵوەشێتەوە، کە لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەردا (د.خ) هاتە کایەوە و سەریگرت، زۆربەی عەرەبەکان هەڵگەڕانەوە، جگە لەخەڵکی مەدینە و مەککە و تائف ، ئەمانە هەڵگەڕانەوە نەچووە ناویان - أبو الفداء ج1 ص152.

6-ئەو یەکێتییە عەرەبییە هەبوو هەروەکو زانیت یەکێتیەکی ئیسلامیی بوو ڕامیاریی نەبوو، گەورەیی پێغەمبەر (د.خ) لەناویاندا گەورەیی ئایینی بوو گەورەیی شارستانی نەبوو، ملکەچیان بۆی ملکەچی بیروباوەڕ و ئایین بوو، نەك ملکەچی فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵاتداریێتی، کۆبوونەوەیان بەچواردەوریدا کۆبوونەوەیەکی بێخەوش بوو بۆ خوای گەورە، کە لێزمەبارانی سروشیان پێدەگەشت، لەگەڵ شنەبای ئاسمان، و فەرمانەکانی خواوەند لەگەڵ قەدەغەکراوەکانی (پاکی دەکردنەوە و فێری پەرتوك و زانست و زانیاری دەکردن - الاحقاف).

ئەو گەورەییە هی موحەممەد کوری عەبدوڵای کوری عەبدولموتەلیبی هاشمی قورەیشی بوو، بۆ کەسێتی و ڕەچەڵەك نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی فرستادەی خواوەند بوو (هیچ کاتێك بە ئارەزوو و ویستی خۆی قسە ناکات، هەتاوەکو سروشی لەلایەن خواوەندەوە بۆ نەیەت - النجم) بەڵکو لەلایەن خواوەندەوە و بەهۆی فریشتە بەڕێزەکانیەوە، کەواتە هەرکاتێك (د.خ) گەیشتە خواندی بەرز و گەورەی خۆی ئیتر بۆ کەس نییە لەدوای ئەو هەستێت بەو پلەوپایە ئایینیە، لەبەر ئەوەی سەلامی خوای لەسەربێت (کۆتایی هێنە بە پێغەمبەرایەتی - الاحزاب)، هەروەها پەیامی خواوەندی گەورە لەپێغەمبەرەوە بەمیراتی نامێنێتەوە بۆ هیچ کەس، هەروەها هیچ بەخشینێکی لێوەرناگیرێ و کەسیش نابێت بە بریکاری.

7-(د.خ) گەیشتە هاوەڵی بەرزی بەبێ ئەوەی کەسێك ناوبنێت یان دیاری بکات جێنشینی بێت لەپاش خۆی، ئاماژەشی نەکرد بۆ کەسێك هەستێت بە پلەوپایەی ئەو لەناو گەلەکەیدا.

بەڵکو هەرگیز (د.خ) بەدرێژایی ژیانی ئاماژەی نەکردووە بۆ شتێك ناوی فەرمانڕەوایەتی (دولە) ئیسلامی بێت، یان فەرمانڕەوایەتیەکی عەرەبی.

(د.خ) نەگەیشت بە هاوڕێی بەرزی هەتاوەکو پاش ئەوەی ئەوەی لەلایەن خواوەندەوە بۆی هاتبوو لەپەیامەکەی بەتەواوەتی گەیاندیە مەبەست و ئەوەی لەسەرشانی بوو جێبەجێیکرد، هەموو بنەماکانی ئایینی بەگشتی بۆ گەلەکەی ڕوون کردەوە، بەبێ ڕووپۆش و شاردراوەیی، ئەی چۆن -ئەگەر یەکێك لە کارەکانی دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتی (دولە) بووبێت- کاری ئەو فەرمانڕەوایەتییە بەنەزانراوی بەجێدەهێڵێت بەسەر موسوڵمانانەوە، لەبەرئەوەی پاش ئەو بەخێرایی هەڵبگەڕێنەوە بەسەرسوڕماوی و هەندێکیان لە گەردنی هەندێکیتر بدەن! ئەی چۆن خۆی لە قەرەی کارێك نادات هەڵسێت بە دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتییەك لەپاش خۆی. کەئەوەش یەکەمین شتە دەبێت خۆی لەقەرەی بدات وەك ئەوانەی دامەزرێنەری فەرمانڕەوایەتین لەکۆن و نوێدا! چۆن بۆ موسوڵمانان شتێك بەجێناهێڵێت تا ڕێنوێنیان بکات لەوەدا! چۆن بەجێیان دەهێڵێت لەناو ئەو سەرسوڕمانە بەردەوامە ڕەشەدا کە بەسەریدا داون و داپۆشیون و خەریکە لە ئەنگوستەچاویدا یەکتری دەکوژن؟ جەستەی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ) لەناویاندایە و هێشتا ئامادەکرنی بۆ ناشتن تەواو نەبووە و بەخاك نەسپێردراوە!

8-بزانە شیعەکان هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن پێغەمبەری خوا (د.خ) عەلی کوری ئەبی تالیب (خ.ل) داناوە بە جێنشین بەسەر موسوڵمانانەوە پاش خۆی. نامانەوێت لێرەدا بتوەستێنین لەلای ڕاگۆڕینەوە لەسەر ئەم بیروڕایە، لەبەر ئەوەی بەختی لەڕووی زانستیەوە کەمە و ئەوە ناهێنێت گرنگی پێبدەین.

ئیبن خەلدون دەڵێ: ئەو نوسراوانەی کە (دەیگێڕنەوە و هەڵیدەبەستن لەسەر پێویستی ڕێبازەکەیانە، زانایانی سوننە ئەوە نازانن نەئەوانەی پەیڕەو پرۆگرامی ئیسلام دەگێڕنەوە، بەڵکو زۆربەی دانراوە یان پلارگرتنە لە ڕێبازەکە یان دوورە لە لێکدانەوە خراپەکانیان - مقدمە أبن خلدون ص171.

9-پێشەوا ئیبن حزم ئەلزاهیری بۆ ئەوە ڕۆشتووە ڕای کۆمەڵێك دەڵێن پێغەمبەری خوا بەڕاشکاوی باسی دانانی ئەبوبەکری کردووە دوای خۆی لەسەر کاروباری خەڵك بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، بە کۆی دەنگی کۆچکەرەکان و پشتگیرەکان (المهاجرین و الانصار) لەسەر ئەوەی ناوی بنێن جێنشینی پێغەمبەری خوا (د.خ)، واتای جێنشین لە زمانەوانیدا ئەوەی کەلە دوای کەسێکەوە دێت، نەك ئەوەی ئەوی لەپێشەوەیە لەجێگەی خۆی ئەوەی بەدوایدا دێت دایبنێت، جگە لەم واتایە ناگونجێت لە زمانەوانیدا بەبێ جیاوازی  تاد - الفصول فی الملل و ألاهواء و النص ج2 ص107 ومابعدها. لەوەشدا بەدووروودرێژی لەسەری ڕۆیشتوە.

ڕۆشتن لەگەڵ ئەو ڕایەدا گەردەلول دەکات هیچ ڕوویەکی ڕاستی لێنابینرێت. ئێمە گەڕاین بەدوای ئەوەی دەستمان کەوت لە ئیبن حزم لە پەرتوکەکانی زمانەوانیدا هیچ شتێکمان چنگ نەکەوت پشتڕاستی ئەو قسەیەی پێشەوا ئیبن حزم بکاتەوە، پاشان ئەوەمان کەوتە بەردەست لە کۆی دەنگی گێڕەرەوەکان لەسەر جیاوازی متمانە بەخشینی هاوەڵانی پێغەمبەر بە ئەبوبەکر، دەنگ نەدانی بەڕێزەکانیان لەناویاندا، و قسەیەکی عومەری کوری خەتاب (خ.ل) پاساوی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی وتویەتی لەپێشدا کاتێك پێغەمبەری خوا (د.خ) گیانی سپاردبوو، وتبووی: هەندێك پیاو هەن لەناو دووڕووەکاندا وایدەردەخەن پێغەمبەر مردووە. سوێندم بەخوا پێغەمبەری خوا نەمردووە، بەڵکو ڕۆشتووە بۆ لای خوای خۆی، هەروەکو موسای کوری عیمران کە لەگەلەکەی بزر بوو بۆ ماوەی چل شەو و پاشان گەڕایەوە دوای ئەوەی وتیان مردووە، سوێند بەخوا پێغەمبەری خوا دەگەڕێتەوە و دەست و قاچی ئەو پیاوانە

**دەبڕێتەوە کە وای دەردەخەن پێغەمبەری خوا مردووە** - أهـ تأريخ الطبري ج3 ص197.

**پاشان لە پاساوی ئەم قسەیەیدا وتارێکیدا و وتی: ئەی خەڵکینە من دوێنێ شتێکم پێوتن هیچ نەبوو جگە لەڕای خۆم، و لە پەرتوکی خوادا دەرم نەهێناوە، نەپەیمانێك بووە پێغەمبەری خوا (د.خ) پێیدابم، بەڵام من وامدەزانی پێغەمبەری خوا کارەکانمان جێبەجێ دەکات هەتاوەکو کۆتاییمان. خواوەند پەرتوکی خۆی لەناوتاندا هێشتۆتەوە کە پێغەمبەری (د.خ) پێڕێنوێنی کردبوو، ئەگەر دەستی پێوەبگرن خوای گەورە ڕێنوێنیتان دەکات هەروەکو چۆن پێغەمبەرەکەی خۆی ڕێنوێنی کردووە، خوای گەورە کاروباری ئێوەی کۆکردووەتەوە لەسەر چاکترینی ئێوە، هاوەڵی پێغەمبەری خوا، هاوەڵی دووبەدوو لەئەشکەوتی حەڕرادا بەیەکەوە بوون، هەستن و متمانەی پێببەخشن** - تأريخ الطبري ج3 ص203.

**ئەمەمان بەرچاو کەوت و زۆری تریش جگە لەمەشمان بەرچاو کەوت زانیمان چوون بۆ ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) فەرمانی جێنشینیی دوای خۆی ڕوونکردووەتەوە ئەوە ڕایەکی پەسەند نییە، بەڵکو لەڕاستیدا (د.خ) هەرگیز خۆی لە قەرەی کاروباری فەرمانڕەوایی نەداوە پاش خۆی، هەرگیز پەیڕەوپرۆگرامێکی نەهێناوە بۆ موسوڵمانان تاوەکو بگەڕێنەوە سەری لەم بارەیەوە.**

**پێغەمبەری خوا (د.خ) نەگەیشتە هاوەڵی بەرزی هەتاوەکو پاش ئەوەی ئایینەکەی بە تەواوەتی گەیاند، پیت و سوود و سۆز و بەزەیی تەواو کردووە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی هێنایە سەر بوونی ڕاستەقینە، وە ئەو ڕۆژەی گیانی سپارد (د.خ)، پەیام کۆتایی هات، و ئەو پەیوەندییە تایبەتیەی لەنێوان ئاسمان و زەویدا هەبوو لەناخی کەسایەتی بەرزیدا بوو (د.خ) بچڕا.**

## بەندی دووەم
## فەرمانڕەوایەتی عەرەب

1-طـــــــەورەیی ئـــــــاش ئێغەمبـــــــەر (د.خ) هــــــــەردەبێت طەورەییـــــــەکی رامیـــــــاری بێـــــــت.
2-کاریطـــــــەری ئیســــــلام لەســــــەر عـــــــەرەب. 3-ســـــــەر هەڵدانی فەرمانرەوایـــــــەتی عـــــــەرەبی.
4-جیاوازی عەرەب لە متمانە بەخشیندا.

**1-گەورەیی پێغەمبەر (د.خ)، هەروەکو وتمان، گەورەییەکی ئایینی بووە، لەڕێگەی پەیامەوە هاتووە بەتەنها. پەیامیش کۆتاییهات بەمردنی (د.خ) و گەورەییش کۆتاییهات بەهەمانشێوە، بۆ هیچ کەس نییە لەجێگای ئەوبێت لەگەورەییدا، هەروەکو چۆن بۆ کەس نەبوو لەجێگای بێت لە پەیامی پێغەمبەرایەتیدا.**

**ئەگەر گەورەییەکیش هەبوویێت کە هەبووە لەنێوان شوێنکەوتووانی پێغەمبەردا (د.خ) دوای لەدنیا دەرچوونی، ئەوا ئەوە گەورەییەکی تازەیە و ئەوە نییە زانیومانە لە پێغەمبەروە (د.خ).**

**سروشتیە و ڕەوایە بەڕادەیەکی گونجاو لەدوای پێغەمبەرایەتییەوە گەورەییەکی ئایینی نییە، بەڵام ئەوەی دەکرێت بهێنرێتە پێشچاو و بوونی هەبێت پاش ئەو ئەوا ئەوە جۆرێکە لەگەورەیی تازە. نەبەسراوەتەوە بە پەیامەوە و لەسەر ئایینیش نەوەستاوە. کەواتە ئەوە جۆرێکی نا ئایینیە.**

**ئەگەر گەورەیی نا ئایینی بوو، ئەوا ئەوە شتێکی کەمتر و زیاتر نییە لەگەورەیی شارستانی و ڕامیاری، گەورەیی**

فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵات. نەك گەورەیی ئایینی. هەر ئەوەشە كە بووە.

بانگەوازی ئیسلامی ڕێزی گەلانی عەرەبی بەرزكردەوە لە گەلێك لاوە، ئەگەر ئەو بانگەوازكارەی ئیسلام نەبووایە كە هەمیشە هانی دەدان، هەتاوەكو بوون بەگەلێكی یەكپارچە لەباشترین گەلانی سەردەمی خۆیان، ئامادەبوون هەروەكو چۆن گەلانی تری مرۆڤایەتی خۆیان ئامادە دەكەن بۆ ئەوەی ببن بەگەورە و دەسەڵاتدار و دەست ڕۆشتوو.

بیروباوەڕێكی بێخەوشی هاوەڵ بڕیارنەدان بۆ خواوەند، باوەڕێكی ڕاخراو لە قوڵایی دەروونندا، ڕەوشتێك كە پێغەمبەری خوا (د.خ) جوانی كردبوو، زیرەكیەك كە سەرەتایەكی ساغ پەروەردەی كردبوو، چالاكیەك كە سروشت پێی بەخشی بوون، یەكیەتیەك كە خواوەند ئەوانەی لەیەكەوە دووربوون نزیكی كردنەوە، ئەوەی لەسەری ناكۆك بوون لاچوو، لە ئایینی خوادا كردنی بەبرا. ئەوەبوو سەروەری عەرەب ئەو ڕۆژەی پێغەمبەری خوا (د.خ) لەدنیا دەرچوو.

گەلێكی هەستاوە لەو ڕۆژەدا ئەگەر گەورەیی پێغەمبەرایەتی لەسەری لابچێت نەدەكرا قایل بێت بەگەڕانەوە بۆ دواوە، وەكو پێشتر چۆن بووە، گەلانی سەردەمی نەزانی، هۆزانێكی بێسەروبەر، تیرەی دژ بەیەك و دوژمنكار، چەند یەكەیەكی بێدەسەڵاتكراو.

ئەگەر خواوەند بۆگەلێك هۆكاری هێزی سەركەوتن ئامادەبكات هەردەبێ بەهێزببێت و هەردەبێتش سەربكەوێت، هەردەبێت بەختی خۆی وەرگرێت لەبووندا بەتەواوەتی و بێ كەموكورتی، كەواتە هەردەبێت فەرمانڕەوایی عەرەب دابمەزرێت، هەروەكوچۆن لەپێش ئەودا فەرمانڕەوایی دروست بوون وەپاش ئەویش فەرمانڕەوایی دروستبوون.

3-لەلای عەرەب شاراوە نەبوو خواوەندی گەورە هۆكاری فەرمانڕەوایەتی بۆ ئامادەكردوون، پێشەكییەكانی خستووەتە بەردەستیان، بەڵكو لەوانەیە هەستیان بەوە كردبێت پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا (د.خ) بەجێیان بهێڵێت. بەڵام كاتێك پێغەمبەر (د.خ) لەدنیا دەرچوو بەبێگومان و دوودڵی دەستیان دایە ڕاوێژكردن لە كاروباری ئەو فەرمانڕەوایەتیە ڕامیاریە، هیچ بوارێكیان بۆ نەمابۆوە جگە لەوەی دروستی بكەن لەسەر بنەمای یەكێتی ئایینیان كە پێغەمبەری خوا (د.خ) بەجێی هێشتبوو لەناویاندا (پێغەمبەرایەتی جگە لەوەی كۆپیەكی پاشایەتی سەپاو بووە هیچیتر نەبووە. واتە پاش ئەو كەسیتر بەزۆر ناكرێ بە پاشا) - أه أساس البلاغه.

لەو ڕۆژەدا قسەوباسیان لە كاروباری پاشایەتیەك دەكرد دروستی بكەن، فەرمانڕەوایەتیەك دابمەزرێت، حكومەتێك سەرهەڵبدات و سەریهەڵدا. هەر لەبەر ئەوەش بوو لەو ڕۆژەدا باسی فەرمانداریێتی و لێپرسراوێتی بەسەر زمانیاندا دەهات، وەزارەت و وەزیرەكان، دەستیان كرد بەناوهێنانی هێز و شمشێر، سەربەرزی و سامان، پێویستیەكان و بەرگریەكان، توندوتیژی و بە هاناوەچوون. ئەمانەش هەمووی بەگشتی سەرقاڵبوونە بە پاشایەتیەوە، هەستان بە فەرمانڕەوایەتی. شوێنەواری ئەوەش ئەو ململانێیە بوو لەنێوان كۆچبەران و پشتگیرەكاندا (المهاجرین و الانصار) و گەورە هاوەڵانی پێغەمبەردا (د.خ) و هەندێك لەگەڵ هەندێكیتردا، هەتاوەكو بەوە كۆتایی هات متمانە بەخشرا بە ئەبوبەكر، ئەویش بووە یەكەمین پاشا لە ئیسلامدا.

ئەگەر تۆ ببینیت چۆن متمانە بەخشرا بە ئەبوبەكر، و كاروباری بۆ سازدرا، بۆت ڕوون دەبێتەوە كە ئەوە متمانە بەخشینێكی ڕامیاری پاشایەتی بوو، هەموو ڕواڵەتەكانی فەرمانڕەوایەتی تازەی پێوە دیاربوو، ئەوەبوو هەروەكو چۆن فەرمانڕەوایەتییەكان دروستدەبن ئەویش بەو شێوەیە دروستبوو، لەسەر بنەمای هێز و شمشێر.

ئەوەش ئەو فەرمانڕەوایەتیە تازەیەبوو عەرەبەكان دروستیانكرد، ئەویش فەرمانڕەوایەتییەكی عەرەبی بوو و

فەرمانداریيەكی عەرەب، بەڵام هەروەكو زانیت ئايينی ئيسلام ئايينی هەموو مرۆڤايەتييە بەگشتی، ئەوە عەرەبە و ئەوەش جگە لە عەرەب.

فەرمانڕەوايەتی عەرەبی دامەزرا لەسەربنەمای بانگەوازی ئايينی. دروشمی پاراستنی ئەو بانگەوازەی بەرزكردەوە. لەوەشدا كارێكی نكۆڵی لێنەكراوی هەبوو بۆ گۆڕانكاری لە ئيسلامدا و لە پێشكەوتنيدا. بەڵام لەسەروی ئەوەشەوە لەوە دەرناچێتەدەرەوە كە فەرمانڕەوايەتيەكی عەرەبی بووە، پشتگيری دەسەڵاتی عەرەبی كردووە. گرنگی بە بەرژەوەنديەكانی عەرەب دەدا. لەهەموو لاكانی سەرزەويدا بۆی دەستەبەركردن و بۆی هێنانەبوون، دەستيان بەسەرداگرت و داگيريانكرد. ئەو سامانەيان قۆستەوە بۆ خۆيان. هەروەكو كاروكردەوەی گەلە بەهێزەكان تواناييان هەبوو بۆ دەستبەسەراگرتن و داگيركردن.

4–ئەوەش لەلای موسوڵمانان شتێكی زانراوبوو ئەو كاتەی لە (السقيفه) كۆبوونەوە و پلانيان دادەنا بۆ ئەو كەسەی كە كارفەرمانيی خۆيانی پێبسپێرن. كاتێك ئشتطيرةكان بە كۆضبةرةكانيان دەوت (لە ئێمە فەرمانداريك و لە ئێوەش فەرمانداريك) كاتێك ئةبوبةكری سديق (خ.ل) وەڵامی دانەوە (فەرماندار لە ئێمە و لە ئێوەش وەزيرەكان) - تأريخ الطبري ج3 ص197.

كاتێكيش ئةبوسوفيان هاواريكرد (سوێند بەخواوەند من هيچ چارەيەك نابينم بۆ ئەم كێشەيە هەتاوەكو بەخوێن نەكوژێتەوە. ئەی كەسوكاری عةبدولمةناف. ئةبوبةكر چكارەيە لە كاروباری ئێوەدا؟ ئەی كوا ئەو دوو چەوساوەكە! كوا دوو بەكەم سەيركراوەكە! عةلی و عةبباس! وتی ئەی باوكی حةسةن، دەستڕاكێشە با متمانەت پێ ببەخشين، عةلی ئەوەی لێرەتكردەوە، و وايكرد ئەم هۆنراوەيەی بەسەردا بچەسپێت بە هەسپێكراوی:

و لن يقيم على ظيم يراد به ألا ألأذلان غير الحي و الوتد
هذا على خسف مربوط برمته و ذا يشج فلا يرثي له أحد

بەواتای: هەرگيز هەڵناسيت لەسەر ئەو تينوێتيەی ئەو دەيويست كەلە دووشت بەدەرنەبوو سامان و هەڵگيرساندنی شەڕ، ئەوەش بەو لەڕووداوانەی ئةبوسوفيان كە پێشتر لە مةككةدا بەسەری هاتبوو دەيويست تۆڵە بكاتەوە و شەڕ هەڵگيرسێنێت چونكە ئەو شكستەی پێشووی لە دڵدا مابۆوە و ئەگەر عةلی بەگوێی بكردايە و تيا بچوايە كەس شيوەنی بۆ نەدەگێڕا - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل203 و بەدوايدا.

كاتێكيش سةعدی كوری عةبادة (خ.ل) قايل نييە ئەو متمانەيە بە ئةبوبةكر ببەخشێت و دە يوت: سوێند بەخوا هەتاوەكو ئەوەی لە تيردانەكەمدايە پێيانەوە دەنێم، و سەری ڕمەكانم بەخوێن تينوێتيان دەشكێنم، و بە شمشێرەكەم لێيان دەدەم هەتاوەكو لە دەستمدابێت. و شەڕيان لەگەڵ دەكەم بە بنەماڵەكەم. و هەركەسێكيش لە هۆزەكەمدا بەگوێم بكات. هەرگيز ئەوە ناكەم ئەگەر ڕاستيش بێت (مەبەست متمانەيە). ئەگەر جنۆكەكان لەگەڵ مرۆڤەكان لەگەڵياندا كۆببنەوە متمانەيان پێ نابەخشم هەتاوەكو ئەمە نەخەمە بەردەستی خوای خۆم و سەرەنجامی خۆم بزانم. پاشان سةعد نوێژی لەگەڵيان نەدەكرد و نوێژی جومعەشی لەگەڵ نەدەكردن، كاتێكيش حەجی دەكرد لەگەڵ ئەواندا بەكۆمەڵ حەجی نەدەكرد و لەكەنارەوە بە تەنها لەلايەكەوە بۆخۆی خەريكی حەجكردن بوو. ئەمەش بەوشێوەيە بەردەوام بوو هەتاوەكو ئةبوبةكر (خ.ل) لەدنيادەرچوو - هەمان سەرچاوە لاپەڕە 210.

ئەوەش لەلای موسوڵمانان زانراوبوو لەو ڕۆژەدا ئەوان بەرەو ڕووی پێكەوەنانی فەرمانڕەوايەتيەكی شارستانی و ژيانی ڕۆژانەن. لەبەرئەوە بەڕەوايان زانيوە بۆی بچنە دەرەوە. و ململانێ بكەن لەسەری. ئەوان باشيان دەزانی كە ئەوان ململانێ لەسەر كاروفەرمانێك دەكەن لە كاروبارەكانی ئەم جيهانە. كەلە كاروبارەكانی ئايينيدا نييە. ئەوان

**کێشەیان لەسەر شتێکی ڕامیاریە. کە لەقەرەی ئایینەکەیان ناکەوێت. و باوەڕیشیان لەق ناکات.**

**ئەو گەورەییەی** ئەبوبەکر **و جگەلەو لە کەسایەتیە تایبەتەکانی گەل، ئەو فەرمانڕەوایەتیەی موسوڵمانەکانیان بە پلەوپایەیەکی ژیانی ئەم جیهانە دەزانی. دەربازبوون لێی و لێیاخیبوون دەرچوون نییە لە ئایین. بەڵکو** ئەبوبەکر **دەیووت: ئەی خەڵکینە من یەکێکم وەکو ئێوە، من هیچ نازانم، لەوانەیە ئێوە شتێکم بەسەرشاندا دەدەن کە پێغەمبەری خوا پێی قایل نەبێت. خواوەندی گەورە** موحەممەدی (د.خ) **هەڵبژارد بەسەر هەموو جیهاندا، پاراستویەتی لە بەڵا و کێشەکان. منیش شوێنکەوتویەکم نەك داهێنەرێك** – تأریخ الطبري ج3 ص211.

**بەڵام هۆکارێکی زۆر هەبوو لەو ڕۆژەدا بەسەر** ئەبوبەکردا **چەند شتێکی سەپاند لە بابەتە ئایینیەکاندا، واش بەبیری موسوڵمانەکاندا دەهات ئەو هەستاوە بە پلەوپایەیەکی ئایینی، لەبری پێغەمبەر** (د.خ) **دانیشتووە. لەبەر ئەوەش وا دەزانرا فەرمانداریەتی بەسەر موسوڵمانانەوە پلەوپایەیەکی ئایینیە، و لەبری پێغەمبەر** (د.خ)**، یەکێك لەو هۆکارە گرنگانەی ئەو گەورەییەی لێپەیدا بوو لەناو موسوڵماناندا ئەوە بوو کە** ئەبوبەکر **نازناوی** (جێنشینی ئێغەمبەری خوا)**ی پێبەخشرا.**

# بەندی سێیەم
# جێنشینیی ئیسلامی

1-دەرکەوتنی نازناوی (جێنشینی ئێغەمبەر). 2-واتای ڕاستەقینەی جێنشینیی ئەبوبەکر لە جێگای ئێغەمبەر (د.خ).3-هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو نازناوە. 4-ناونانی (الخوارج) بە هەڵگەڕاوە لەسەر زمانی ئەبوبەکر. 5-خەوارجەکان هەموویان هەڵگەڕاوە نەبوون. 6-ئەوانەی زەکاتیان نەدەدا. 7-شەڕە ڕامیارییەکان نەك ئایینیەکان. 8-ئاشکرابوونی ڕاستی هەڵگەڕاوەکان. 9-خورەوشتی ئایینی ئەبوبەکر. 10-بڵاوبوونەوەی ئەو بیرورایەی کە جێنشینی ئلەوئایەتیەکی ئایینیە. 11-طرنطیدانی ئاشاکان بەو بیروبۆضوونە. 12-جێنشینی لە ئاییندا نییە.

1–**نەمانتوانی بزانین بەشێوەیەکی دڵنیاکەرەوە ئەوەی نازناوی** جێنشینی **هێنایە کایەوە بۆ** ئەبوبەکر (خ.ل) **کە جێنشینی پێغەمبەری خوا بێت، بەڵام ئەوەمان زانیوە** ئەبوبەکر (خ.ل) **مۆڵەتی ئەوەی داوە و پێی قایل بووە.**

**ئەوەشمان کەوتووەتە بەردەست کە ئەو نامانە بۆ هۆزە هەڵگەڕاوەکانی دەنووسی بەو نازناوانەوە بوون، دەیخستە ئەستۆی فەرماندە سەربازیەکانیەوە، لەوانەیە یەکەمین شت بوویێت** ئەبوبەکر (خ.ل) **نووسیویەتی، لەوانەیە یەکەمین شتیش گەیشتبێتە لامان ئەو نازناوەی تێدابووە** – تأريخ الطبري ج3 ص226 - 227.

2–**گومان لەوەدا نییە پێغەمبەر** (د.خ) **گەورەیەك بوو بۆ عەرەب و سەرچاوەی یەکگرتنیان بوو. لەو ڕووەوە بۆمان باسکردن لەپێشدا. ئەگەر** ئەبوبەکر **هەستاوە وەکو پاشایەك بەسەر عەرەبەکانەوە، بۆ کۆکردنەوەی یەکگرتنەکەیان، بەشێوەیەکی ڕامیاری تازە، ئەوا لەزمانی عەرەبیدا ئەو ناوەی بۆی دەستنیشانکرا پێی بڵێن، بەو مەبەستە، جێنشینی پێغەمبەری خوا، هەروەکو چۆن دەگونجێت ناو بنرێت بە جێنشین بەڕاشکاوی، لەوەی زانیت لەواتای جێنشینی، کەواتە ئەبوبەکریش بەو واتایە بووە، جێنشینی پێغەمبەری خوا، بەبێ هیچ واتایەکی تری جێنشینی جگە لەوە.**

3–**بۆ ئەم نازناوە جوانیەك هەیە، تێیدا هێزێك هەیە، ڕاکێشانێکی زۆری لەسەرە، زیادەڕۆیی نییە کە ئەبوبەکر**

**هەڵیبـژاردووە، ئـەو هەسـتاوە بـە فەرمانڕەوایەتیـەکی تـازە، دەیـەوێت لـق و پەلـەکانی کۆبکاتـەوە لـەناو گـەردەلولی دووبەرەکیدا، لـەناو گێـژاوی ئـارەزووە گەردەلولییـە جیـاز و دژبەیەکەکانـدا، لـەناو گـەلی تازەسـەردەم لەنەزانیـەوە، کـە پاشماوەی دەمارگیریان تێدا ماوەتەوە، لەگەڵ توندوتیژی خێڵەکی، و سەختی ئارامگرتن. بەڵام ئەوان لە سـەردەمێکی تـازەدابوون بـەهۆی پێغەمبـەری خـواوە** (د.خ)**، و گوێڕایـەڵی بـوون، و پابەنـدی تـەواوی وتـەکانی بـوون، کەواتـە ئـەو نازنـاوە شـیاوی ئەوەیـە سـەرکێشیان دامرکێنێتـەوە، و هەنـدێك لـەو فەرمانانـەی سـەرپێچیان دەکـرد نـەرم بکـات. لەوانەشە کردبێتی.**

**زۆربـەیان وایـان دانـاوە جێنشینـیی** ئەبوبـەکر **بـۆ پێغەمبـەری خـوا** (د.خ)**، جێنشینێکـی ڕاسـتەقینەیە، بـە هـەموو واتایەکـەوە، وەکـو وتویانـە** ئەبوبـەکر **جێنشینـی** موحەممـەدە**، موحەممـەدیش جێنشینـی خـوا بـووە، لەبـەر ئـەوە ڕۆشتوون بۆ ئەوەی کە** ئەبوبـەکر **بـانگ بکـەن بـە جێنشینـی خواوەنـد، ئـەوان لـەوەدا هەڵـە نـەبوون ئەگـەر جێنشینیی** ئەبوبەکر **بۆ پێغەمبەر** (د.خ) **بەو واتایە بووە کە لێیگەیشتوون و تاوەکو ئێستاش زۆربەیان و جگـە لـەوانیش هـەروای لێتێدەگـەن. بـەڵام** ئەبوبـەکر **بـۆ ئـەم نازنـاوە تـوڕە بـووە، وتویـەتی: مـن جێنشینـی خواوەنـد نیـم، بـەڵکو جێنشینـی پێغەمبەری خوام - هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

4**-کۆمەڵێك لە عەرەب و موسوڵمانەکان ئەم نازناوە یان دابەسـەر ئەبوبـەکردا بـۆ ئـەوەی پابەنـدی ئـەو فەرمانداریێتیـەی بکەن بە پابەندبوونێکی ئایینی، هەر وەکو پابەندبوونیان بە پێغەمبەی خواوە** (د.خ)**، بۆ ئـەوەی پلەوپایـەی پاشـایەتی بپارێزن هەروەکو چۆن پێویست بێت لەسەریان پاراستنی هەمووشتێك خۆی لـە قـەرەی ئایینەکـەیان بـدات. لەبەرئـەوە وایان دەزانی دەرچوون لەژێر فەرمانی ئەبوبەکر بە بیروڕای ئەوان دەرچوونە لە ئایین، و هەڵگەڕانەوەیە لە ئیسلام.**

**ئەوەی لەلامان گونجاوە ئەوەیە سەرچاوەی قسەکانیان ئەوە دەگەیـەنێت ئـەوەی گوێڕایـەڵی ئەبوبـەکری ڕەتکـردەوە ئـەوا بـە هەڵگـەڕاوە لـە ئـایین لـە قەڵـەم دەدرێ، هـەر لەبـەر ئـەوەش ئەو شـەڕانەی ئەبوبـەکر کـردی ناویـان لێنـان شـەڕی هەڵگەڕاوەکان.**

5**-لەوانەیـە هەمووشـیان لەڕاسـتیدا هەڵگـەڕاوە نـەبوبن، بێبـاوەڕبووبن بـەخوا و پێغەمبـەری خـوا، بـەڵکو لەناویانـدا هەبووە لەسەر ئایینی ئیسـلام مـابووەوە، بـەڵام ئەوەیـان ڕەتکردبـۆوە بێنـە نـاو ئـەو یەکەیـەی ئەبوبەکرەوە، لەبـەر هـەر هۆیەك بووبێت، بەبێ ئەوەی هیچ هەڵەیەك لەوەدا ببینێت، وەهیـچ لادانێـك لـە ئایینەکەیـدا. هـەرگیز ئەوانـە بـەبێگومان هەڵگـەڕاوە نـەبوون، شـەڕکردن لەگەڵیشیانـدا بـەناوی ئایینـەوە نـەبووە. ئەگـەر هـەر نـەدەکرا و دەبـوو شـەڕیان لەگـەڵ بکرێت ئەوا لەبەر باری ڕامیاری بووە، و بەرگریکردن لە یەکێتی عەرەب، و پارێزگاریکردن لە فەرمانڕەوایەتیەکەیان.**

**دەبینـین هەنـدێك لەوانـەی متمانەبـەخشین بەئەبوبـەکریان ڕەتکـردەوە، پـاش ئـەوەی متمانەبـەخشین لەلایـەن موسوڵمانانەوە تەواوبوو بۆ ئەبوبەکر، وەکو** عەلی کوری ئەبو تالیب**، و** سەعدی کوری عەبادە**، هـەڵس و کـەوتیان لەگەڵدا نەکرا وەکو هەڵگەڕاوەکان، و ئەوەش دەربارەیان نەووترا.**

6**-لەوانەیە هەندێك لەوانەی کە ئەبوبەکر شەڕی لەگەڵ کردوون لەبەر ئەوەی ئەوەیان ڕەتکردبووەوە زەکـاتی پێبـدەن، بەمـەش مەبەسـتیان ئـەوە نـەبووە ئـایین ڕەتبکەنـەوە، بێبـاوەڕبن بـەئایین، بـەڵام جگـە لـەوەی نـەیانویستووە بچنـە ژێـر ڕکێفـی فەرمانڕەوایـەتی ئەبوبـەکر هیچیـتر نـەبووە، هـەروەکو زۆربـەی موسـوڵمانانی بـەرێزیتر ئـەوەیان ڕەتکردبـۆوە، لەبەرئەوە ئاساییە زەکـاتی نـەدەنێ، لەبـەر ئـەوەی دانـی پێـدا نـانێن، ملکە چی دەسـەڵاتداریێتی و فەرمانڕەوایەتیەکـەی نین.**

چەند هەست دەکەین بە ستەم و تاریکایی مێژوو، هەرچەندە هەوڵ بدەین لێکۆڵینەوە بکەین بەچاکی لەوەدا کە مێژوو بۆمانی دەگێڕێتەوە دەربارەی ئەوانەی لەفەرمانی ئەبوبەکر دەرچوون، لەبەر ئەوە ناویان لێنان هەڵگەڕاوەکان، بەشەڕەکانیشیان دەوت شەڕی هەڵگەڕاوەکان.

بەڵام گورزەیەك لە ڕووناکی ڕاستەقینە هەتاوەکو ئێستا لەنێوان تاریکاییەکانی مێژوودا دەدرەوشێتەوە، ڕۆژێك دەبێت زاناکان ڕوودەکەنە ئەو گورزە ڕووناکیە، بەڵکو لەبەر ڕووناکی ئەو ئاگرەدا ڕێنیشاندەرێك بدۆزنەوە.

قسەو باسی خالیدی کوری وەلید لەگەڵ مالیکی کوری نوەیرة دەخەینە بەرچاوتان، یەکێك لەوانەی کە ناویان نابوو بە هەڵگەڕاوە، ئەو کەسەبوو کە خالید فەرمانیدا لەگەردنی بدەن، پاشان سەرەکەیان بردو کردیانە سێ کوچکەی ئاگردانی چارەنوس.

مالیك ئاشکرای دەکات، بەڕوونی و ڕاستەوخۆ، بۆ خالید کە هێشتا بەردەوامە لەسەر ئیسلامێتی، بەڵام زەکات نادات بەسەردارەکەی خالید کە ئەبوبەکر بوو.

کەواتە ئەوەش ململانێیەکی دەرەوەی ئایین بووە، ململانێیەك بوو لەنێوان خاوەندار، و موسوڵمانێکی بەردەوام لەسەر ئایینەکەی بەڵام لە هۆزی تەمیم، و لەنێوان ئەبوبەکری قورەیشی، هەڵساوە بە دروستکردنی فەرمانڕەوایەتیەکی عەرەبی کە پێشەواکانی لە قورەیش بوون. ململانێیەك بوو لەنێوان خاوەندارێتی خاوەن سامان، نەك لەسەر بنەماکانی ئایین، نەلەسەر پایەکانی باوەڕ.

تەنها مالیك خۆی بەتەنیا نەبوو گەواهی بۆ خودی خۆی دەدا موسوڵمانە، بەڵکو عومەری کوری خەتابیش گەواهی بۆ دەدا، کاتێك بەئەبوبەکری وت: خالید موسوڵمانێکی کوشتووە بیکوژەرەوە. بەڵکو ئەبوبەکریش هەروەها گەواهی موسوڵمانی بۆ داوە کاتێك وەڵام دەداتەوە: من نەم دەکوشت، بەڵکو ئەو بە هەڵە لێکی دەدایەوە.

ئەمەش نمونەیەکی ترە، وتەی یەکێك لە شاعیرەکان:

أطعنا رسول الله ماكان بيننا      فيا لعباد الله ما لأبي بكر
أيورثنا بكراً أذا مات بعده      تلك لعمر الله قاصمة الظهر

بەواتای: گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بووین دادەی بەندەکانی خوا بۆ ئەبوبەکریش، میراتگریەتی بەکر ئەگەر مرد پاش ئەو ئەوەش عومەری خوایە کە پشتگیرو پشت ئەستوورە.

کەواتە تۆ لەمەدا هیچ کەسێك نابینیت یان پیاوێك شۆڕشی کردبێت دژی ئەبوبەکر، فەرمانڕەوایەتیەکەی ڕەتبکاتەوە، ملکەچی بۆ نەکات، متمانەی پێ نەبەخشێت، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕی بە پێغەمبەری خوا (د.خ) هەیە، وەهیچ لادانێکی خۆی بۆ ئایینی ئیسلام ئاشکرا ناکات.

پاشان ئایا لە مێژوودا بەهەمان شێوە نایخوێنینەوە، عومەری کوڕی خەتاب (خ.ل) قایل نەبووە لەسەرئەوەی ئەبوبەکر شەڕی هەڵگەڕاوەکان بکات و وتویەتی: چۆن لەگەڵ خەڵکدا دەجەنگیت لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرموویەتی (فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵکیدا بجەنگم هەتاوەکو دەڵێن هیچ خوایەکیتر نییە جگە لە(الله)نەبێ، و هەرکەسێکیش وتی ئەوا لەلای من پارێزراوە گیانی و سامانەکەی جگە لەوەی بە رازیبوونی خۆی نەبێ، و لێپرسینەوەشی لەسەر خوایە - البخاري ج2 ص105.

ئەوە کەمێکە لەوەی ماوەتەوە لەهەواڵی ڕاست کە لەوانەبوو مێژوو بەسەر شوێنەوارەکەیدا ببووری، لەڕاستیدا لەوانەبوو هەواڵەکە لەدەست بچێت. لێبکۆڵەوە لەپاشاندا زیاتر هەیە.

7-پاشگەز نابینەوە ساتێك لەیەکلاکردنەوەی زۆربەی ئەوەی ناویان لێناوە شەڕی هەڵگەڕاوەکان لەڕۆژانی یەکەمی

**جێنشینیی ئەبوبەکردا هیچ کاتێك شەڕی ئایین نەبووە، بەڵکو شەڕێکی ڕامیاری بووە بەتەنیا، زۆرینەی خەڵك بەئایینیان داناوە، هەرگیز هەمووی بۆ ئایین نەبووە.**

**ئەوە کاری ئێمە نییە لێرەدا بۆت ڕوون بکەینەوە ئەو هۆکارە ڕاستانە چین، لەڕاستیدا هەڵگیرسێنەری زۆربەی شەڕەکانی هەڵگەڕاوەکان بووە، وەناتوانین ئەوەش دەربخەین کە بەشێکە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەگەر ئێمە هەوڵیش بدەین. وادێت بە بیرماندا کە تۆ لەوانەیە پەی ببەیت بەهەندێك هۆکاری بنەڕەتی گرنگ ئەگەر تۆ تێبینی بکەیت بەووردی لە ڕەچەڵەك و تیرەی شۆڕشگێڕەکان دژی ئەبوبەکر، وەبزانیت پەیوەندیان چییە بە قورەیشەوە، بیدۆزەرەوە ئەو بنەماڵەیەی هەستاوە بە پاشایەتی، ئەگەر تۆ تێگەیشتنت هەبێت دەربارەی ئامۆژگاریەکانی خواوەند لە فەرمانڕەوایەتیە تازە دروستبووەکاندا، و دەمارگیریە سەرکەوتووەکان بەسەر پاشایەتیدا، تۆش لەگەڵ ئەوەشدا بینەری بەخوڕەوشتی عەرەب و داب‌ونەریتیان، پاشان سەرکەوتنت دەستدەکەوێت.**

**8–ئێمە بیروباوەڕمان بەو لایەدا لادەدات کەلە ڕاستیدا کۆمەڵێك لە موسوڵمانان بەکردەوە هەڵگەڕابوونەوە، پاش پێغەمبەر (د.خ). وەئەو شتەش لەوەدەچێت پێویستیەکانی سروشت و ئەو سیستەمانەی کە زانیومانە جێبەجێ بکات. ئاسانتر لەوە واباوەڕمان هەبێت کەسانی پێشبینیکەر و درۆزن بانگەوازیان بۆ پێغەمبەرایەتی کردووە، لە ژیانی موحەممەد (د.خ) و پاش لەدنیا دەرچوونی. لەوانەیە ببینین لە سەرنج دانماندا لەوەی بانگەوازی پێغەمبەرایەتی زۆر دوورنییە لە مێشکی بەهەڵەدابەر و هەڵنەردا، ئەگەر ئەو لە خەڵکەوە بەگشتی سەرنج ڕاکێشی هەبوو، لە هاوەڵان و خۆشەویستانی هەڵنابن، هیچ شتێك ئەوەندە ئاسان نییە لەلای خەڵك بە گشتی لە باوەڕ هێنان بە پێغەمبەرایەتی ئەو بەهەڵەدابەرە هەڵنەرە، کاتێك ئەو دەزانێت چۆن هەڵیان بنێت بۆ گومڕایی، وە پشتگیریان بکات بۆ سەرپێچی. لەبەر ئەوە بەشیاوی دەزانین کە بەڕاستی و بەکردەوە کەسانێکی وا هەبوون، لەسەرەتای سەردەمی ئەبوبەکردا، کۆمەڵێك لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، بەمردنی پێغەمبەر (د.خ) هەروەها هەبوو وایدەردەخست پێغەمبەرە لەناو هۆزەکانی عەرەبدا.**

**یەکەمین کار** ئەبوبەکر **کردی هەستان بوو بە شەڕی ئەوانەی هەڵگەڕابوونەوە بەڕاستی، و پێشبینیکەرە درۆزنەکان. هەتاوەکو سەرکەوت بەسەریاندا و ئەو گومڕاییەی لەناو بردن.**

**نامانەوێت لەوە بکۆڵینەوە ئاخۆ ئەبوبەکر ئەوەی بەدەست بووە بەڕاشکاوانە وای لێبکات بەرپرس بێت لە فەرمانی ئەوانەی لەئایینی ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە یان نا، و ناشمانەوێ بکۆڵینەوە لەوەی ئایا هیچ هۆکارێکی جگە لەئایین هەبوو ڕێخۆشکەر بووبێت بۆ ئەو شەڕانە و هەستانی ئەبوبەکر پیان یان نا.**

**هەرچی چۆنێك بووبێت ئەوە گومان لەوەدا نییە ئەبوبەکر دەستی کردووە بە کارکردن لە فەرمانڕەوایەتیەکی تازەدا بەشەڕی ئەوانەی هەڵگەڕاونەتەوە. لێرەدا نازناوی** هەڵگەڕاوەکان **سەری هەڵدا. نازناوێکی ڕاستەقینە سەریهەڵدا، بۆ** هەڵگەڕاوە **ڕاستەقینەکان، پاشان مایەوە وەکو نازناو بۆ هەموو ئەوانەی ئەبوبەکر شەڕی لەگەڵدا کردن لەعەرەبەکان پاش ئەوە، وەکو یەك ئەگەر ڕکەبەری ئایینی بووبن یان هەڵگەڕاوەی ڕاستەقینە، یان ڕکەبەری ڕامیاری بووبن جگە لە هەڵگەڕاوەکان. لەبەرخاتری ئەوە سروشتی ئایینی بەگشتی سەپا بەسەر شەڕەکانی ئەبوبەکردا، چوونە ژێرناوی ئایینی ئیسلام و ناو داب‌ونەریتەکانی، چوونەپاڵ ئەبوبەکر چوونەژێر بەیداخی ئیسلام بوو، دەرچوون لێی هەڵگەڕانەوە و گێرەشێوێنی بوو.**

**9–لەوانەیە هەندێك بارودۆخی تری تایبەت بە ئەبوبەکر هەبووبێت، یارمەتی داوە بۆ بە هەڵەداچوونی گشتی،**

ئاسانكاری كردووه بۆ ئەوەی لە میرنشینی ئەبوبەكر واتای ئایینی بنۆشن.

ئەبوبەكر(خ.ل) جێگایەكی بەرزی باشی هەبوو، لەلای پێغەمبەری خوا (د.خ)، باسكردنی لە بانگەوازی ئاییندا زۆر باش بووە، هەروەها جێگای لەناو موسوڵماناندا بەهەمان شێوە.

هەروەها ئەبوبەكر لەگەڵ ئەوەشدا هەڵس و كەوتی دەكرد هەروەكو هەڵسوكەوتی پێغەمبەر، و لەگەڵ هەنگاوەكانیدا دەچوو بەڕێوە، لەكارە تایبەتەكاندا بەخۆی، و لەكاروبارە گشتیەكانیشدا، بێگومانیش لەوەدا بەهەمان شێوە و هەروەها لەكاروباری ڕامیاری فەرمانڕەوایەتیدا. لەبەر ئەوە لەگەڵیدا ڕۆشتووە بەڕێوە، بۆ گەیشتن بەئەنجامی كۆششەكانی، لەڕێگای ئایینەوە، و كردویەتی بە بەرنامەی خۆی، بەپێی توانای گونجاو. بەرنامەی پێغەمبەری خوا (د.خ). كەواتە زیادەڕۆیی نییە ئەبوبەكر لێوانلێو بووە لەو پلەوپایەیەیدا و لەو فەرمانڕەوایەتیە تازەیەدا، كە ئەو یەكەمین پاشابوو بەسەریەوە، لەهەموو ئەوەی بكرێ لەڕواڵەتی ئایینیەوە.

10–بۆت ڕوون بووەوە ئالەمەدا ئەو نازناوە (جێنشینی پێغەمبەری خوا) لەگەڵ هەموو ئەو دانانەی كە لە هەرچوارلایەوە بوون و ئاماژەمان بۆ هەندێكیان كرد و ئاماژەمان بۆ ئەوانیتر نەكرد، هۆیەك بوو لەو هۆكارە هەڵانەی دزەیكردە ناو موسوڵمان بەگشتی، كەوا بەبیریاندا هات جێنشینی پلەوپایەیەكی ئایینیە، و ئەوەی بووبە بەرپرسی كاروباری موسوڵمانان ئەوا چووەتە جێگایەك لەلایان لە پلەوپایەدا لەجێگای پێغەبەری خوابووە (د.خ).

هەروەهاش لەناو موسوڵماناندا بڵاوبووەوە لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە، واش دەركەوت كە جێنشینی پلەوپایەیەكی ئایینیە، لەبری خاوەنی پەیڕەوپڕۆگرامی ئیسلامە (د.خ).

11–ئەوەش لەبەرژەوەندی دەسەڵاتدارەكاندابوو و لەخوایان دەویست ئەو هەڵەیە لەناو خەڵكدا هەبێت، هەتاوەكو ئایین وەكو قەڵغانێك بەكاربهێنن بۆ پارێزگاری كورسی پاشایەتیان، و بۆ تاوانباركردنی ئەوانەی لە فەرمانیان دەدەچن. هەتاوەكو ئێستا بۆ ئەو مەبەستە كاردەكەن، بەڕێگای جیاواز - ئەو ڕێگایانە چەند زۆرن ئەگەر لێكۆڵەرەوەكان لێی بەئاگابن - هەتاوەكو خەڵكیان وافێركرد ملكەچی پێشەواكانیان لە ملكە چیكردنی خواوەیە، و سەرپێچیكردنیان لە سەرپێچیكردنەكانی خواوەندە، پاشان جێنشینەكان بەوە وازیان نەهێنا، و بەوەش قایل نەبوون كە ئەبوبەكر پێی قایل بووە، و بەوەش توڕە نەدەبوون كە ئەو پێی توڕە دەبوو، بەڵكو دەسەڵاتداریان دانا بەجێنشینی خواوەند لەسەر زەوی خوا، و سێبەری بەربڵاوی ئەوە بەسەر بەندەكانیەوە. پاكی وبێ گەردی بۆ خواوەند لەوەی كە هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن.

ئەوەبوو پاشان جێنشینی بووبە نوساوێكی هەمیشەیی بەلێكۆڵینەوە ئایینیەكانەوە، و بووبە بەشێك لە بیروباوەڕی یەكتاپەرستی، كە موسوڵمان دەیلێتەوە لەگەڵ نازناوەكانی خواوەندی گەورەدا و نازناوی فرستادە بەڕێزەكان، و ئامۆژگاری دەكران هەروەكو چۆن ئامۆژگاری گەواهی باوەڕیان دەكرد بەوەی هیچ خوایەك نییە جگە لە (اللە)و موحەممەدیش نێردراوی خوایە.

ئەمەیە تاوانی پاشاكان و ستەمكردنیان لە موسوڵمانان، ونیانكردوون لەڕێگای ڕاست و كوێریانكردوون لەئاستی ڕووی ڕاستی، ڕێگاكانی ڕووناكیان لێگرتوون بەناوی ئایینەوە، بەهەمان شێوە بەناوی ئایینەوە ستەمیان لێكردوون و لەخشەیان بردوون، و بێدەسەڵاتیان كردوون، سەیركردنی زانستی ڕامیاریان لێقەدەغە كردوون، و بەناوی ئایینەوە هەڵیان خەڵەتاندوون و ژیریان بەرتەسك كردوونەتەوە، وایان لێهاتووە جگە لەو ئایینە هیچ سەرچاوەیەكیتر لەپشت ئەو ئایینەوە نابینن بگەڕێنەوە سەری، هەتاوەكو لەبابەتەكانی بەڕێوەبردنی ئاساییدا، و لە ڕامیاری بێخەوشدا.

بەهـەمان شـێوەش تێگـەیشتنیان بـۆ ئـایین لێ بەرتەسـك كردوونەتـەوە، بـە بـەردبوونیان كـردووە بەداكـەوت بەسەریانەوە لەو خولگانەدا كەبۆیان داناون پاشان لێیان قەدەغەكردوون هەموو دەرگاكانی زانست و ئەوانەی خۆیان لەقەرەی ئامادەباشیەكانی جێنشینی دەدات.

هـەموو ئەوانـە كۆتاییـان هـات بـەمردنی هێـزی لێكۆڵینـەوە، و چـالاكی بیروهـۆش، لـەناو موسـوڵمانانـدا، توشـی پەككـەوتن بـوون، لەبیركردنـەوەی ڕامیاریـدا، و لەچاوپیاخشاندن بـەوەی پەیوەنـدی هەیـە بـەكاروباری جێنشیـنی و جێنشینەكانەوە.

12–لەڕاستیدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام بێبەریە لەو جێنشینیـەی كە موسوڵمانەكان دەیناسن، وە بێبەریـە، لەهـەموو ئەوەی كە ئامادەیان كردووە بە هەرچوارلایدا لەو بەنرخكردنە و گەورەكردنـە، و لـەو سـەربەرزی و هێـزە. جێنشینـی هیـچ شـتێك نییـە لـە نەخشـەكێشانی ئایینیـدا، نـەخێر وەهـەروها دادگـاش و جگـە لـەوانیش لەجێفەرمانەكانـی فەرمانڕەوایی و سەنتەرەكانی فەرمانڕەوایەتیدا. بەڵكو ئەوانە هـەموو نەخشـەدانی ڕامیـارین بـەبێ هیچیتر، كە كـاری نییـە بەسـەر ئایینـەوە، و ئـایین نەیناسـاندوون و ڕەتیشـی نەكردوونەتـەوە، و فـەرمانی پێنـەكردووە و بەرهەڵستیشـی نـەكردووە، بـەڵكو بـەجێی هێشتـووە بـۆ خـۆمـان، بـۆی بگـەڕێنـەوە بـۆ بڕیارەكـانی ژیـری، و تاقیكردنـەوەی گـەلانیتر، و بنەماكانی ڕامیاری.

هـەروەها ڕێكخستـنی سـوپای ئیسلامـی، و دروسـتكردنی شـارەكان و كۆشـكەكان، و سیستـەمی تۆمارەكـان ئایـین كـاری نییـە بەسـەریانەوە، بـەڵكو ئـەم كـارە دەگـەڕێتـەوە بـۆ ژیـری و پەنـد و ئامۆژگـاری وەرگـرتن، یـان بـۆ بنەماكانـی شەڕەكان، یان ئەندازیاری كۆشك و تەلارەكان لەپشت لێزانەكانەوە.

هیچ شتێك لە ئاییندا نییە كە موسوڵمانەكان لـەوە قەدەغـە بكـات پێشبڕكێ لەگـەڵ گـەلانی تـردا بكـەن، لەزانستـی كۆمەڵایـەتی و ڕامیـاری بـەگشتی، ئـەو سیستـەمە كۆنـەی بـۆی بێدەسـەڵات بـوون و بـۆی تـەرخان بـوون هەڵتـەكێنن و بیڕوخێنـن، دووبـارە بنـەماكانی پاشـایەتیان دروسـت بكەنـەوە، لەگـەڵ سیستـەمی فەرمانڕەوایـەتیان، لەسـەر ئـەوەی تازەترینی ژیری مرۆڤایەتی بەرهـەمی هێنـاوە، بەهێزترینی ئـەوەی كە تاقیكردنـەوەكان ئامـاژەی بۆ دەكـەن لەگەلانـی تردا لەسەر ئەوەی چاكترین هەڵسوكەوتی فەرمانڕەوایەتیە دابمەزرێنن.

سـوپاس بۆ ئـەو خوایـەی ڕێنوێنیكـردین بـۆ ئەمـە، و خـۆمـان نەمانـدەتوانی ئەمـە بكـەین ئەگـەر خواوەنـد ڕێوێنـی نەكردینایـە، درودی خواوەنـدی گـەورە لەسـەر موحەممـەد و كەسـوكاری و هاوڕێیـانی و ئەوانـەی ئـەو داینـاوون بەگشتی.

## ڕوونكردنەوەی شێخ عەلی عەبدوڕازق
## وەڵامدانەوەی ئەو حەوت تێبینیەی
## دەستەی (گەورە زانایان)ی ئەزهەر ڕووبەڕوویان كردبووەوە
## سەبارەت بە پەرتوكی (ئیسلام و بنەماكانی فەرمانڕەوایی)

**بەڕێزەوە ئەم چەند وشەیە بەرزدەکەمەوە لەوەڵامدانەوەی ئەو حەوت تێبینیانەی کە هەستیپێکراوە لەسەر پەرتوکی** (ئیسلام و بنەکاکانی فەرمانڕەوایی)، **بەهیوای ئەوەی بگەمە یەکگەیشتنێك لەگەڵ زانا موسوڵمانەکاندا و موسوڵمانان بەگشتی لەسەر ئەوەی ڕاستی بابەتی لێکۆڵینەوەکەم دەردەخات، من لەمەشدا هیچیترنیم لەوەزیاتر کە هەستاوم بەهەندێك لەوەی پێویستە لەسەرهەموو جیهان لە لێکۆڵینەوە و لەقەرەکەوتنی ڕاستیەکان.**

**بەجیهانیبوون دیاردەیەکە پێویستە لەسەر خاوەنەکەی لێکۆڵینەوە بکات و خۆی لەقەرەی ڕاستییەکان بدات، ئەوەش هەرچی جۆرێك بێت پاداشتی هەیە ئەگەر هەڵەبکات یان ڕاستی بپێکێت. ئێمە باوایدابنێین کە تاکە هۆ بۆ ڕەخنەگرتن لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەوە قسە و باس و ڕاگۆڕینەوەیە بەشێوەیەکی جوان، لێبووردنی ئایین ئەوە بەڕەوانازانێت وە نەدادپەروەری یاساکانیش زیاتر لەو ماف و ڕاستیە.**

1-دانانی ئەیرەوئرۆطرامی ئیسلامی بە ئەیرەوئرۆطرامیَکی دةرونی و بەس، کە هیض ثێوةندیەکی نییە بە فةرمانرةوایةتی و جیَبەجیَکردن لةکارةکانی جیهاندا:

**ئێمە بیروبۆچوونمان وانییە پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام پەیڕەوپرۆگرامێکی دەروونییە و بەس، وەهەرگیز ئەوەشمان نەوتووە، نەلە پەرتوکەکەدا وەنە جگە لەپەرتوکدا، هەرگیز شتێکمان نەوتووە لەو ڕاوبۆچوونە بچێت یان هاوتای بێت. چاومان گێڕاوەتەوە بە پەرتوکەکەدا نەمانتوانی تاکە وتەیەکمان چنگ بکەوێت دەربارەی ئەو واتایە یان ئاماژە بەو واتایە بکات و نازانین لەکوێوە هێناویانە. لە پەرتوکەکەدا لەسەرەتایەوە تاوەکو کۆتایی وشەی (دەروونی) یمان نەبینیوەتەنیا لەکاتی قەسەکردندا نەبێت لەکاتی لێپرسراوێتیی پێغەمبەردا (د.خ) نەبێت بەسەر گەلەکەیەوە و گەورەیی لەناویاندا، نەلەکاتی قسەکردندا دەربارەی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلامدا و نەلە شتێکدا پەیوەندی بەو بابەتەوە هەبێت، هەروەکو چۆن ڕوون دەبێتەوە لەکاتی قسەوباس لەسەر تێبینی چوارەم.**

**ماوەتەوە بەشی دووەم لە پرسیارەکە، ئەویش ئەوەیە پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام پەیوەندی بە فەرمانڕەوایی و جێبەجێکردنەوە نییە لە کاروباری جیهاندا.**

**ئەوەی بڕیارمان داوە: ئەوەیە پێغەمبەر (د.خ) بنەما و خوڕەوشت و دابونەریتی گشتی هێناوە تیایدابووە تاڕادەیەکی زۆر خۆی لەقەرەی ڕووداڵەتەکانی ژیان داوە لەگەلاندا، تێیدابووە هەندێك سیستەمی سزادان و بۆ سوپاس و کۆشش لەڕێگای خوادا و بۆ کڕین و فرۆشتن و بەقەرزدان و بارمتەدان و ئامۆژگاری دانیشتن و ڕۆشتن و قسەکردن.**

**پاشان بڕیارماندا هەموو ئەوەی ئیسلام هێناویەتی لەبیروباوەڕ و هەڵسوکەوت و دابونەریت و سزادان ئەوا ئەوە لە پەیڕەوپرۆگرامی ئایینی بێخەوشە بۆ خواوەندی گەورە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی ئایینیە نەك شتیتر، لەپاشاندا ئەوە دێت ڕوون ببێتەوە بۆمان ئەو بەرژەوەندیە ئایینیانەی لێمان دەشاردرێتەوە، کاتی ئەوەش دێت بۆ مرۆڤایەتی بەرژەوەندی شارستانی تێدایە یان نا. ئەوەش ئەوەیە کە پەیڕەوپرۆگرامی ئاسمانی بۆی ناڕوانێت.**

**بەمەش دەکرێت بڕیارماندابێت بەڕاشکاوانە کە پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام لە سنوورێکی دیاریکراودا نەوەستاوە، هەرچەندە ئێمە وا بیردەکەینەوە کە ئەو پەیڕەوپرۆگرامە خواوەندی گەورە بۆ ئەوەی ناردووەتە خوارەوە بۆ ئەوەی بەرژەوەندی ئایینی مرۆڤایەتی بەتەنیا ببات بەڕێوە، خواوەندی میهرەبان هیچ شتێکیتری نەویستووە لەو بڕیاردانەدا کە مرۆڤایەتی بپارێزێت لە مەبەست و بەرژەوەندییە جیهانیەکانیان، لەبەرئەوە (د.خ) فەرموویەتی: ئێوە خۆتان لەکاروباری جیهانی خۆتان چاکتردەزانن  جیهان لەسەرەتایەوە تاوەکو کۆتایی و هەموو ئەو شتانەی کە تێیدان لەمەبەست و هیوا و ئاوات، ساناترە لەلای خواوەند لەوەی هەستێت بە ڕێکخستنی جگەلەوەی پێی بەخشیوین لە ژیری و سۆز و ئارەزووی خۆشەویستکردووە لەلامان، ناوەکان و ناولێنراوەکانمان فێرکراوە، ئەوەش لای خواوەند**

**ساناترە لەوەی پێغەمبەرێکی بۆ بنێرێت، ساناترە لای پێغەمبەرانی خوا پێوەی سەرقاڵ بن و دانرێت بۆ ئەوەی ئەوشتانە ڕێکبخەن □ تاد.**

**لەمەشدا هیچ شتێکیتر نییە زیاتر لەوەی کە ئەو فەرمووده پیرۆزە دێنینەوە: ئەگەر هەموو جیهان لەلای خواوەند کێش و نرخی باڵە مێشولەیەکی هەبووایە ئەوا بوواری بێباوەڕی نەدەدا یەك قوم ئاو بخواتەوە. ئەمەش بەڕێگای ئەو فەرمووده زۆروزەوەندانەدا دەڕوات لەم بارەیەوە هاتوون.**

**ئەو وتەیەی دەڵێ خواوەندی گەورە و میهرەبان نێوانی ژیرمان و مەبەستە جیهانیەکانمانی بەجێهێشتووە و سەربەستیکردووین لە ڕێکخستنیدا، ئەوەش بە دەقی فەرموودەی پیرۆز: ئێوە شارەزاترن لە کاروباری ژیانی جیهانتاندا. ئەم دوو ڕستەیە ئەگەر دەربڕینەکەیان جیاوازبێت ئەوا لەواتادا یەکدەگرنەوە و هەموو ئەوەی دەدرێ بەسەر یەکێکیاندا دەدرێ بەسەر ئەوی تریشیاندا، ئەوەی ڕێباز و وەڵامە بۆ یەکەمیان هەوەها ئەوەش ڕێباز و وەڵامە بۆ دووەمیان، دەبێت ئەمە بدرێت بەسەر هەموو ئەوەی لەپەرتوکەکەدا هاتووە بەنمونە لەم بارەیەوە.**

2-ئـايين ئـةوة قةدةغـة ناكـات كؤششى ثيَغةمبـةر (د.خ) لـةرِيَطاى خـوادا لـةثيَناوى دارابووندا بـووة، نـةك لـةثيَناوى ئاييندا، نةبؤ بلآوكردنةوةى بانطةوازةكة بووة بؤ هةموو جيهان:

**ئێمە دیسان بە پەرتوکەکەدا بەوردی چووینەوە ئەم وتەیەمان تێدا نەدۆزیەوە، لەوانەیە یەکێك بێت لەدەرەنجامەکان ئێمە هێشتا پەیمان بەسەرەتاکانی نەبردووە. لەهەندێك پەڕەی پەرتوکەکەدا هاتووە، شتێك لەم وتەیە نزیك بووەتەوە، لەڕاپۆرتی ڕایەك لەڕاکاندا کە ئێمە پێی قایل نەبووین، و ڕێبازێك ڕەتمان کردبۆوە و لە کۆتایی کاردا گەر بۆی بچین، هیچ لاریەك لەوەدا نییە لەگێڕانەوەی وتەیەك باسمان کردبێت، ئەوەشمان ڕەتکردووەتەوە لەوەی قسەیەکمان لەسەری هەبێت.**

**بەڵکو ئێمە بڕیارمان لەدژی ئەوە دەرکردووە بە هێڵێکی ڕاست، ئێمەش گومانمان لەوەدانییە ئیسلام یەکەیەکی ئایینیە، و موسوڵمانان هەروەکو هەن یەك کۆمەڵن، و پێغەمبەریش (د.خ) بانگەوازی بۆ یەکبوونکردووە و بەکردەوەش تەواویکردووە پێش لەدنیا دەرچوونی، وە (د.خ) لەسەروی ئەو یەکە ئایینیەوە بووە وەکو تاکە پێشەوا و چاکترین ڕێکخەر، گەورەیەك بووە کە هەرگیز لە فەرمانەکانیدا کەس هەڵنەگەڕاوەتەوە و سەرپێچی قسەکانی نەکراوە. لەڕێگای ئەم یەکە ئیسلامییەدا (د.خ) کۆششیکردووە بەزمان و بەددانی (واتە بەکردار و بەگوفتار)، سەرکەوتنی خوایی بۆ هاتووە لەگەڵ دەست بەسەراگرتن و فریشتەکانی خوا پشتیانگرتووە و هێزی خواوەند هەتاوەکو پەیامەکەی ڕاگەیاندووە ئەوەی پێی سپێردراوە گەیاندوویەتیە شوێنی مەبەست.**

**وتومانە: ئەوە نەتترسێنێ ئەوەی جاروبار لە ژیانی پێغەمبەردا (د.خ) دەیبینی وابێتە پێشچاوت کە کاروباری فەرمانڕەوایەتیە و ڕواڵەتی پاشایەتی و دەوڵەتە، ئەگەر تۆ هەڵوەستەیەك بکەیت ئەوە بەو شێوەیە نابینیت، بەڵکو ئەوە هیچ شتێك نەبووە جگە لە ئامرازێك لە ئامرازەکان کە (د.خ) پەنای بۆ بردووە بۆ دامەزراندن و ئەستوورکردنی ئایین و پشتگیریەك بۆ بانگەوازەکەی. جێی سەرسوڕمان نییە کۆشش لەڕێگای خوادا ئامرازێك بووە لەو ئامرازانە، ئەوەش ئامرازێکی توندوتیژ و کاریگەرە، بەڵام تۆ چوزانیت کردنی خراپە پێویستە بۆ چاکە لەهەندێك کاتدا، وە لەوانەیە تێکدان پێویست بێت بۆ ئەوەی ئاوەدانی تەواوبکرێت □ تاد.**

**لەکۆتاییدا ئەو ڕستەیە پێویستمان پێی نییە و لەگەڵماندا نییە، پەرتوکەکەی ئێمە بەرگەی ناگرێت و واشی دانانێت، ئەوەش ڕای ئێمە نییە، ئێمەش لێی بێبەرین سوپاس بۆ خواوەند.**

3-سیستةمی فةرمانرِةوایی لةسةردةمی ثێغةمبةردا (د.خ) یةكێك بووة لة بابةتة نادیار و شارراوة و دذ بةیةك و كةموكورت، ثێویست بة سةرسورمان دةكات:

**ئێمە هەرگیز نەمان وتووە: لە سیستەمی فەرمانڕەوایی سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) بابەتی نادیار و شاراوە و □ تاد. ئێمە بێبەرین و بێتاوانین لەو بیروبۆچوونە. ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ پەرتوکەکەمان دەبینێت ئێمە وتومانە: ئەوا شتێك هەیە بۆ بینەر وادەردەکەوێت وەکو نادیار و دژبەیەك و کەموکورتی دەردەکەوێت، ئەگەر بتەوێت بەشێکی، لە دروستکردنی فەرمانڕەوایەتی لەڕۆژانی پێغەمبەردا (د.خ)، ئەوا ئەوەمان ووتووە لە ڕێگای ڕەخنەگرتنەوە و داواکردن بەوەڵامدانەوە بۆی.**

**ئەوەش ڕەخنەیە ئاراستەی ئەوانەی دەکەین کە دەیانەوێت بۆ ئەوە بڕۆن و ئەوە بڵێن کە پێغەمبەر (د.خ) خاوەنی فەرمانڕەواییەکی ڕامیاری بووە و دامەزرێنەری دەوڵەتێکە، ڕەخنەگرتن نابێتە ڕەخنە هەتاوەکو ئەگەر شتێکی قەدەغەی تێدابێت کە دەبێت بدرێت بەدەستەوە. کەواتە ئێمە دەڵێین بەخاوەنی ئەو بیروڕایە: لەپێشەوە قەدەغەیەك هەیە دەبێ خۆتی لێڕزگار بکەیت، لەسەرت پێویستە بۆمانی ڕوون بکەیتەوە ئەوەی لەوە دەچێت کەموکوڕی و نەزانراوی □ تاد، چۆن دروست بووە؟ ئەو نهێنیە چییە تێیدا؟ چۆن بۆت هەیە خۆتی لێڕزگار بکەیت؟**

**ئێمە پاش ئەوەی ئەو ڕەخنەیەمان ئاراستە کردی لێی بێدەنگ نەبووین، بەڵکو پاش ئاراستەکردنی ڕاستەوخۆ لە وەڵامدانەوەکەیشمان وەرگرتەوە وتمان: لەوانەیە ئەوانە ئەگەر پرسیاریان لێبکرێت دەربارەی ئەو نهێنیە ئەوەی کە وەکو کەموکورتی دەردەکەوێت لەیاساکانی فەرمانڕەوایەتیدا و نەزانینێك لەبنەماکانیدا هەیە، لەوانەیە خۆیان لەقەرەی وەڵامێك بدەن یەکێك لەو پلانەیە کە ئێستا وەری دەگرین لە دەرخستنیدا.**

**پاشان دەچین دوای ئەوەی ئەو پلانانە دەخەینەڕوو یەك بەدوای یەکدا، قسە و باسی لەسەر دەکەین پلان لەدوای پلان، لێکۆڵینەوە لەوەدا گەورەترین بەشەکانی پەرتوکەکەی پڕکردۆتەوە، ئەو لێکۆڵینەوەیە وازی لەوە نەهێناوە هەتاوەکو پاش ئەوەی کۆتایی هێنا بەوەی ڕێبازێك هەڵبژێرێت بۆ وەڵامدانەوە و بۆ خودی خۆشمان بەوە قایل بووین، واشمان بەبیردا هات ئەوە ئەو ڕەخنەیە لادەبات و دەیخاتە لاوە. لەوکاتەدا کۆتاییمان بەو لێکۆڵینەوەیەمان هێنا بەم وشانە: لەوانەیە ئێستا ئەوەت بۆ ڕوون بووبێتەوە کە پێشتر پرسیارت لەبارەیەوە دەکرد لەوەی کە سەردەمی پێغەمبەرایەتی بێبەش بووە لە ڕووالەتەکانی فەرمانڕەوایەتی و مەبەستەکانی دەوڵەت، و چۆن ئەوکاتە لەوێدا ڕێکخستنی فەرمانڕەوایەتی نەبووە وەهەروەها هیچ شتێك دەربارەی لێپرسراوان و دادوەران و نوسینگەکان □ تاد، لەوانەیە تاریکایی ئەو سەرسوڕمانەی هاتۆتە ڕێگات ڕووناکی تێدا بەدی نەکراوە و ئاگر لەسەرت سارد و بێوەی بووە.**

**ئەوە بێ هیچ پێچ و پەنایەکە ئێمە دەڵێین سیستەمی فەرمانڕەوایەتی لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) بابەتێکی نادیار و نەزانراو و دژبەیەك و کەموکورتی بووە و سەرسوڕمانی پێویست بووە.**

**ئەوەی باشە تێبینی بکەیت لەم کاتەدا هەروەکو وتمان ئێمە ئەو قسەیەمان بۆ ڕەخنەگرتن بووە. هەروەها لەکاتی وەڵامدانەوەشیدا ئەوەمان خستەڕوو کە دووڕێگا هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی فەرمانڕەوایەتی لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) هەموو پێویستیەکانی فەرمانڕەوایەتی لەخۆ گرتبوو لە کار و کارمەندان، و یاسای ڕێکوپێك، و بنەمای دیاریکراو، و ئامۆژگاری باسکراو بەدووورودرێژی کە بوواری تازەکاری نەهێشتۆتەوە پاش خۆی، هەروەها خستنەسەر بۆ ئەوەی بیەوێت بیخاتەسەری و شتێکی بۆ زیاد بکات □ هیچ شتێك ئەوەمان لێقەدەغە ناکات وا بیربکەینەوە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) زۆر تۆکمە و پتەو بووە، هەموو ڕواڵەتەکانی**

تــەواوی لــەخۆگرتبوو لــەوەی فەرمانڕەوایەتیــەك پێویســتی پێبکــات کاتێــك پێغەمبــەرێك لەلایــەن خواوەنــدەوە دەیبردبەڕێوە و جێبەجێیدەکرد، و سروش پشتگیریدەکرد، و فریشتەکانی خواوەند لەپشتیەوە بوون □ تاکۆتایی.

لێرەدا ڕوون بووەوە کە ئێمە ناڵێین سیستەمی فەرمانڕەوایی لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) بابەتێکی نادیار و نەزانراو و دژبەیەك و کەموکورت بووە، و پێویستی بەسەرسوڕمان بووە.

4- کــاری طرنطــی ثێغەمبــةر (د.خ) راطةیانــدنی ثــةیرةوثرؤطرامی ئیســلام بــووة و بێبــةری بــووة لــة فةرمانرةوایةتیکردن و جێبةجێکردن:

ئێمە بڕیارماندا بەبێ پێچ و پەنا کە هیچ خۆلادانێکی تێدا نییە: دەسەلاتی پێغەمبەر (د.خ)، بەپێی پەیامەکەی، دەسەلاتدارێتیەکی گشتی بووە، فەرمانەکانی لەناو موسوڵمانەکاندا، گوێڕایەڵی لێکراوە، و فەرمانڕەوایەتیەکەی گشتگیربووە، هیچ شتێك نییە دەستی فەرمانڕەوا یەتی نەگەیشتبێتێ و دەسەلاتی پێغەمبەر نەیگرتبێتەخۆ و لەژێر دەسەلاتیدا نەبووبێت، وەهیچ جۆرێك لەوەی تۆ بۆی دەچیت لە سەرۆکایەتی و دەسەلات نییە لەناو و لەژێر لێپرسراوێتی پێغەمبەردا (د.خ) نەبووبێت.

بەبێ پێچ و پەنا بڕیارمانداوە و هیچ خۆلادانێکی تێدانییە: پلەوپایەی پەیامی پێغەمبەرایەتی پێویستدەکات لەسەر خاوەنەکەی دەسەلاتێکی بلاوتر لەوەی لەنێوان فەرمانڕەوا و فەرمانبەردارەکانیدایە، بەڵکو فراوانتر لەوەی لەنێوان باوك و کوڕەکانیدایە. لەوانەیە پێغەمبەر ڕامیاری گەلەکەی بگرێتە دەست هەروەکو چۆن پاشاکان دەیگرنە دەست، بەلام بۆ پێغەمبەرە یەکتایی فەرمانبەرێتیەکەی کە هیچ هاوەڵێکی نییە تێیدا □ بۆی هەیە چاودێریکردنی ئەوەی دەردەخرێت و ئەوەی دەشاردرێتەوە و کاروباری لەش و گیان، و پەیوەندیەکانمان بە زەوی و ئاسمانەوە، ڕامیاری ژیانی ئەم ژیانە و ڕۆژی دوایی بۆ ئەوە.

بڕیارمان داوە بەبێ پێچ و پەنا و هیچ خۆلادانێکی تێدانییە لەوەی پێشتر باسمانکرد: پێغەمبەر (د.خ) بانگەوازی کردووە بۆ یەکەیەکی ئایینی، تەواویشی کردووە بەکردەوە پێش ئەوەی لەدنیا دەربچێت، و تێکۆشاوە لەپێناویدا بەکردار و بەگوفتار □ تاد.

وتمان، ئەوەی دەیەوێت ئەو یەکە ئایینیە ناوبنێت دەوڵەت، و بانگەوازی دەسەلاتدارێتی پێغەمبەر (د.خ) بکات، ئەو دەسەلاتدارێتیەی پێغەمبەرایەتی ڕەها، وەکو پاشا و جێنشین، و پێغەمبەر بەپاشایەك یان جێنشینێك یان دەسەلاتدارێك □ تاد، ئەوا ئەوە لە شیکارێکدایە ئەگەر بکرێت ئەوا ئەوانە جگە لەچەند ناوێك کە پێویست ناکات لەلایدا بووەستیت هیچیتر نییە.

ڕوونمان کردبووەوە پێغەمبەر (د.خ) دەست دەگرێت بەسەر ئەو هەموو دەسەلاتەدا لەڕێگەی هێزی داراییەوە نا وەنە بەملکەچکردنی لەش، هەروەکو ئەوەی چۆن کاری پاشاکان و فەرمانڕەواکانە بەڵکو لەڕێگای باوەڕپێکردنەوە بەباوەڕێکی دڵ و دەروونی و ملکەچبوون بۆی بە ملکەچیەکی دەروونی ڕاستگۆیانە، و خۆبەدەستەوەدانی لە هەموو کاروبارەکانی ژیان و کاروباری ئەم جیهانە و ژیانی کۆتایی.

ئەوەش واتای قسەکانمانە: لێپرسراوێتی پێغەمبەر بەسەر گەلەکەیەوە لێپرسراوێتیەکی گیانی و دەروونی بووە، سەرچاوەکەی باوەڕی دڵ بووە و ملکەچیەکەی ملکەچیەکی ڕاست و تەواو بووە بەشوێنیدا ملکەچی لەش بووە، لێپرسراوێتی فەرمانڕەوا لێپرسراوێتیەکی بەرجەستەیە پشت دەبەستێت بە ملکەچکردنی لەش بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی بە دڵەکانەوە هەبێت.

لەوانەیە لەجیهانـدا نەبێت، لە کۆندا و لە ئێستادا، لەڕابردوو و داهاتوودا، جۆرێك لە فەرمانڕەوایەتی و

**جێبەجێکردن بەهێزتربێت لەوەی دانمان پێداناوە بۆ پێغەمبەر (د.خ)، وتمان ئەوەشی بۆ ڕاگیرکراوە لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوایە، ئەوەش بەبێ پێچ و پەنایە لەوەدا کاری گرنگی پەیامی پێغەمبەرایەتی، ئەگەر ویستت بڵێ: کاری گرنگی ڕاگەیاندنی خواوەند بۆ خەڵك، واپێویست دەکات بۆ خاوەنەکەی، هەروەکو وتمان: دەسەڵاتێکی فراوانتر لەوەی لەنێوان فەرمانڕەوا و گەلەکەیدا هەیە، بەڵکو فراوانتر لەوەی لەنێوان باوك و کوڕدا هەیە. لەوانەیە پێغەمبەر ڕامیاری گەلەکەی بگرێتە دەست هەروەکو چۆن پاشاکان دەیگرنە دەست، بەڵام بۆ پێغەمبەرە تەنیایی فەرمانداریێتی کە هیچ هاوەڵێکی نییە تیایدا، هەروەها لەئەرکەکانیەتی پەیوەندی بکات بە گیانەکانەوە لە لەشەکاندا هەیە، بۆی هەیە کاری ئاشکرا لەڕامیاری گشتیدا، هەروەها لەکاری شاراوە، لەجێبەجێکردنی ئەو پەیوەندیەی لەنێوان هاوەڵێك و هاوەڵێکی تردا هەیە، هاوپەیمانێك و هاوپەیمانێکی تردا، خاوەندار و بەندەکەیدا، باوك و کوڕەکەی، بۆ ڕێکخستنی ئەو پەیوەندیانەی کە کەس دەرکی پێناکات جگە لەوەی بۆی ڕەوایە و ئەوەی پێیڕەوا دەبینرێ، بۆی هەیە چاودێریکردنی ئاشکرا و شاردراوە، ڕێکخستنی کاروبارەکانی لەش و گیان، پەیوەندیە زەمینیەکان و ئاسمانیەکانمان، بۆی هەیە ڕامیاری جیهان و ڕۆژی دوایی  تاد.**

**ئەوە کێیە ئەوە قسەی بێ پێچ و پەنای بێت، بڕوای ڕوون و ئاشکرای بێت، ناکرێت و ڕەوانییە تاوانبار بکرێت بەوەی وتویەتی: کاری گرنگی پێغەمبەر (د.خ) تەنیا بانگەوازی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام بووە بێبەری لە فەرمانڕەوایەتی و جێبەجێکردن.**

**بەڵام ئەگەر بیانەوێت واتایەکیتر ببەخشن بە فەرمانڕەوایەتی و جێبەجێکردن جگەلەوە، ئەگەر ئەوەیان بووێت بەو واتانە ئەوا واتای ئەو دەسەڵاتە ڕامیاریە شارستانیە، کەئەوە لە بیروڕای ئێمەدا لە تایبەتمەندیەکانی پاشایەتیە و ڕواڵەتەکانی فەرمانڕەوایەتییە ڕامیارییەکانە، ئەوە گومانی تێدانییە لەلامان پێغەمبەر (د.خ) هیچ کاتێك پاشایەك نەبووە بەو واتایە، کاری گرنگی ئەو بێبەری بووە لە فەرمانڕەوایەتی و جێبەجێکردن لەو ڕووەوە.**

5-رةتكردنةوةى كؤى دةنطى هاوةلآنىثيَغةمبةر لةسةر ثيَويست بوونى ثيَشةوا، لةسةر ئةوةى هةردةبيَت طةل كةسيَك هةبيَت هةستيَت بة كاروبارةكانى لة ئايين و ذياندا:

**ئێمە دەبینین ئەوەی بڕیارمان داوە لە پەرتوکەکەدا، لەوەدا یە هەرگیز لەنێوان موسوڵماناندا دانیشتنێك نەبووە، هاوەڵانی پێغەمبەر یان جگەلەوان، بۆ کۆی دەنگ لەسەر ئەوەی پێویستە دانانی پێشەوا (ڕابەری گشتی)، بەو واتایەی زانایانی ئایین دایانڕشتووە بەناو لێنانی جيَنشينى، ئێمەش لێرەدا وابیردەکەینەوە لەوەدا لەڕیزی کۆمەڵێکی کەم نا لەوانەی ڕوودەکەنە ڕووگەی موسوڵمانان دەوەستین، لەگەڵ پێشینانی ئەم گەلە موسوڵمانە و زانایانی چاکی ئایینی، ئەوانەی ناتوانرێت تانە لە ئایینەکەیان بدرێت و نە لەکردەوەکانیان.**

**ئەوەش ڕاست نییە ئێمە کۆی دەنگی هاوەڵانی پێغەمبەر ڕەتدەکینەوە لەسەر ئەوەی هەردەبێت گەلی موسوڵمان کەسێکی هەبێت هەستێت بە کاروبارەکانی ئایینی و ژیانی ڕۆژانەی، بەڵکو ئەوەی بڕیارمان داوە لە پەرتوکەکەدا: ئەوەیە دەبێت گەل ڕێکخراوبێت، بیروباوەڕی هەرچیەك بێت، و لەهەر ڕەگەز و ڕەنگ و زمانێك بێت، فەرمانڕەوایەتیەك هەبێت کاروبارەکانی ببات بەڕێوە، و هەستێت بە ڕێکخستنی فەرمانەکان لەناویاندا  خەڵکی چاك نابن جگە لەپشێوی زیاتر ڕێگایەکیتر نییە بۆیان. لەوانەیە ئەبوبەکر (خ.ل) مەبەستی ئەوە بووە ئاماژە بکات بۆ ئەو ڕایە، لەکاتێکدا لەوتارەکەیدا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد وتی: هەر دەبێت بۆ ئەم ئایینە کەسێك هەبێت پێی هەستێت. لەوانەیە پەرتوکی پیرۆزیش هەندێکجار بەو ڕێبازەدا بڕوات.**

**وتومانـه: لەوکاتـەدا دەکرێـت دەربـارەی موسـوڵمانەکان بوترێـت ئەگـەر وامـان دانـان کۆمـەڵێکی جیـان بەتـەنیا و هـەروەکو گـەلانیتر لەجیهانـدا بـەگشتی، پێویستیـان بـە فەرمانڕەوایەتییـەك هەیـە کـار و فەرمانـەکانیان ڕێکبخـات، و چاودێری کاروبارەکانی ژیانیان بکات. ئەگەر زانایانی ئایین مەبەستیان ئەوەبێت لەپێشەوایەتی (ڕابەری گشتی) یان لە جێنشینی بەو واتایەی کە زانایانی ڕامیاری مەبەستیانە لە فەرمانڕەوایەتیدا ئەوا ڕاستە ئەوەی دەیلێن دەربارەی داب‌ونەریتە ئایینیەکان و چاکسازی گەل دەوەستێت لەسەر جێنشینی بەواتای فەرمانڕەوایەتی لەهەر شێوەیەکدابێت فەرمانڕەوایەتیەکە، بـەڵام ئەگـەر مەبەسـتیان ئـەوەبێت لـە جێنشیـنی ئـەو شـێوە تایبەتیـەی لـە فەرمانڕەوایـەتی کـە دەیزانن، ئەوا بەڵگەیان کورتترە لە داواکاریەکەیان و بەڵگە نەویستەکەیان ڕاوەستاو نییە.**

6-رةتكردنةوةى ئةوةى دادطا كار و ثيشةيةكى ثةيرةوثرؤطرامى ئيسلام نيية:

**ئێمە بڕیارمان داوە: گومـان لـەوەدا نییـە کێشـە و تەنگوچـەڵەمە، لەسـەردەمی پێغەمبـەردا (د.خ) هـەبووە، هەروەکو چۆن هەبووە لەلای عەرەبەکان و جگە لەوان لەپێش هاتنی ئایینی ئیسلامدا. کێشەکان بەرز کراوەنەتەوە بۆ پێغەمبـەر (د.خ) دادوەری تیایانـدا کـردووە. و فەرموویـەتی (د.خ): ئێـوە کێشـەکانتان دێنـن بـۆلام، لەوانەیـە هەنـدێکتان بەڵگـەی ڕاسـتی هەیـە لەهەنـدێکیتر، مـن بـۆ هەرکەسـێك دادوەریمکـرد و مـافی براکـەیم وەرگـرت بـۆی بەقسـەی خـۆی ئەوامـن پارچەیەك لە ئاگری بۆ دەبڕم با ئەو نەیبات.**

**لەمێـژووی ڕاسـتەقینەدا دادوەری پێغەمبـەر (د.خ) لەوانـەی بـۆی بەرزکراونەتـەوە  تـاد  بـەڵام دانـانی دادوەری بـەکارێکی تایبـەت و دیـاریکراو لەفەرمانـەکانی فـەرمانڕەوایی و پلەوپایـەی دەوڵـەت، و دانـانی بـە پلەوپایەیـەك کـە سـیستەمێکی دیـاریکراوی هـەبێت و هەڵسوکـەوتێکی تایبـەت بـەخۆی هـەبێت ئـەوەی ئێمـە بـیری لێدەکەینـەوە، نەیناسیوە، و ڕەتینەکردووەتـەوە و فـەرمانیشی پێنـەکردووە، و قەدەغەشـی نـەکردووە، بـەڵکو وازی لێهێنـاوە بۆمـان تاکو بۆی بگەڕێینەوە لەناو فەرمانەکانی ژیریدا و تاقیکردنەوەکانی گەلان و بنەما ڕامیاریەکان.**

**ئەوانەی ڕۆشتوون بۆ ئـەوەی دادوەری کـار و پیشـەیـەکی پـەیڕەوپرۆگرامی ئیسلامـە و وتویانـە: دادوەری پلانێکـە تایبەتە بە جێنشینەوە و لقێکە لێیجیابووەتەوە و لەناویدایە - مقدمە أبن خلدون ص207.**

**وتویانە: دانانی دادوەر لە پێویستیەکانی دانانی پێشەوایە و ئەرك و پێویستیەك بووە** - بدائع الضـائع فـي ترتيب الشرائع 3/7 - 4.

**فەرمانـەکانی دادگـا لـەلایان لەفـەرمانی جێنشینـەوە یـان پێشـەوای گـەورە (ڕابـەری گشـتی) وەردەگـرێ، ئـەوەی جێنشیـنی ڕەتبکاتــەوە ئــەوا داگاشــی ڕەتکردۆتــەوە، پێشــتر زانیــت ئــەوەی هــاتووە دەربــارەی جێنشیــنی لــە ڕەتکردنەوەیدا، ئـەوا ئـەو ڕەتکردنەوەیـە بـەبێ گومـان دەسـەپێت بەسـەریدا بەهەرچوارلایدا بەهـەمانشێوە. وەبەسـەر دادوەریدا زیاتر لە جێنشینی، لەوەدا هەندێکیان دەگێڕنەوە: پێشەوا** ئةحمةد **لە ڕوونترین گێڕانەوەیدا وای دەبینێت لە پێویستیە بەس بووەکان** (فرض الكفاية) **نییە، و پێویست نییە لەسەر ئەوەی دادەمەزرێت بۆی هەبێت بچێتە ناو کارەکەوە ئەگەر کەسێکی تر جگەلەو دەستنەکەوت - عبدالوهاب الشعراوی ، فی المیزان الکبیر ،** 183/2.

(فرض الكفاية) **ئەو ئەرك و فەرمانەیە لە پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلامدا پێویست دەبێت لەسەر کۆمەڵ بەڵام ئەگەر یەکێك لە موسوڵمانان ئەو ئەرکەی جێبەجێکرد ئەوا لەسەر ئەوانیتر لادەچێت وەکو وتنی (بانگ) لە شوێنێکدا و لەکاتی نوێژەکاندا، ئەگەر نەوترێت ئەوا هەموو موسوڵمانان لەو ناوچەدا قەرزار دەبن، بەڵام ئەگەر یەك کەس هەستا بەو**

**ئەركە ئەوا لەسەرشانی ئەوانیتر لادەچێت.**

7- فەرمانڕەوایەتی ئەبوبەكر و جێنشینە ڕاشدییەكانی دوای ئەو ئایینی نەبوون:

**ئەوەی بڕیارمان داوە: گەورەیی پێغەمبەر (د.خ) هەروەكو وتمان گەورەییەكی ئایینی بووە. و مەبەستمان لەوەی ئایینیە ئەوەیە لەڕێگای پەیامی پێغەمبەرایەتیەوە بۆی هاتووە، لەبەر ئەوە وتمان پاش وشەی ئایینی ئەمە دەقەكەیەتی: لەڕێگای پەیامی پێغەمبەرایەتیەوە هاتووە نەك شتیتر، ئەوەش بێ پێچ و پەنایە لەوەدا گەورەیی ئایینی واتای ئەو گەورەیییە دەدرێتە پاڵ پەیامی پێغەمبەرایەتی و سروش، لەبەرامبەریدا گەورەیی ئایینی، بەو واتایە، گەورەیی جگەلە ئایین، ئەوەیە نادرێتەپاڵ سروش و پەیامی پێغەمبەرایەتی.**

**هەروەها وتمان: سروشتیە و ڕەوایە هەتاوەكو پلەی گونجان دوای پێغەمبەر (د.خ) گەورەیی ئایینی نییە، بەڵام ئەوەی دەكرێت بێت بەبیرتدا بوونی دوای ئەو، ئەوا ئەوە جۆرێكە لەگەورەیی تازە كە پەیوەندی بەپەیامی پێغەمبەرایەتیەوە نییە و لەسەر ئایین ڕانەوەستاوە، كەواتە ئەوە جۆرێكی نائایینیە، ئەگەر گەورەیی نائایینیی بێت ئەوا هیچ شتێكیتر نییە نەكەم نەزۆر لەگەورەیی شارستانی یان ڕامیاری، گەورەیی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتداریێتی، نەك گەورەیی ئایین. بەڵام ئەگەر بەوشەی نائایینی مەبەستێكی تریان بووە و واتایەكی تر جگەلەوەی ڕوون و ئاشكرایە لە پەرتوكەكەدا ئەوا ئەوە شتێكە ئێمە كارمان بەسەریەوە نییە.**

**ئەگەر شتێكیتر مابێتەوە جگەلەوەی باسمانكرد لەوانەیە لەوەبچێت لەكاروباریدا و لەفەرمانی ئەو پەرتوكە و دەقەكانیدا ئەوا ئێمە هیوامان وایە ئەگەر ئێمە پرسیارمان لێكرا لەبارەیەوە بتوانین ڕوونی بكەینەوە، هەتاوەكو ڕواڵەتی گوماناوی نەمێنێتەوە لەو پەرتوكەدا شتێك هەیە بەپێچەوانەی ئاییدیە یان دەقەكانی قورئانی پیرۆزە یان ئەوەی ڕاستە لەفەرموودەكانی پێغەمبەر (د.خ) یان پشتڕاسكراوەتەوە لەوەی دانیشتوون بۆ كۆی دەنگ لەسەری.**

**پەنا دەگرین بەخوای گەورە لەهەموو گوتارێك یان بیروبۆچوونێك یان كارێك پێچەوانەی ئایین بێت یان كۆی دەنگی موسوڵمانان بێت، سوپاس بۆ خواوەندی هەموو جیهانەكان و درودی خواش لەسەر موحەممەد و كەسوكار و هاوەڵانی بێت بەگشتی.**

**شێخ عەلی عەبدوڕازق ئەو وتارەی نووسیوە، ئەوەی ڕوون كردووەتەوە كە یەك بیرۆكەیە، لەهەردوو پەرتوكی (ئیسلام و بنەماكانی فەرمانڕەوایی) و (یاداشنامەكەی) پێی بەرگری لەخۆی كردووە و لە بیروڕاكانی لەبەردەم دەستەی گەورە زانایانی ئەزهەردا، ئەوەی ڕەتكردۆتەوە لەبوونی هیچ پاشگەزبوونەوەیەك یان پەشیمان بوونەوە یەك یان دژبەیەكی لەنێوانیاندا.**

یادشنامەكەی ئیسلام و بنەماكانی فەرمانڕەوایەتی

**هەندێك لەنووسەران وایدادەنێن شتێك ئێمە بۆی چووین لەپەرتوكی (ئیسلام و بنەماكانی فەرمانڕەوایی) ئەوە ڕەتدەكاتەوە هەندێك لەوانەی بڕیارمان دابوو لە یاداشنامەكەماندا كە بەرزمان كردبۆوە بۆ زانا بەڕێزەكان، لەو وتارانەی دوای ئەوە ڕویان داوە لەنێوانماندا:**

**دەڵێن: ئێمە لەپەرتوكەكەدا بۆ ئەوەچووین ئیسلام ئایینێكی گیانی و دەروونیە هیچ پەیڕەوپڕۆگرامێكی تێدانییە بۆ**

کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانە پاشان گەڕاوینەتەوە لەدوای ئەوە بڕیارمان داوە ئیسلام ئایینێکی پەیڕەوپرۆگرام دانەرە.

هەتاوەکو ئێستا زۆربەی خەڵك دەزانن ئێمە ئایین دادەنێین بە گیانی و دەروونی، هیچ کارێکی بە بەرجەستەییەوە (مادیات)ـەوە نییە، و نە بەکاروباری ژیانەوە، وایدادەنێین ئەوە خۆی مەبەستی یەکەمی پەرتوکەکەیە. لەڕاستیدا ئەو ڕێبازە هیچ کاریگەریەکی نییە لەسەر پەرتوکەکە، ئەوەش بیروڕای ئێمە نییە. بەڵام ئەوەی ئێمە وا بیری لێدەکەینەوە ئەوەیە ئیسلام ئایینێکی پەیڕەوپرۆگرام دانەرە و پەیڕەوپرۆگرامەکانی بەڕادەیەکی گەورە خۆی لەقەرەی زۆربەی ڕووالەتەکانی ژیان داوە لەناو گەلاندا.

ئەگەر ئێمە بڕیارماندا ئیسلام ئایینێکی پەیڕەوپرۆگرام دانەرە، هەرگیز بەوە لامان نەداوە لە بیروڕایەك هەمانبووە، و نەگەڕاوینەتەوە لە هەڵوەستەیەك کردبێتمان.

دەڵێن: ئێمە وامان بینیوە، جێنشینی سیستەمێکی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام نییە، دانەنراوە بەواتایەکی پەیڕەوپرۆگرامی ئیسلام لەهیچ سەردەمێك لەسەردەمەکاندا. پاشان پەشیمان بووینەتەوە لەدوای ئەوە وتومانە لە قسەکانی کۆتاییماندا، ئەوەی ئەگەر کۆمەڵی موسوڵمانان وای بەڕەوا دەبینن بەرژەوەندی موسوڵمانان لەوەدابێت فەرمانڕەوایەتی جێنشینی بێت ئەوا جێنشینی لەوکاتەدا دەبێت بەفەرمانڕەوایەتیەکی ڕەوا و گوێڕایەڵی پێویست دەبێت لەوەدا بەپێچەوانەی ئایینەوە نەبێت.

ئەو بیروڕایەمان لەپەرتوکەکەدایە و بڕیارمان داوە، هەتاوەکو ئێستاش وای بۆ دەچین، ئەوەیە هەستان بە داب‌ونەریتی ئایینی، و چاکسازی گەل دەوەستێت لەسەر جێنشینی، بەواتای فەرمانڕەوایەتیەکەی، لەهەر شێوەیەکدا هەبێت، لەهەر ڕەنگێکدابێت، سەربەست بێت یان وابەستە، تاکڕەوانە یان کۆماری، ستەمکاری یان یاسایی، یان پەرلەمانی دیموکراتی، یان سۆشیالیستی یان بەلشەفی.

ئایین موسوڵمانەکانی نەبەستووەتەوە بەجۆرێك لەو جۆرانە، بەڵکو وازی لێهێناوە هەڵبژێرین لەناویاندا تازەترینیان لەوەی ژیری مرۆڤایەتی بەرهەمی هێناوە، تۆکمەترینیان کە تاقیکردنەوەی گەلان لەسەری بەڵگەبێت باشترین بنەمای فەرمانڕەواییە.

ئەوە ڕەت ناکاتەوە وتومانە لە کۆتایی وتارەکەماندا لەوەی کە موسوڵمانان خۆیان بەتەنیا خاوەنی ڕان لەهەڵبژاردنی جۆری فەرمانڕەوایی لەسەری بڕۆن، شێوەی ئەو فەرمانڕەوایەتیەی دەژین لەژێر ویست و ئارەزووەکانیدا، خواوەند نایدا بەسەریاندا هەردەبێت جێنشینێکیان هەبێت، نە ئەوەی دەبێت فەرمانڕەوایەتیەکەیان کۆماری بێت، بەڵکو ئەوان خۆیان ئەوە هەڵدەبژێرن بە ئەوپەڕی ویستی خۆیان، لەسەر ئەوپەڕی بەرژەوەندیان، ئەگەر ڕێککەوتن لەسەر جۆرێك لە فەرمانڕەوایی، و بەچاکیان زانی باشە ئەوا لەلای خواوەندیش باشە.

لەسەر ئەوەش کە ئێمە وا بیردەکەینەوە و بڕیارمان دابێت لە پەرتوکەکەدا لەوەدا کە داکەوتی هەست پێکراو، ژیری پشتگیری دەکات، و مێژوو گەواهی بۆ دەدات لە کۆن و نوێدا، ئەوەیە داب‌ونەریتی خواوەند و ڕواڵەتی ئایینی پیرۆزی ناوەستێت لەسەر ئەوجۆرە فەرمانڕەواییە، کە زانا ئایینیەکان ناوی لێدەنێن جێنشینی، نە لەسەر ئەوانەی کە خەڵك نازناوی جێنشینیان داونەتێ، هەروەها داکەوت ئەوەیە چاکسازی موسوڵمانان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا نەوەستاوە لەسەر شتێك لەو بابەتە، ئێمەش لە ژیانی ڕۆژانەماندا هیچ پێویستیەکمان نییە بەو جێنشینە بۆ کاروبارەکانمان، ئەگەر بمانەوێت زیاتر دەڵێین لەوە، جێنشینی هەتاوەکو ئێستا نەگبەتیەك بووە بۆ سەر ئیسلام و موسوڵمانان سەرچاوەی خراپە و پشێوی بووە.

ئەوەشمان لەلا ئاسان بووە لايەنگرمان زۆر بووە لەو بيروڕايەدا، هەتاوەكو لەنێوان ئەوانەشدا كە بانگەشە بۆ جێنشينى دەكەن، و ئەوانەى كارى بۆ دەكەن جگە لە ميسريەكان، وە ئەوەش د0ئـةنسارى لە گەورە ليژنەى (جێنشينىى هندستان)، لە وتەيەكيدا كە (ئةلئـةهرام) بلاَوى كردووەتەوە دەلَىَ: دەبێت دەستوورێك بۆ جێنشينى دابنرێت، دەبێت بارودۆخى ولآتى ئيسلامى بزانرێت لە ڕوانگەى ئابوورى و زانستى و ئامارەوە تاد، ئەوەى پێشتر وتومە دووبارەى دەكەمەوە، و ئەوەى ئێمە نامانەوێت ناخۆشيەكانى جێنشينيى ڕابردوو بگەڕێتەوە، ئەگەر نا ئەوا باشترە بۆمان كە جێنشينمان نەبێت.

لەكۆتاييدا ئێمە هيواداريين ڕەخنە گرە بەڕێزەكان بزانن ئێمە لە پەرتوكەكەماندا وشەيەكمان نەنووسيووە هەتاوەكو لەپێشيدا زانيومانە ڕوگەكانى كامەيە، ئێمە بەئاگابووين لە هاتن و لە چوونيدا. ئەوەش بيركردنەوەى چەند ساڵێكە، بەكوێرايى چاوى خۆبەزلزانەكان. ئێمە هەرگيز نەترساوين لەوەى بەدوايدا دێت شتێك لەوە هێناومانە و لەناو پەرتوكەكەماندا هاتووە پاش ئەو لێكۆڵينەوەيە، پاشگەز نەبووينەتەوە لەو بيروڕايەى بيرمان لێكردووەتەوە و بڕيارمان لێداوە تێيدا بەتەنيا بۆ هاوار و جوڵە كە هيچ كاريگەريەكيان نييە لەسەر دەسەلآتى ڕاستى و هێزى پاكى و دڵسۆزى بۆ خواوەندى گەورە.

نەشترساوين لە پەرتوكى ئيسلام و بنەماكانى فەرمانڕەوايى لەوەى كە قسەوباسى لەسەر بكرێت و ڕێنيشاندەرى هەستكردن بەڕاستى بێت، وەنە لەو وتوويێژ و ڕاگۆڕينەوەيە كە پاكى و دڵسۆزى تێدابێت. بەڵكو دەترسين لەو ڕايانەى كە لاروێر و نەزۆكن، ڕەخنە گرەكان پەلەى لێدەكەن پێش ئەوەى پەرتوكەكە بخوێننەوە و لێى تێبگەن، ئەوانە بەگوێياندا دەدەين بەقەستى كاردەكەن بۆ شێواندنى پەرتوكەكە و درۆ هەڵدەبەستن بەدەميەوە لە ويستێكى نەخۆشەوە و لە ئارەزوويەكى ڕەتكەرەوە لە فێڵ و ئاژاوە نانەوەدا.

ئەوكاتەى هەستمانكرد لە ئاسۆدا پێشينەى ئەو گەردەلولەى ويستيان هەڵيسێنن لە هەرچوارلاماندا هەوڵماندا تكاى خۆمان پێشكەش بكەين بەخەڵك بۆ ئەوەى پەرتوكەكە بخوێننەوە و لێى تێبگەن، ئەگەر پاش خوێندنەوەى پەرتوكەكە و لێتێگەيشتنى شتێكيان چنگ كەوت ڕەخنەمان لێبگرن لەو ڕايەى بڕيارمان داوە، يان ئەو ڕێبازەى پێيدا ڕۆيشتووين، ئەوا ڕەخنەكانيان لێوەردەگرين، بە ڕەخنەكانيان قايل دەبين بەسوپاسەوە.

ئێستا پاش ئەوەى گەردەلولەكەيان نيشتەوە و ڕەشەباكەيان بێدەنگ بوو پاش هەڵكردنى، يان لەوانەبوو، هيچ شتێكت چنگ ناكەوێت پاش ئەوەى بەسەرمان هات لەو گەردەلولەدا شتێكى تازە بيڵێين بە ڕەخنەگرە بەڕێزەكان و خوێنەرە بەڕێزەكان ئەوەى بۆيان سىَبارە بكەينەوە لەوەى بۆمان دووبارە كردنەوە لە پێشدا: پەرتوكەكەمان بخوێننەوە، پاشان لێى تێبگەن، لە دواييدا ڕەخنەى لێبگرن ئەگەر ويستتان

تەواو :2004/5/10

## سەرچاوەكان

1- المفردات في غريب القرآن .
2- جوهرة التوحيد و شروحها .
3- رسالة التوحيد للشيخ محمد عبده .

4- طوالع الأنوار و شروحها .
5- مقاصد الطالبين .
6- العقائد النفيسة و شروحها .
7- القول المفيد على الرسالة المسماة وسيلة العبد في علم التوحيد للشيخ محمد بخيت .
8- المواقف و شروحها .
9- الرسالة الشمسية في علم المنطق و شروحها .
10- مقدمة أبن خلدون .
11- تأريخ أبي الفداء .
12- الفوائد البهية في تراجم الحنفية .
13- فوات الوفيات .
14- تأريخ التشريع الأسلامي لمحمد بك الخظري .
15- تأريخ الخلفاء .
16- نهاية الأيجاز في سيرة ساكن الحجاز .
17- السيرة النبوية .
18- السيرة الحلبية .
19- تأريخ الطبري .
20- أكتفاء القنوع بما هو مطبوع .
21- البدائع في أصول الشرائع .
22- الفصل في الملل و الأهوا و النحل .
23- كشف الأسرار للبزدوي .
24- أرشاد الفحول الى تحقيق الحق من علم الأصول .
25- تيسير الوصول الى جامع الأصول .
26- العقد الفريد لأبن عبد ربه .
27- ديوان الفرزدق .
28- الأغاني .
29- الكامل للمبرد .
30- الخلافة أو الأمامة العظمى للسيد محمد رشيد رضا .
31- الخلافة و السلطة الأمة تعريب عبد الغني سنى بك .
32- Astudent's History of Philosophy by Arthur Kenyon Roger
33- The Khilafet by Professor Mohammad Barakatullah (maulavie) of Bhopal . India
34- The Khalifate . by Sir Thomas Arnold .
35- غير ما ذكر من كتب التفسير و الحديث و الفقه و الأصول و التوحيد و لأحكام السلطانية و الخطب و المقالات التي ظهر كثير منها في الجرائد العربية و الأنجليزية .